٧

# کوردستان لە سەدەمین ساڵوەگەڕی سیڤەردا

## چۆن گەلێکی جیاواز بوو بە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت


لوقمان ڕادپەی

لە ئینگلیزییەوە: کەمال حەسەنپوور




# کوردستان
# لە سەدەمین ساڵوەگەڕی سیڤەردا
## چۆن گەلێکی جیاواز بوو بە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت

□

**لوقمان ڕادپەی***

**لە ئینگلیزییەوە: کەمال حەسەنپوور**

* لوقمان ڕادپەی، زانستگەی ئێدینبۆرگ، قوتابخانەی یاسا، ئێدینبۆرگ، سکۆتلەند

Nationalities Paper (The Journal of Nationalism and Ethnicity)

ئەم بەرهەمە پێشتر بە شێوەی ئانلاین لە گۆڤاری «پۆلیتیا» بڵاو بووەتەوە

**لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی تیشک**

**٢٠٢٢ی زایینی**

# کوردستان لە سەدەمین ساڵوەگەڕی سیڤەردا

## چۆن گەلێکی جیاواز بوو بە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت

نووسین:
لوقمان ڕادپەی

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
کەمال حەسەنپوور

وێنەی ڕووبەرگ
کۆپی ڕایتی پرۆفیسۆر مایکل ئیزەدییە

١٠٠٠ بەرگ

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی «تیشک»
ژمارە (٧)

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com

سەرجەم مافەکانی ئەم بەرهەمە بۆ گۆڤاری تیشک پارێزراوە.

## پێڕست


پوختە ........ ٧
پێشەكی ........ ٩
كوردستانی پێش سەدەی نۆزدەهەم / سنووری نوێ و ئیمپراتورییە سەربەخۆكان ........ ١٥
لەت كردنی ئەستوونیی كوردستان ........ ١٦
كوردستانی سەدەی بیستەم ........ ١٧
١٩٠٨ تا جەنگی جیهانیی یەكەم ........ ١٨
شۆڕشی توركە لاوەكان (١٩٠٨)؛ داوای خۆبەڕێوەبەریی لەناو ئوممە دا ........ ١٩
جەنگی جیهانیی یەكەم ........ ٢٢
سەردەمێكی نوێی ژیانی سیاسی بە بێ ڕاوێژ / ڕێككەوتنی نهێنی سایكس-پیكۆ-سازۆنۆف (١٩١٦) ........ ٢٣
هێزە هاوپەیمانەكان و كوردستان ........ ٢٦
كۆنفرانسی ئاشتیی پاریس ........ ٣١

دروست کردنی سووریه ............................................................................. ٣٨
پەیماننامــەی ســیڤەر (١٩٢٠): دیاریکردنــی چارەنووســی نەتەوەیــی خەریکی
وەدیهاتن ............................................................................................ ٣٩
ئاوابوونی خۆری کوردستان ......................................................................... ٤٣
دروست کردنی عێراق ........................................................................... ٤٩
پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣): بڕیاری بیانی............................................................ ٥١
ویلایەتی موسڵ ....................................................................................٥٦
دابەشکردنی کوردستان ..........................................................................٦٣
دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .................................................٦٧
ڕەتکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن دەوڵەت-نەتەوە مودێرنەکانەوە...٦٩
دەرەنجام ............................................................................................ ٧٣
سەرچاوەکان............................................................................................ ٧٩

## پوختە

لـە ئاگوسـتی ١٩٢٠، دوای جەنگـی جیهانیـی یەکـەم و پشتڕاسـتکردنەوەی حـەزی هاوپەیمانـان لەمـەڕ مافـە نەتەوەییـەکان بـۆ دیاریکردنـی چارەنـووس، چارەنووسـی سیاسـیی نەتـەوەی کـورد، دەگـەڵ خاکەکـەی، کوردسـتان، لـە مەترسـیدا بـوون. بـە گوێـرەی پەیماننامـەی سـیڤەر، کـورد وەک یەکەیەکـی ئەتنیکـی ـ سیاسـی لـە ڕوانگەی ویلسـۆنییەوە ددانیان پێدانرا، لەگەڵ ئەوەشـدا بیرۆکـەی دیاریکردنـی چارەنـووس، لـە جێبەجێکردن وەک مافی تەواو یاسـایی بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوەیـی شکسـتی هێنـا. لەبەر ئـەو هۆیە، بە دەوڵـەت بوونی کـورد هەڵوەشـێنرایەوە. بـە پێچەوانـە، دیاریکردنـی سـنوورەکانی دەوڵەتـان لـە ئورووپـا زۆربەیـان بـە لەبەرچـاو گرتنـی هێڵـە نەتەوەییـەکان جێبەجـێ کرا.

ئاکامەکـەی بۆتـە فرەچەشـنییەکی لـەرزۆک لە سەرانسـەری ئـەو ناوچانەی کـە جەنـگ کاریگەریـی لەسـەریان هەبـوو، بـە چەنـد شـێوازی دیاریکردنـی چارەنـووس، کـە دەیسـەلمێنێ بـە دەوڵەتبوونـی هێندێـک نەتـەوە لـە ئەوانی دیکـە کەمتـر ڕەوایـی پێـدراوە. کشـانەوەی هێـزە ئیمپراتورییەکان و بـە دوایدا

یەکێتیی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی هەرێمی، ئاکامی سیاسەتی ئیمپریالیستی بوو بۆ داڕشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی. بە پەسەند کردنی دیاریکردنی چارەنووس وەک یەکێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٥ و، بە چەسپاندنی دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی یاسایی لە ١٩٦٦ و بەدوای ئەودا هەڵمەتی هەڵوەشاندنی کۆلۆنیالیزم، دەبێ بڵێین دۆخی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات و بە جۆرێک لە لایەن یاسای مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەو شێوەیە کە جێبەجێ کرا، لەبەرچاو نەگیرا.

# پێشەکی

دیاریکردنی چارەنووس بۆتە هۆی ئاڵوگۆڕی هەرێمیی جیاواز و دابەشکردنی دنیا و هەروەها بۆتە هاندەر و هۆی وروژاندنی سیاسی. بیری ژیان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی هەڵبژێراو لە لایەن خەڵکەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی دووهەم و سێهەمی سەدەی بیستەم، کاتێک ڕێبەرانی دنیا لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لەبەر بوونی پرسەکە، داوایان لێ کرا ئیزن بە گەلانی خاوەن ئەتنیک، زمان، کولتوور و ئایینی هاوبەش بدەن تا بڕیار لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی خۆیان بدەن. مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە تۆوەکەی لە دوای لێک هەڵوەشانی ئیمپراتوریی ئوتریش ـ مەجارستان چێندرا (ستەریۆ ۲۰۱۳، ۱۰)، هاتە ناو پەیماننامە و بڕیارنامە نێونەتەوەییەکانەوە.

تیۆریزانە دێموکراتیکەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوای ئورووپا چەمکی مافی سیاسیی ویلسۆن (وێلان ۱۹۹۴) و «دادپەروەریی» بۆ «سەرجەم گەل و نەتەوەکان»یان وەک دەسپێکی پرۆسەی دێموکراتیک پەسەند کرد. بۆ سەرکۆماری دەوڵەتێکی یەک چەشن، بەشداریی ئازادانەی خەڵک «بۆ هەڵبژاردنی دەوڵەتی

خۆیـان» یـان دەوڵەتێـک کـە نوێنەرایەتییـان بـکا، خۆبەڕێوەبەریـی یان «گەشـە کردنـی سـەربەخۆ» مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس بـوو کـە دەبـوو «پرەنسـیپی هەنگاوێکـی یەکلاکـەرەوە» بـێ کـە بـە گوێرەی ئـەو «دەبـێ خولیـای نەتەوەیی ڕێـزی لـێ بگیرێـت، بەڕێوەبەریـی گـەلان دەبـوو لەمـەولا تەنیـا بـە ڕەزامەندیی خۆیـان بـێ.»[١] لـە کاتی کۆتایـی جەنگی جیهانیی یەکەم، ویلسـۆن هەڵوێسـتی خـۆی گۆڕیبـوو. لـە وتاری چـوارده و چـوار خاڵەکانیـدا (جانیـواری و فێبریواری ١٩١٨، بـە نـۆره) لـە بـارەی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس چـوار جـار دووپات کرابـۆوە: (١) مافـی خەڵـک بـۆ هەلبژاردنـی دەوڵەتـی خۆیـان (خاڵـی ٦)، (٢) داڕشـتنەوەی سـنوورەکانی ئورووپـا بـە گوێرەی «هێڵـە نەتەوەییەکان»،[٢] ڕاسـت کردنـەوەی هەرێمیـی «بـۆ بەرژەوەندیـی [نـەوەک ویسـتی] ئەو حەشـیمەتانەیە کـە دەیانگرێتـەوە».[٣] و (٤) ڕێککەوتـن لەسـەر داواکارییـە کۆلۆنیالییـەکان و «بەرژەوەندییەکان،» بۆ دەسـتەبەر کردنی «قورسـایی یەکسـان دەگـەڵ داواکاریی ماقووڵـی دەوڵـەت.»[٤] هەروەهـا، بریتانیـا داڕشـتنەوەی هەرێمیـی بـە گوێـرەی «مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس یـان ڕەزامەندیـی ئەوانـی دەوڵەتیدارییەکـە دەیگرتنـەوە» جێبەجێـی کـردن. (جۆرج ١٩١٨، ١٥). دواتـر ویلسـۆن ئـەوەی لـە ئورووپـا و بەشـە ناتورکەکانـی ئیمپراتـۆری عوسـمانی جێبەجێ کـرد، ئەگەرچی پێشـدا باسـیان لێـوە نەکرابـوو (مانێـلا ٢٠٠٧، ٣٩).

١. پەیامی سەرکۆمار وودرۆو ویلسۆن بۆ کۆنگرە، ١٩١٨/١/٨، شەست و پێنجەمین کۆنگرە، گرووپی تۆمار ۴۶. ویلسۆن بۆ یەکەم جار لە ئەوەی دواتر کەڵکی لە دەستەواژەی بۆلشەڤیکیی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» وەرگرت.

٢. «پەیامی سەرکۆمار وودرۆو ویلسۆن بۆ کۆنگرە، ١٩١٨/١/٨»، ئەنجومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکان، شەست و پێنجەمین کۆنگرە، گرووپی تۆمار ۴۶، خاڵەکانی ٩، ١٠، ١١، ١٢ و ١٣.

٣. بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە پێوەندییە دەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ١٩١٨، پاشکۆی ١، جەنگی جیهانی یەکەم، بەرگی ١، بەڵگەی ٥٩. پرەنسیپی سێهەم: «سێهەم، هەر ڕێککەوتنێکی پێوەندیدار بەو جەنگەوە دەبێ لە بەرژەوەندیی و بە قازانجی ئەو دانیشتووانە بێ کە دەیانگریتەوە و، نابێ تەنیا بەشێک بێ لە ڕاستکردنەوە و سازشی داواکاریی دەوڵەتانی بەرهەڵستکاری یەکتر.» https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1918Supp01v01/d59. (سەردانکردن لە ٢٧ی جوون، ٢٠٢١)

۴. پەیامی سەرکۆمار وودرۆو ویلسۆن بۆ کۆنگرە، ١٩١٨/١/٨، شەست و پێنجەمین کۆنگرە، گرووپی تۆمار ۴۶. خاڵی پێنجەم: «ڕاستکردنەوەیەکی ئازاد، بیرئاوالایانە و بە تەواوی بێلایەنانەی سەرجەم داواکارییە کۆلۆنیالییەکان، بە لەبەرچاو گرتنی سەختگیرانەی ئەو پرەنسیپە کە لە تەواوی بڕیاراتی پێوەندیدار بە سەربەخۆییەوە، بەرژەوەندیی ئەو دانیشتووانە لەبەر چاو بگیرێت کە دەیانگرێتەوە دەبێ قورسایی یەکسان بە داوا ماقووڵەکانی ئەو دەوڵەتە بدرێ کە ناوەکەی دیاری دەکرێ.»

بۆ ویلسۆن، بەکارهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ «ویستی باش پێناسە کراوی نەتەوەیی» ئازاد بوو، و بە نەبوونی «ناتەبایی» یەوە گرێ درابوو. (چوار خاڵ، وتاری ١١ی فێبریواری ١٩١٨). لە ڕوانگەی ناوبراو، ئەوە تەنیا بۆ ئوروپاییان بوو نەوەک بۆ میسریان، هیندوستانیان، چینییان و کۆرەیی و کوردان (مانێلا ٢٠٠٧، ٥٢). ئەوە بۆ شیکردنەوەی چەمکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یارمەتیدەرە. لە وتارەکەیدا لە ١١ی فێبریواری ١٩١٨ لەبارەی ئاشتی دوای جەنگ، ویلسۆن لەجیات ڕەزامەندیی ئەوانی بەڕێوە دەبرێن (کە لە وتارەکانی پێشوودا کەڵکی لێ وەرگرتبوو) کەڵکی لە دەستەواژەی پێشتر نەبیسراوی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئایدیۆلۆژی بۆلشەڤیکی، وەرگرت. لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، «مافی دیاریکردنی چارەنووس» (وەرگیراو لە بۆلشەڤیکانەوە، دواتر دیسان پێناسە کراوە و بچووک کراوەتەوە) لەگەڵ «خۆ بەڕیوەبەریی» یان ڕەوایی جەماوەریی یەکسان بووە؛ «مافی هەڵبژاردنی سەربەخۆیی کە لە سایەیدا بژین» (ویلسۆن، ١٩١٦). هاوچەشنیی ئەتنیکی، لە ڕوانگەی ئەوەوە، نابێ لە دارشتنەوەی لەهستان و ئیتالیا لەبەرچاو بگیرێن و ڕێژیمی سەرکوتکەر و دەسەڵاتی کۆلۆنیال دەبێ بە هۆی بەڕێوەبەریی ڕەزامەندانە، خۆبەڕێوەبەریی و چاکسازیی هەنگاو بە هەنگاو لەسەر کار لا ببرێن، نەوەک بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی (مانێلا ٢٠٠٧، ٤٣-٤٢). ئەوەی ویلسۆن بیری لێ دەکردەوە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی بوو (هانوم ٢٠١١، ٣٠). ئەگەرچی بیرۆکە سەرەکییەکە هی لینین بوو، ویلسۆن لە کۆتاییدا شێوەی دیاریکردنی چارەنووسی دارشت.

دۆخی یاسایی کوردان، کە لێکدانەبڕاو بە دەشتی نێوان دواوان و ڕۆژهەڵاتی فەلاتی ئانادۆل دا بڵاو ببوونەوە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناڕوون و لە باشترین دۆخدا پەراوێز خراو سەیر دەکرا. گێڕانەوەی خوارەوە باسی

مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی کـوردان لـە چوارچێـوەی جەنگـی جیهانیـی یەکەم و ئاسـەوارەکانی شـی دەکاتەوە. لە سـەت سـاڵەی ڕێککەوتنی سیڤەر دا، ئـازاد کرانـی بەڵگەنامەکانـی دەوڵەتی بریتانیـا و بەڵگەنامە تورکییـەکان فاکتەرە سیاسـی-قانوونییەکان  کە بوونە هۆی دابەشـکرانی کوردسـتان ئاشـکرا دەکەن. وتارەکـە مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی کوردسـتان لـە ڕێـگای دۆکترینـی یاسـایی ماف، لەمەڕ شـێوەی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ کوردان لـە کۆتایی جەنگی جیهانیـی یەکـەم تـا نێوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم و لەوێشـەوە تا ئەمـڕۆ، باس دەکا. وەک بـاوە، مێژووناسـان و زانایانـی یاسـای نێونەتەوەیـی باسـی ئەوەیـان کـردووە کـە هۆیەکانـی نسـکۆی دیاریکردنی چارەنووسـی کـوردان دەگەڕێتەوە بـۆ نەبوونـی ئەرکداریی پێویسـت لە لایـەن هاوپەیمانانەوە بەرانبـەر بە کوردان، پەرتەوازەیـی خـودی کـوردان و ناڕوونـی سـنوورەکانی کوردسـتان بـە هـۆی ئاڵوگـۆڕە دێموگرافیەکانـەوە. لێـرە،  لـەم نووسـراوەیەدا، ئامانـج ئـەوە بـووە کـە لـە پێشـدا باسـی بەڵگە سـەرەکییەکان بۆ ئـەو بۆچوونـە بکرێ کە لە ڕاسـتیدا، پێویسـتە پاشەکشـەی یەکلاکـەرەوەی هێـزە ئیمپراتورییـەکان دوای جەنـگ و یەکێتیـی نەتـەوەکان، لـە مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس بـۆ دروسـت کردنـی دەوڵەتێکـی تـەواو سـەربەخۆ بـە شـێوەی سـەربەخۆیی سیاسـی، لەبەرچـاو بگیـرێ. لەو ناوچەیە، مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مەبەسـتی «داڕشـتنەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی» پێداچوونـەوەی پێـدا کـرا. ململانـێ بـۆ دەسـەڵات بوو بە خەباتـی کـوردان وەک نەتەوەیەکی دیاریکەری چارەنووسـی خـۆی. بە واتایەکی دیکـە، درامـای سـەربازیی و ئایدیۆلۆژیکـی کێشـەکە و «سیاسـەتەکانی دنیـای ئیمپریالیسـتی» بوونـە بەربەسـتی سـەربەخۆیی کـوردان و دابینکردنـی داوای نەتەوەیـی کـوردان دوای جەنگـی جیهانیی یەکـەم (وایتهاڵ ٢٠١٦). بیجگە لەوە، نەبوونـی یەکگرتوویـی لەنێـو کـورداندا ئاکامـی نادڵنیایی لە سیاسـەتی بریتانیا بەرانبـەر بـەوان بـوو. بۆیـە سـەرەڕای هاواری بـەرز و خاسـبێژیی ئایدیالیسـتی

بۆ پشتگیری لە چەمکەکە پێش کۆتایی کێشەکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆیی کوردان بە شێوەی کاریگەر پووچەڵ کرایەوە. چونکە لێکۆڵینەوەکە کوردستانی گەورە دەگرێتەوە. دەستەواژەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ڕۆژهەڵات لە ئێران)، ڕۆژاوای کوردستان (ڕۆژاوا لە سوریە)، باکووری کوردستان (باکوور لە تورکیە) و باشووری کوردستان (باشوور لە عێراق) لە سەرانسەری ئەو وتارەدا دەستەواژەی جێگای پەسەندن. پاشخانی مێژوویی-یاسایی کورد و کوردستان بە هەڵسەنگاندنی بەردەوامی مافی دیاریکردنی چارەنووس پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ تا بە شێوەیەکی واتادار، تێگەیشتن لە دۆخی سیاسی و یاسایی کوردان کە بووە هۆی ڕێککەوتننامەی سیڤەر، هەتا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم و لەوێوە تا ئەمڕۆ، پێشکەش بکا.

## کوردستانی پێش سەدەی نۆزدەهەم
## سنووری نوێ و ئیمپراتورییە سەربەخۆکان

لە سەدەی شازدەهەم، چیاکان و ناوچەی فەلاتی بەرزی کوردستان لەگەڵ پاکانە حیسابی عوسمانیی سوننی و سەفەویی شیعە، سەقامگیریی بەخۆیەوە دیت. لە ڕوانگەی جوگرافیاییەوە، کوردەکان لە سنووری ئەو دوو ئیمپراتورییە بە لێک هەڵنەبڕاوی، لە پەراوێزی هەر کامیان، دەژیان. ئیمپراتورییە ناوەندگەرایەکەی عوسمانی ڕایەڵەی سوننی لە ڕۆژاوای ئانادۆڵ و تراکیا دامەزراند. لەگەڵ ئەوەشدا، سەفەوییەکان (لە ١٥٠٢ دامەزرا) لە ١٥٠٧ دەستیان بەسەر ناوچە کوردییەکانی دیاربەکر، لە ١٥٠٨ موسڵ و لە ١٥١١ ناوەندی ئانادۆڵ داگرت. ئیمپراتوری عوسمانی، سوڵتان سەلیمی یاووز، لە ٢٣ی ئاگوستی ١٥١٤ لە چاڵدێران (باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەگەڵ سەفەوییان جەنگا و بە سەریاندا سەرکەوت. لە ١٥١٤، کوردەکان ڕێککەوتننامەیەکیان لەگەڵ سوڵتان واژۆ کرد کە ئیمپراتوری عوسمانی ئەرکدار دەکرد «سەربەخۆیی و ئازادیی میرنشینە کوردەکان» بپارێزێ و

«دژی دەستدرێژیی دەرەکی پشتگیریی کوردان بکا». لە بەرانبەردا کورد «لە جەنگەکانی تورکان پشتگیرییان لێ بکەن (مەلا ۲۰۰۵، ۶۵).[۱] سنوورە نوێیەکان لە ڕێککەوتننامەی زەهاو دیاریکران (۱۶۳۹) (مەکداوال ۲۰۰۳، ۲۶-۲۵).

## لەت کردنی ئەستوونیی کوردستان

پاش چەند شەڕ، پەیماننامەی ئاماسیا لە ۲۱ی مارچ، ۱۵۵۵ واژۆ کرا. عوسمانییەکان، سەفەوییەکانیان وەک یەکەیەکی سەربەخۆی ئایینی-سیاسی قبووڵ کرد. پەیماننامەی زەهاو (قەسری شیرین)[۲] پەیماننامەی ئاماسیای پەسەند کرد و جوگرافیای تورک-پارس لە ۱۷ی مای، ۱۶۳۹ دیاریکرا (بارفیلد ۲۰۱۱، ۷۴)، ئەگەرچی هێشتا کۆتایی پێهێنەر نەبوو. هەتا ساڵی ۱۹۱۴ سنوورەکان وەک سنووری نێونەتەوەیی، ئەویش دوای چەند جار دانوستان بە یاوەریی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی و دوولایەنە لە بارەی دەسنیشان کردنی سنوورەکان، دانیان پێدا نەهێنرا (ئاتەش ۲۰۱۹). پەیماننامەی زەهاو خاکی لێک دانەبڕاوی کوردانی بە شێوەی ئەستوونی کردە دوو لەت؛ لە سەتا ۷۰ ی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی (ئیزەدی ۱۹۹۲، ۵۱، ڤان بروینەسەن ۱۹۹۲، ۱۴۴). بەڵام، ڕێککەوتنەکە لەبەر چاوچنۆکیی تورک و فارسان بۆ پەرە پێدان بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان (ئۆباڵانس، ۱۹۹۶، ۳) و سەربەخۆیی ناسەقامگیریان، کە هاندەرەکەی وەفاداریی بگۆڕی کۆمەڵگەکان لە ناویاندا هی کوردەکان بە هۆی سەرهەڵدانەکانیان دژی ناوەند بوو، بە لەرزۆکی مایەوە. کاریگەریی پەیماننامەکە تا کۆتایی سەفەوی لە ۱۷۲۲ درێژەی هەبوو. بەریەککەوتن درێژەی هەبوو، بەڵام ناکۆکییەکانی دواتر بە پەیماننامەی کوردان (۴ی سێپتەمبەر، ۱۷۴۶) کۆتایی پێهات؛ کە

۱. ۱۵ ساڵ دواتر ڕێککەوتننامەکە لە لایەن تورکانەوە پێشێل کرا.
۲. زەهاو (لە کوردیدا) یان زۆهاب.

سنوورەکانی ١٦٣٩ی سەپاندەوە، لە ئاکامدا، یەکەم پەیماننامەی ئەرزەڕۆم (یان ئەرزورۆم، ٢٨ی جولای، ١٨٢٣)، کە لەویدا باسی کوردستان کراوە، کۆتایی بە شەڕەکان هێنا و بووە بناغەدانەری پێوەندیی داهاتوو لە نێوان عوسمانی و پارسییەکان (ئۆشی ٢٠٠٤، ٧٣). دووهەم پەیماننامەی ئەرزەڕۆم لە ١٨٤٧ بە دەستێوەردانی ڕوسیا و بریتانیا، کە سنوورەکانی بە یەکجاریی دەسنیشان کرد و کۆتایی بە شەڕە جارەبەجارەکان هێنا، واژۆ کرا. دوایین پرۆتۆکۆڵەکان لە لایەن پارسەکان و عوسمانییەکان لە ٢٧ی ئۆکتۆبر، ١٩١٤، بۆ دیاریکردنی پانتایی خاکی هەر دوو لا بە شێوەی کۆتایی پێهێنەر واژۆ کران. (ئاتەش ٢٠١٩).

کوردستان لەناو ئیمپراتوریی عوسمانیدا گونجێندرا، کە دەسەڵاتی ڕەهای بەسەردا سەپێنرا و هەر جۆرە بەرهەڵستکاریی دژی سیاسەتە ناوەندگەراکانی کۆتایی پێهێنرا. کوردەکان پێوەندییە توندوتۆڵەکانیان دەگەڵ هاوئەتنیکەکانیان لە ئیمپراتوریی عوسمانی پاراست، هاوکات ئازادیی بەربڵاویان لە سەردەمی قاجاردا پێدرابوو (مەک داواڵ ٢٠٠٣، ٧٦-٦٧). بەڵام، لە ئاکامدا لە سەدەی نۆزدەهەم کوردستان تووشی ئاڵوگۆڕی مەزنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو و دەگەڵ چوونەسەری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی لەناو کوردان و گرووپەکانی دیکەی ناوچەکەدا، هاوکات ئیمپراتورییەکانی عوسمانی و پارس هەرکامیان زۆرتر ناوەندگەرا بوون. هەر دوو ئیمپراتورییەکە بۆ ملکەچ کردنی کوردان و پتەوکردنی سەربەخۆیی خۆیان، کوردستانیان سەرکوت دەکرد.

## کوردستانی سەدەی بیستەم

بە درێژایی مێژوو، دیاریکردنی چارەنووسی ئەتنیکی وەک ئایدیالێکی دێموکراتیک لە باشترین حاڵەتدا دەورێکی ئاشکرای لە دیاریکردنی سنوورەکان و لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا گێڕاوە. پێش جەنگی جیهانیی

یەکـەم، مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس وەک مافێکی ڕەگەزپەرسـتانەی ئێلیتی سـپی پێسـتی ئورووپایـی خـۆی دەنوانـد. بە کـردەوە، ئـەو چەمکـە وەک مافی دیاریکردنـی چارەنووسـی بێگانـان لـە لایـەن هاوپەیمانـان لە جەنگـی جیهانیی یەکـەم بۆ دارِشـتنەوەی جوگرافیای سیاسـیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت کەڵکی لێ وەرگیـرا، بـەو مانایـە کـە هێزەکانـی هاوپەیمـان (هاوپەیمانان) بڕیاریان لەسـەر چارەنووسـی خەڵکـی ناوچەکـە دا. بـەڵام، ئـەوە وردە وردە وەک پرەنسـیپێکی هاووڵاتێتـی بـۆ بـە فەرمـی ناسـینی هێندێـک ناوچـەی دیاریکـراوی ئورووپـا، پـەرەی پێـدرا. واتـە، کارکـردی پرەنسـیپی دیاریکردنـی چارەنـووس بـوو بـە ئامرازێـک بـۆ هێنانـە کایـەی ئاشـتی لـە کاتـی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم و دواتریـش، ئەگەرچـی جێبەجـێ کردنەکـەی زۆر گشـتی، لێـڵ، نایەکسـان و نـاڕوون بـوو. ئـەوە هـەم لـە پێشنووسـە کۆتاییەکـەی پەیماننامـەی ئاشـتیی ڤەرسـای و هەروەهـا ڕێککەوتنـی یەکێتیـی نەتـەوەکان خـۆی دەنوێنـێ (لێـرە بـەولاوە بـە یەکێتـی نـاوی دێ).

## ١٩٠٨ تا جەنگی جیهانیی یەکەم

بە درێژایی چەند سەدە و لە دوای گونجاندنی کوردستان لە ناو ئیمپراتورییەکانی عوسـمانی و پـارس دا، کـوردان بـە شـێوەی جیـاواز هاوکاریـی یەکتریـان کـردووە و دژی دەسـەڵاتی سیاسـی ئـەو ئیمپراتورییانـە بـۆ بەدەسـتەوەگرتنی کۆنترۆڵـی شـوێنی ژیانـی خۆیـان، بەو ئامانجە کـە بتوانن دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتان دامەزرێنن، سـەرهەڵدانیان کردووە. خانەدانـە نارازییەکانی بەدرخان و سـەیدەکانی نەهـری (شـەمدینان) دامەزرێنـەری خولیاکانـی خۆبەڕێوەبەری و جیاییخـوازی کوردسـتان بـۆ چارەسـەر کردنـی پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی سـنوورەکانی عوسـمانیدا بـوون؛ ئەوی پێشـدا بە ڕێبـازی ئایینی و ئـەوی دیکە سـێکولار. شوناسـی ئەتنیکـی یـان نەتەوەیـی لەنـاو کـوردان دا بـاو بـوو، بەڵام

شوناسی کۆمەڵایەتی ئوممە (کومەڵگە یان کولتووری موسڵمانان لەناویاندا هی ئمپراتوری عوسمانیش) لە ناو ئیمپراتوری عوسمانیدا زاڵ بوو. بەڵام، وردە وردە، تورک پەلکێشی پشتگیریی لە ئەتنۆ-ناسیۆنالیزمی توندڕەوی تورکی وەک ئامرازێک بۆ دڵنیابوون لە یەکگرتوویی ئیمپراتورییەکە کران (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ٩٣-٩٠). ئەوە دوای ١٩١٣ گەشەی کرد (ئونگور ٢٠١٢).[١] لە هەمان کاتدا دۆخی کوردانی پارس (کە دواتر بوو بە ئێران) تا ڕادەیەک ئاشتییانە بوو، بە لام، لە ١٨٦٦ هۆزی موکری جووڵانەوەیەکی کورتی خۆبەڕێوەبەرییان دەست پێکرد کە بە مەرگی نەخوازراوی فەرمانڕەوای ناوچەکە کۆتایی پێهات. دواتر، شێخ قازی فەتاح سەرهەڵدانێکی نوێی لە ١٩٠٠ دەست پێکرد بەڵام دەسبەسەر کرا (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٠٣-١٠١).

## شۆڕشی تورکە لاوەکان (١٩٠٨)؛ داوای خۆبەڕێوەبەریی لەناو ئوممەدا

دەگەڵ شورشی تورکە لاوەکان لە جولای ١٩٠٨ بەڵێنی دەوڵەتێکیان دا (قەت جێبەجێ نەکرا) کە نوێنەرایەتی هەموو خەڵک بکا (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ٩٠-٨٧)، زیندوو کردنەوەی یاسای بنەڕەتی سێکولار هی ١٨٧٦ لە لایەن کۆمیتەی یەکێتی و پێشقەچوون ڕاگەیێندرا.[٢] بەڵام ژمارەیەک کورد دەوری گرینگیان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، لە ناویاندا ١٠ نوێنەری پارلمانی عوسمانی و پلەی وەزیر لە دەوڵەت دا. ئەوە یەکسانیی نێوان موسڵمان و ناموسڵمانانی باشتر کرد. لە سیستەمی میللەتدا، ناموسڵمانەکان (زیممی) مافی کەمتر لە موسڵمانانیان هەبوو و دەبوو باج (جیزیە) بدەن (بورگیس ٢٠٠٩). نازناوی ئەتنیکی و نەتەوەیی بەپێی قانوونی ڕێکخراوان هی ئاگوستی ١٩٠٩، قاچاخ بوو. ژمارەیەک یانەی کوردی پاش پەسەندکرانی ئەو قانوونە دامەزران، بەڵام قانوونەکە ئیزنی بە یانەکانی دامەزراو بە گوێرەی نەتەوەیی

١. لە دوای کودەتای بابی عالی (ئونگور ٢٠١٢).
٢. یان کۆمەڵگای یەکێتی عوسمانی

نـەدا تـا لـە سیاسـەت تێوەگلێن. ئیبراهیم پاشـای میللـی چەند حەوتـوو دوای پەسـەند کرانـی یاسـای بنەڕەتـی سـەرهەڵدانی کـرد بـەڵام پاشـان ملکـەچ بـوو (مـەلا ٢٠٠٥، ٩٦) ئـەوە چارەنووسـی سـەرهەڵدانەکانی شـوێنەکانی دیکـەی کوردسـتانیش بوو (کلایـن ١٩٩٦)[١].

چەمکـی ئیسـلامیی ئوممـە، کـە بناخـەی سیسـتەمی میللەتە، بـە چەمکی سـێکولاری دیکـە وەک «نەتـەوە»، «کۆمەڵگـە» (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ٩٦-٩٣) و لێـک جیـا کردنـەوەی نەتەوەیـی جێگۆڕکێی پێکرا. بەڕاسـتی، ئیسـلام، شـەریعەت و ئامانجـی دروسـت کردنـی کۆمەڵگەیـەک بۆ سـەرجەم موسـڵمانان کـە بە هۆی ئایینـەوە لێـک گـرێ درابـوون وەک هەڵمەتێـک دژی هـەر جـۆرە هەوڵـی نـا ئایینـی لـە لایـەن تورکـە لاوەکانـەوە بـۆ دروسـت کردنـی وڵاتێک بـە گوێرەی پێناسـە نەتەوەییـەکان بـوو. بۆیـە، کـورد کـە زۆرینەیـان موسـڵمان بـوون، بـە هـۆی ئـەو سیسـتەمەوە هیـچ بـاڵا دسـتییەکیان بەسـەر ئەوانـی دیکـەدا نەبوو جگـە لـەوە کـە سـەرۆک هۆزەکانیـان مافـی کەمێـک سـەربەخۆییان لـە ژێـر دەسـتی عوسـمانییان‌دا هەبوو. سـەرەڕای ئەوە، ئیسـلام نەبووە هۆی هیچ جۆرە یەکێتییەکـی سیاسـی لـە نێـو کـوردان و ڕێبـەرە ئیسـلامییەکانیان، عولەمـا، و تورکـەکان، بـە هـۆی نەبوونـی لێکدانـەوەی گەردوونیی لە ئێسـلامدا یان بوونی لێکدانـەوەی هاوچەشـن لەنـاو بڕوادارانـی دا، لـە ناویانـدا سـوننی یان شـیعە، و هەڵوێسـتی هـەرکام لەو لایەنانە لەمەڕ باڵادەسـتیی شـێوازی خۆیان (سـولەیمانی ٢٠١٤، ١٩٨-١٥٥). ئـەوە بـووە هـۆی ناسـیۆنالیزمی کێبڕکێـکار کـە هێشـتا ماوە. لێکدانـەوە جیـاوازەکان بوونـە هۆی کەڵـک وەرگرتنی ئەو وڵاتانـەی کورد لێیان دەژیـن، لـە نـاوی سـوورە (بـەش) ی قورئـان بـۆ ڕەواییـدان بە سـەرکوتکردنی کـوردان، بـۆ وێنـە ئەلفەتـح (سـەرەکەوتنەکە) یـان جیهـاد (شـەڕی پیـرۆز) له

١. کلاین ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرهەڵدانی ئیبراهیم میللی پاشا پێوەندییەکی کەمی بە ناسیۆنالیزمەوە هەبووە. ئەو پێوەندیی نزیکی دەگەڵ ڕێژیمی عەبدولڕەحمانی دووهەم پاراستبوو و کاتێک سەرهەڵدانی کرد کە ڕێژیمە شۆڕشگێرە نوێیەکە هەوڵی دابوو حکوومەتی بەسەردا بکا.

لایـەن ڕێژیمـی ئێـران لـە ١٩٨٠، ئەلئەنفـال (دەسـکەوتەکە) لـە هەشـتاکانی زایینـی لـە لایـەن ڕێژیمـی بەعـس لە عێـراق، و ئەتتیـن و زەیتـون (هەنجیر و زەیتـون) یـان ئۆپەراسـیۆنی لقـی زەیتـون لـە لایـەن تورکیـەوە دژی کوردانـی ڕۆژاوا لـە جانیـواری ٢٠١٨.

شـێخە کوردەکانـی موسـڵ، لـە ناویانـدا عەبدولسـەلام بارزانـی، بـۆ جـاری دووهـەم[١] داوایەکیـان لـە ١٠٩٠ پێشکەشـی نیشـتمانپەروەرانی کـورد لـە ئەسـتەمبوڵ کـرد، کە تیایدا پێشـنیاری خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی کوردسـتانیان کردبـوو و داوای «هەڵبژاردنـی زمانـی کـوردی بـۆ مەبەسـتی پـەروەردە و فێـر کـردن، دامەزراندنـی کاربەدەسـتانی کورد؛ [و] پەسـەند کردنی یاسـای شـافعی ...» یـان کردبـوو (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ٩٨). عەبدولـڕەزاق بەدرخـان، بـە مەبەسـتی دروسـت کردنـی نەتـەوەی کورد بـە هۆشـیاریی نەتەوەییەوە (ڕەینۆڵـدز ٢٠١٧، ٣٩)، و مـەلا سـەلیم لـە ١٩١١، دەگـەڵ سـمکۆی شـکاک لـە ورمـێ و شـێخ تەهـا، بـە هەمان شـێوە ڕێبەریـی جووڵانەوەیەکیـان کردبوو. ئـەوان داوای مافی دیاریکردنـی چارەنووسـی کـوردان و مودێلی «نەتەوەی دیکە»یـان کردبوو [وەک خـۆی کۆپـی کـراوە][٢] تـا یەکەیەکـی خۆبەڕێوەبەر لە ژێـر پارێزگاریی ڕوسـیە دامەزرێنـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، پێشـنیارەکەیان لـە لایـەن زۆر لـە کوردانـەوە پشـتیوانی لـێ نەکـرا چونکـە پێیـان وابـوو ڕوسـیە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵـی بۆخۆی دەوێ. جووڵانەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی خەریـک بـوو لـە بەهـاری ١٩١٣ دژی کۆمیتـەی یەکێتـی و پێشـڤەچوون سـەر هەڵـدا، بـەڵام حوسـێن بەدرخـان لە مـای ١٩١٣ کـوژرا (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٠١-٩٩) و، دوای ڕووخانـی ئیمپراتوریـی ڕوسـیە و سـوپای ڕوس، عەبدولـڕەزاق بـە دەسـت هێزەکانـی عوسـمانی لـە کۆتایـی ١٩١٨ لـە سـێدارە درا (ڕەینۆڵـدز ٢٠١٧، ٤١).

١. یەکەمیان لە ١٩٠٧ دوای کۆنفرانسێکی ڕێبەرانی کورد پێشکەش کرابوو. عەبدولسەلام بارزانی لە دێسەمبەری ١٩١٤ لە لایەن پارێزگاری موسڵەوە لە سێدارە درا.

٢. وەزارەتی کاروباری دەرەوە ٦٠٨/٩٥، تەلەگرام، ئەفسەری سیاسی، بەغدا، بۆ [وەزارەتی کاروباری دەرەوە؟]، ١٥ی ئاپریل، ١٩١٩، ژمارە ٤٣٨٠، کە لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٣٠٧).

## جەنگی جیهانیی یەکەم

ئاسەوارەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم قەرار بوو ساتەوەختێکی گونجاو بۆ نەتەوە و کەمینە نەتەوەکان بۆ وەدیهێنانی داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ. بەڵام وەک لە پەیماننامەکانی ئاشتیدا ئاشکرا بوو، لەبەر بەرژەوەندییە سیاسی و کولتوورییەکان جێگۆڕکێی پێکرا؛ وڵات دروستکران و دەستاودەست کران، بێ دان پێدانان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکەکانی. هیچ گشتپرسییەک نەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ناوچە بە بێ دەنگدانی جەماوەری دەسنیشان کران. ئاڵوگۆڕ لە نەخشەی ئورووپا تا ئاستێکی بەرز بە گوێرەی هێڵە نەتەوەییەکان جێبەجێ کرا، بەڵام لە ناوچەی خاوەن تێکەڵاویی ئەتنیکی، دۆخەکە پێچەڵپێچتر بوو. بە گوێرەی دۆخی سنووریی، کۆمەڵگەیەک دەیتوانی وەک گەلێک سەیر بکرێ کە شیاوی بوون بە دەوڵەت بوون یان وەک کەمینەیەک دیاری کرابان کە دەبوو بە گوێرەی پەیمانێک بپارێزرێن. ئاکامەکەی نەبوونی یەک چەشنی و ناتەبایی لە جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. لەو ڕوانگەوە، کوردستان ڕیزپەڕ نەبوو. بە پێچەوانەی عەرەب، جوولەکە و تورکان، کوردەکان پشتگیریيان لە هەوڵی نەتەوەیی-ئەتنیکی بۆ دروست کردنی دەوڵەتی خۆیان دەکرد.

جەنگی جیهانیی یەکەم (١٩١٨-١٩١٤) بناخەدانەری پاکتاوی ئەتنیکی ئەرمەنی، کریستیان، کورد و ئاسۆرییان بوو. دەگەڵ هێرشی ڕوسان، کوردستان بوو بە گۆڕەپانی پێکدادان. جەنگ بوو بە هۆی پێوەندیی کورد و تورک دژی هاوپەیمانان (بریتانیا، فەڕانسە و ڕوسیە). کوردەکان لە دوژمنایەتی تورکان، کە لە لایەن تورکە لاوەکانەوە، بۆ ئاسیمیلە کردن و لەناوبردنی شوناسی ئەوان بەڕێوە دەچوو، ئاگادار نەبوون (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٠٦-١٠٤؛ ئۆباڵانس ١٩٩٦، ١١-١٠؛ ئۆشی ٢٠٠٤، ٢٠١). بەڵام کوردەکان، هیوادار

بوون بە ئامانجەکانیان بگەن. لە جولای ١٩١٦، سوپای تورک بەشێک لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گەمارۆ دا، بەڵام ڕوسەکان لە مارچی ١٩١٧ سەرکەوتن، تەنیا بۆ ئەوە کە بە هۆی شۆڕشی بۆلشەڤیکی لە ئۆکتۆبری ئەوساڵەدا پاشەکشە بکەن. کێشەکە لە دێسەمبەر بە ئاگربڕ لە نێوان بۆلشەڤیک و تورکان دا کۆتایی پێهات.

## سەردەمێکی نوێی ژیانی سیاسی بە بێ ڕاوێژ

## ڕێککەوتنی نهێنی سایکس-پیکۆ-سازۆنۆڤ (١٩١٦)

لە کاتی جەنگ دا، پلانەکان بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوری عوسمانی، بێ ئەوەی زۆر گوێ بدەنە ئەو گەلانەی پلانەکان دەیگرتنەوە، دارێژران. پێش کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چارەیەکیان جگە لە قبووڵکردنی سنووره نوێیەکانی مامەڵە لەسەرکراو لە ڕێککەوتنە نهێنییەکەی سایکس-پیکۆ-سازۆنۆڤ (١٦-١٥ی مایی، ١٩١٦) نەبوو (فرۆمکین ٢٠٠١)،[١] بە فەرمی وەک ڕێککەوتنی ئاسیای بچووک ناسراوە. بریتانیا، فەڕانسە و ڕوسیەی تزاری خاکی عوسمانییەکانیان لەت کردبوو: کیلیکیا، لوبنان و سووریە بۆ فەڕانسە؛ عێراق و فەلەستین بۆ بریتانیا؛ ئەستەمبوڵ و کەنداوەکان بۆ ڕوسیە (پالمەر ١٩٩٤، ٢٤٠-٢٣٩)؛ و بەشی باشووری ڕۆژاوای عوسمانی بۆ ئیتالیا. پاش کشانەوە و واز هێنانی ڕوسیە لە داواکانی و بە گوێرەی ڕێککەوتنی ٢٣ی دێسەمبەر، ١٩١٧ لە نێوان فەڕانسە و بریتانیا، کوردستان خرایە سەر «ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیز» (دەستەواژەیەک لە نێوان فەڕانسە و ئینگلیز لەمەڕ چالاکی لە باشووری ڕوسیە کە لە وودوارد و باتلەر دا لە ١٩٤٩ ئاماژەی پێکراوە). دواتر، کاتێک دەوڵەتی ڕۆم ئاگاداری مامەڵەکە بوو، ناوچەی C (باشووری ئانادۆڵ)

١. ئەگەرچی بە گشتی وەک «ڕێککەوتن» باسی لێوە دەکرێ، ئەوە ئاکامی چەند ئاڵوویر لە نێوان وەزیرانی کاروباری دەرەوەی بریتانیا، فەڕانسە و ڕوسیەیە. ئەوە تەنیا «بەڵگەنامە» یان «مامەڵەیەک»ی نهێنی نییە.

درا بە ئیتالیا (ئۆشی ٢٠٠٤، ١٠٨).[١]

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی سایکس ـ پیکۆ ـ سازۆنۆڤ، کە وتووێژە نهێنییەکان بۆی لە دێسەمبەری ١٩١٥ دەستیان پێکردبوو، قەرار بوو کوردستان لە نێوان ناوچەکانی ژێر بەڕێوەبەرایەتیی فەڕانسە (سووریە و لوبنان)، ناوچەکانی ژێر بەڕێوەبەرایەتیی بریتانیا (عێراق و دەوڵەتە عەرەبەکانی دیکە)، ناوچەکانی ژێر بەڕێوەبەرایەتیی ڕوسیە (ئەرمەنستان و ئازەربایجانی ئەمڕۆ) و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارس، دابەش بکرێ. هەر جۆرە ڕاستکردنەوەیەکی سنوورەکان بەبێ ئاماژە بەو حەشیمەتە کرا کە کاریگەریی لە سەریان هەبوو، چونکە مافی دیاریکردنی چارەنووس ببوو بە دروشمێکی بەتاڵ. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەوانبێژییەکەیان، هاوپەیمانان ئامانجی چاکسازیی دێموکڕاتیکی دەوڵەتداریی یان بڕەودان بە مافەکانی کەمینەیان پاشگوێ خست.

چونکە کوردەکان جێگای سەرەنجی سەرەکیی بریتانیا نەبوون، داواکانی گەلی کوردستان بێ وەڵام مانەوە، و ئەگەرچی موسڵ لە ژێر پارێزگاریی فەڕانسە دابوو، بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی بریتانیا موسڵی کردبوو بە جوغزی سەرنج. بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئارنۆڵد تۆینبی پێشنیاری «کوردستانێکی خۆبەڕێوەبەر»ی بە سایکس کرد. بەڵام پلانەکە هەموو کوردستانی نەدەگرتەوە.[٢] ئەو تەنانەت پێشنیاری کرد باکووری کوردستان بخرێتە سەر پارس بەو مەرجە «پارێزگایەکی خۆبەڕێوەبەر بە یارمەتی بێگانە، ڕەنگبێ مەبەستی بریتانیا بووبێ» دروست بکرێ (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١١٨-١١٧). ئەو پێشنیارانە لە لایەن سایکسەوە ڕەت کرانەوە، چونکە ئەو بیرۆکەیەکی دیکەی بۆ دروستکردنی «ئیمارەتێکی سەربەخۆی

١. نوسینگەی بەڵگەنامە گشتییەکان، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ٦٠٨/٨٣ ژمارە ٣/٥١٠٤-٨-٣٤٢، ئاخاوتنی نێوان نوێنەرانی بریتانیا و ئیتالیا لەمەڕ ئاسیای بچووک

٢. وەزارەتی کاروباری دەرەوە ٣٧١/٣٤٠٧، تۆینبی بۆ سایکس، یادداشت، ١٢ی ئوکتۆبر، ١٩١٨.

کـوردی» بـە موسڵیشـەوە هەبـوو،[۱] یـان «کوردسـتانێکی خۆبەڕێوەبـەر، بـێ کەرکـوک، ئاڵتـون کوپـری و هەولێـر [...]، بـەڵام بـە ناوچەکانـی تـا سـیرت و ئەوبـەری تـا ورمـێ و سـاوج بـولاق (مەهابـاد)» (مـەکداواڵ ۲۰۰۳، ۱۱۸). دواتـر، هەوڵـی دا «دەوڵەتێکـی کاتیـی کـوردی» کـە شـێخ مەحمـود بەرزەنجـی دایمەزراندبـوو بـە فەرمـی بناسـێ (ئیـزەدی ۲۰۰۴؛ ئەسـکەندەر ۲۰۰۰)، بـەڵام شـێخ، کـە بـە خـۆی دەگـوت «پاشـای کوردسـتان» (وەک بەرهەڵسـتکارێکی شـا فەیسـەڵی یەکـەم) داوای بەرفراوانتـر کردنـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی کـوردی کـرد تـا سـنە لـە پـارس بگرێتـەوە (جاویـدە ۲۰۰۶، ۱۷۳/۱۷۵). بـەڵام بریتانیـا کـە لـە گۆڕینـی سـنووری پـارس بـە گومـان بـوو، پێشـنیاری «کوردسـتانی یەکگرتـوو»ی ڕەت کـردەوە.[۲]

ڕێککەوتنـە پێشـتر ڕاگەیەنراوەکـەی نێـوان بریتانیـا و فەڕانسـە لە سـووریە داوای دامەزراندنــی دەوڵەتانــی نەتەوەیــی و بەڕێوەبەرایەتــی پێشــبینیکراو لــە کەڵکــی ئازادانــە لــە دەسپێشــخەریی و ویســتی خەڵکــی نیشــتەجێی ئەوێندەرێـی کـرد لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـچ ئاماژەیـەک بـە مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی کـوردان نەکرابـوو. لـە هەمـان کاتـدا، سـمایل ئاغـای سـمکۆی فیدراسـیۆنی هـۆزی شـکاک (کوهی-کەمالـی ۲۰۰۳، ۸۸-۶۶)[۳] چـوار سـاڵ پێشـتر (ڕۆمانـۆ ۲۰۰۶، ۲۲۲) بـە کـردەوە بەشـێک لـە کوردسـتانی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دامەزراندبـوو (مـەکداواڵ ۲۰۰۳، ۱۲۵-۱۱۹).

---

۱. ئەوە لە لایەن پیکۆ ڕاست کرایەوە چونکە «بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی فەڕانسە بوو.» وەزارەتی کاروباری دەرەوە ۶۰۸/۹۵، ڕاپۆرت لەمەڕ دۆخی کوردستان لە یادداشتەکانی وەزیر لە کۆنفرانسی نێوان وەزارەتەکان لە بارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ۱۵ی سێپتەبەر، ۱۹۱۹، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (۲۰۱۵ ئا، ۵۱۹).

۲. تەلەگرام، سەرۆک ئەفسەری سیاسی، بەغدا، بۆ نوسینگەی هیندوستان، ۱۲ی مای، ۱۹۱۹، ژمارە ۵۳۵۴ [وەزارەتی دەرەوە ۶۰۸/۹۵]؛ یادداشتەکانی وەزارەتی دەرەوە، ۲۶ی مای، ۱۹۱۹ لە بارەی داهاتووی کوردستان [وەزارەتی دەرەوە، ۶۰۸/۹۵]، نامە، بەڕێز لویس ماڵەت بۆ بەڕێز بالفور، لەندەن، بۆ لۆرد کارزۆن [وەزیری دەروەی کاربەڕێکار]، ۲۷ی مای، ۱۹۱۹، ژمارە ۸۲۱ [وەزارەتی دەرەوە ۶۰۸/۹۵]؛ و ئاگادار کردنەوە لە لایەن بەشی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی هیندوستان، لەبارەی «نێوان دوواوان:پێوەندییەکانی بریتانیا دەگەڵ کوردستان،» ۲۷ی ئاگوست، ۱۹۱۹، [وەزارەتی دەرەوە ۶۰۸/۹۵]، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (۲۰۱۵ ئا، ۳۳۳، ۳۵۴، ۳۵۷، ۵۰۸).

۳. بۆ زانیاریی وردتر لەبارەی سەرهەڵدانەکەی، بڕوانە کوهی-کەمالی، بەشی ۳.

## هێزە هاوپەیمانەکان و کوردستان

بریتانیا و ڕوسیە، بە دەوڵەتی سۆڤیەتی دوای شۆڕشیشەوە، بە گوێرەی ڕێککەوتنی ١٩٠٧ لە پارس حزووریان هەبوو و سوپای سووری ڕووسیە پشتگیری لە سەرهەڵدانێک لە باکوور کرد. لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیەدا بوو، سمکۆ دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ٢١٦-٢١٤) و بە ئەرکی خۆی دەزانی کە «سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێ.»[١]

دوای ڕێککەوتن لەسەر ئاگربڕ لەگەڵ تورکە عوسمانییەکان، بریتانیا لە ٢٥ی ئۆکتۆبر کەرکوکی داگیر کرد، خانەقین و سلێمانی لە دێسەمبەر و، موسڵ لە ٣ی نۆڤەمبەر (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٠٩-١٠٦؛ عەتارۆدی ٢٠٠٣، ٥٥-٥٢؛ ئێدمۆندز ١٩٥٧). وێدەچێ کاتی جێبەجێ کردنی ئەو کارە لەبەر وەدرەنگی کەوتنی گەیشتنی هەواڵەکە بە لایەنەکانی شەڕ و کۆی مەرجەکانی ئاگربڕەکە بێ. بێجگە لەوە، بڕگەی ٧ی ئاگربڕەکە ئیزنی دابوو بە هاوپەیمانان تا خاڵە ستراتیژیکەکان بۆ ئاسایشی خۆیان داگیر بکەن. ئەو گێڕانەوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە بریتانیا پێشتر پلانێکی بۆ جیا کردنەوەی باشووری کوردستان (دواتر عێراق)، بە هۆی گرینگیی ئابووری، واتە نەوت، و هەر وەها پێوەندی لەگەڵ هیندوستان، لە باقی ناوچە کوردییەکان هەبوو. لە ناو دەوڵەتی بریتانیادا، بۆچوونە تاکە کەسییەکان و کێشمەکێشی بیرۆکراتیک لە نێوان وەزیری کاروباری هیندوستان، وەزارەتی جەنگ، وەزارەتی هیندوستان و وەزارەتی کاروباری دەرەوە دارشتنی سیاسەتیان ئاڵۆز کرد. بەڵام دیاریکردنی چارەنووس قەت لە ئاجێندای بریتانیا دا گرینگی پێنەدرا. سیاسەت بەرانبەر بە کوردان و خاکی کوردستان ناکۆک و لە پەراوێز دا مایەوە. بە ڕێککەوتنی ئاگربڕی مودرۆس لە ٣٠ ئۆکتۆبر، ١٩١٨، جەنگی جیهانیی یەکەم کۆتایی هات و ئیمپراتوری خۆ بەدەستەوەدەری عوسمانی چاوەڕوانی

١. یادداشتێک بە ناوی «کوردستان،» ١٠ی فێبریواری، ١٩١٩، ئاماژە بە کۆکراوەی هەواڵگریی ژمارە ٢٩١ هی ١٥ی جانیواری، ١٩١٩ [ئەیر ٢٠/٥١٢]، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٢٦٤).

دابەشـکرانی خاکەکەی بە دەسـت هێزە سـەرکەوتووەکانەوە بـوو (یادیرگی ٢٠١٧، ١٦١). ئەگەرچـی پێشـڤەچوونەکانی سیاسـی لـە سـەرەتاکانی ١٩١٩ کوردانـی لێـک بـڵاو کردبـوو، ئـەوان درێژەیـان بە خرۆشـان بۆ «سـەربەخۆیی تـەواو، بێ دەسـتێوەردانی دەرەکـی»دا.[١] بـە داگیرکرانـی بەشـێک لـە ئانـادۆڵ لـە لایـەن ئیتالیـا و یونانـەوە لـە مـای ١٩١٩ و هەڕەشـەی دروسـت بوونـی دەوڵەتێکـی کریسـتیان، کـوردەکان لـە ترسـی لەکیسـچوونی ئەگـەری خەونی کوردسـتانی سـەربەخۆی خۆیـان و تاوانبـار کـران بـەوە کـە دەیانهـەوێ بە هەر شـێوەیەک بـێ «کوردسـتانی مـەزن» دروسـت بکـەن؛ لـە خولیاکانیـان ناهومێـد بـوون.[٢] لـە ٧ی نۆڤەمبـەر، ١٩١٨، بانگەوازێکی هاوبەشـی ئینگلیزی-فەڕانسـەیی داوای «ئـازادی [یـان ڕزگار کردنـی] تـەواو و یەکجاریـی سـەرجەم ئـەو گەلانـەی کە بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ لەلایـەن تورکانـەوە سـەرکوت کـراون، و دەوڵەتـی سـەربەخۆ و بەڕێوەبەرایەتییـەک کـە دەسـەڵاتی خۆیـان لـە دەسپێشـخەری و ویسـتی [یـان هەڵبژاردنـی] ئـازادی خەڵکی [خۆجێیـی] خۆیانەوە بـێ» کرد.[٣] بـەڵام ئـەوە داوایـەک بـوو کـە قەت بـۆ کـوردان جێبەجـێ نەکرا.

لـە هەمـان کاتـدا، مسـتەفا کەمـال (دواتـر ئاتاتـورک) بەرگرییەکـی بـۆ پاراسـتنی باڵادەسـتی خاکیـی دەوڵەتـی عوسـمانی دژی هـەر شـێوە جووڵانەوەیەکـی جیاییخوازیـی کـوردی بـۆ «دروسـت کردنـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ»ی ڕێکخسـتبوو.[٤] بریتانیـا نەیدەتوانـی کارێـک بـکا تـا کـوردەکان

١. وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٤١٩٢، کالْتروٚپ بۆ وەزارەتی دەرەوە، ١٠ی جولای، ١٩١٩.

٢. هەمان سەرچاوە.

٣. ڕاپۆرتی نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران (١٩٢٠)، «ڕاگەیەنراوی هاوبەشی ئینگلیزی-فەڕانسەیی بۆ ئامانجەکان لە سووریە و نێوان دوواوان ٨ی نۆڤەمبەر، ١٩١٨،» (٥ CXLV) بەرگی ٣٦. نووسراوەکەی ڕاپۆرتە فەرمییەکەی ئەنجومەنی نوێنەران ئاوایە: «ئازادی تەواو و کۆتایی خەڵکانێک کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە لایەن تورکانەوە سەرکوت کراون و دامەزراندنی بەڕیوەبەرایەتی نەتەوەیی کە دەسەڵاتەکانیان لە دەسپێشخەری و هەڵبژاردنی خەڵکە خۆجێیەکانەوە بێ.»

٤. یادداشت، لێکدانەوە لەسەر تەلەگرامی هێزەکانی بریتانیا تا ٢٤ی جولای، ١٩١٩، بنکەی سەرەکی، هێزی سەرپەرشتیکاری نێوان دوواوان، ٢٥ی جولای ١٩١٩. ڕوانگەکانی مستەفا کەمال لە پاریس لە مەڕ داهاتووی کوردستان [ئەیر ٢٠/٥١٢]، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ئا، ٤٧٠).

دژی ئیمپراتورییەکە سەرهەڵدان بکەن، ئەگەرچی کوردەکان لەبەر هەڵوێستە «خائینانەکانیان» لەمەڕ سەربەخۆیی کوردستان هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرابوو. پرۆپاگاندای بەهێزی پان-ئیسلامی و پان-تورکی قەناعەتی بە زۆربەی هۆزە کوردەکان هێنابوو تا پشتیوانی لە کەمالیزم وەک «سۆزداریی بەرانبەر بە عوسمانیان لە دژی هێزە کۆلۆنیالیستەکان» بکەن (سولەیمانی ٢٠١٤، ٢٨٠). بەو شێوەیە، تورکە ناسیۆنالیستەکان تا سەرەتاکانی ١٩٢٠، ئیدیعاکانیان لەبارەی ناوچە کوردی و ناعەرەبەکانیان وەڕاستی گێڕا (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٣١-١٢٦). پشتگیریی لە کەمالیستەکان زۆری نەخایاند چونکە کوردەکان بۆیان ئاشکرا بوو کە تورکەکان ئامانج و بەرنامەی شاراوەیان هەبووە و دژی هەر جۆرە چاکسازییەک دەوەستنەوە. ئەوە بووە هۆی وەرچەرخانێکی مەزن لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا. سەرەڕای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی مەزن، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (لە پارس) وەک کاندیدی دیاریکردنی چارەنووس سەیر نەکران. لە سایەی پەیماننامەی ئینگلیزی-پارسی (واگنەر ٢٠٠٩، ١٨؛ ئۆشی ١٩٩٢)[١]، هەر جۆرە دەرفەتێک بۆ «کوردستانی یەکگرتوو» بنکۆڵ کرا و بەو هۆیەوە دەسەڵاتێکی بەرچاو بەسەر خاک، گومرگ و سامانەکانی نەوتی پارس درا بە بریتانیا. بۆیە، بریتانیا بە سیاسەتە ناتەباکانی لە ناوچەدا، بوو بە هۆی سەرلێشێواویی کوردان.

ولاتە یەکگرتووەکان و بۆلشەڤیکەکان دانیان بە ڕێککەوتنی سایک-پیکۆ-سازۆنۆڤدا دانەنا (تەجەل ٢٠٠٩، ١٤). وودرۆو ویلسۆن ژیانی سیاسی خەڵکە ناتورکەکانی هەڵسەنگاندبوو و لە چواردە خاڵ بۆ ئاشتی جیهانی لە جانیواری ١٩١٨ دا سنوورەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی گۆڕیبوو: «بەشە تورکییەکانی عوسمانی دەبێ پارێزراو بن و لە سەربەخۆییەکی پارێزراو

١. وەفدی بریتانیایی لە پاریس لەمەڕ سیاسەتی بریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست ڕایگەیاند: «مومکین نییە بێ پێشێلکردنی سەربەخۆیی پارس، سەرجەم هۆزە کوردەکان و ناوچەی ژیانیان لە دەوڵەتێکی کوردی دا جێ بکرێنەوە؛ کوردەکان، بێتوو یەکگرتووش بن، ناتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن» (دۆکریل ١٩٩١ب، ١٤٨).

دڵنیـا بکرێنـەوە، بـەڵام نەتەوەکانـی دیکـە کـە ئێسـتا لـە ژێـر بەڕێوەبەرایەتـی تـورک دان دەبـێ لە ئاسایشـی بـێ ئەملاو ئـەولای ژیان و دەرفەتی بێخەوشـی گەشـەکردنی سـەربەخۆیانە دڵنیا بکرێنـەوە.»[١]

لـە نۆڤەمبەری ١٩١٨، بریتانیا و فەڕانسـە، لە بانگەوازێکی هاوبەشـدا، داوای ئـازاد کردنـی تـەواو و یەکجاریـی گەلانـی ژێـر دەسـەڵاتی تـورک لـە ڕێـگای «دەوڵـەت و بەرێوەبەرایەتیـی خۆجێیی»یـان کردبوو. ئـەو پێکهاتانـە قـەرار بـوو «بـە ویسـتی ئـازادی ئـەوان» دامەزرێـن و «بـە گوێـرەی پرەنسـیپی دیاریکردنی چارەنـووس» بڕیاریـان بـۆ بـدرێ. ئـەوان ڕەزامەندییـان دەربـڕی تـا «هاندەریان بـن و یارمەتیـدەری دامەزرانـی» ئـەو پێکهاتانـە بـن.[٢] دەوری ئەوان قـەرار بوو هانـدان و یارمەتیـدان بـە دەوڵەتـە تـازەکان بـێ، نـەوەک دروسـتیان بکـەن. بریتانیـا، لـە کاتێکـدا کـە داگیرکردنـی ناوچـە ئازادکراوەکانـی ڕەت دەکـردەوە، ئیزنـی دا «یـەک یـان چەنـد دەوڵەتـی عـەرەب» دروسـت بـن.[٣] لـە مـای ١٩١٩، یەکـەم پاشەکشـەی لـە ئامانجی دروسـت کردنی دەوڵەتێکی باشـووری کوردسـتان ئاشـکرا کـرد، کاتێک بیرۆکەی دروسـت کردنی پارێـزگای عەرەبیی موسـڵ بە دەوڵەتێکی خۆبەڕێوەبەری کوردییەوە لە سـنووری ئەوێی پێشـکەش کـرد (ویلسـۆن ١٩٣١، ١٤٣؛ مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٦٥)، «بـێ دیاریکردنـی ڕێژیمێکـی تایبـەت.»[٤] ڕێککەوتنێکـی دیکـە لـە نێـوان هاوپەیمانـان ئەوە بوو کـە خەڵکی کوردسـتان بکەنـە سـێ بـەش. بەڕێز ئێـرڵ ریچـاردز پێشـنیاری ڕێگاچارەیەکی بـە دەوڵەتـی بریتانیـا کـرد: «باشـووری کوردسـتان [...] لـە ژێـر پارێزگاریـی بریتانیـا» وەک کـوردی ئـەو ناوچەیـە «مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـیان» بـە

١. «پەیامی سەرکۆمار وودرۆو ویلسۆن بۆ کۆنگرە، ١٩١٨/١/٨،» ئەنجومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کۆنگرەی ـ٦٥ـــەم، گرووپی تۆمار ٤٦. خاڵی دوازدەهەم. هەروەها، بڕوانە (گونتەر ١٩٩٠) و (ویلسۆن ١٩٩٦).

٢. نێوان دوواوان، یادداشتی بەڕێز ئێرڵ ریچاردز بۆ لۆرد کارزۆن، جانیواری ١٩١٩، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٦٧٢).

٣. هەمان سەرچاوە.

٤. وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٥٠٦٧ کۆمیسیۆنەری مەدەنی نووسینگەی هیندوستان، بەغدا، ٤ی فێبریواری ١٩٢٠، وەک لە لایەن مەکداواڵەوە ئاماژەی پێکراوە (٢٠٠٣، ١٦٥).

هەڵبژاردنـی «کۆنفیدراڵییەکـی» جیـاواز بە سەرپەرشـتیاریی بریتانیـا» جێبەجێ دەکرد.[١] لەگەڵ ئەوەشـدا، شـەنوکەو کردنی نوێی ئابووری و کێڵگە نەوتییەکانی کەرکـوک و موسـڵ سیاسـەتی بریتانیـای بەرانبـەر بە کوردسـتان گـۆڕی.[٢] لە مانگـی مـارچ، بریتانیـا ئەسـتەمبوڵی داگیـر کـرد و فەریـد پاشـای دەسنیشـان کـرد، لـە هەمانکاتـدا، مسـتەفا کەمـال لـە ئاپریلـی ١٩١٩ دەوڵەتـی خـۆی بـە نێـوی ئەنجومەنـی بـاڵای نەتەوەیـی لـە ئانگـۆرا [ئانـکارا] دامەزراندبـوو. بریتانیا نوێنەرانـی پاشـای ناچـار کـرد ڕەزامەنـدی لەسـەر مەرجەکانـی ئاشـتی لەمـەڕ خۆبەڕێوەبەریـی کـوردان پەسـەند بکەن (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٣٧). مسـتەفا کەمال دانـی بـە بوونـی کوردان داهێنـا و ئاماژەی بە «هەموو جـۆرە مافێکی، ڕەگەزی، کۆمەڵایەتـی و جوگرافیایـی» بـۆ ئـەوان کـرد «ڕاسـتگۆیانە یـان فێڵبازانـە.» لـە هەمـان کاتـدا، ئـەو جەختـی کـردەوە کـە کـورد و تـورک وەک دوو گـەل بـە هـۆی بەرژەوەندییەکانیـان لەگـەڵ «توخمـی ئیسـلامی» هاوبەش، یـەک دەگرن (بۆزئەرسـلان ١٩٨٨).[٣] بـە ڕاسـتی ئیسـلام بـۆ شـاردنەوەی ئەوانـی دیکـە وەک ئەرمەنـی بـوو. ئـەو بـەردەوام ڕایدەگەیانـد کـە تورک بـوون پێـش پێوەلکاندنی باکـووری کوردسـتان بـە تورکیـەی مودێڕن دەسـتی پێکردبوو (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٨٩). لە ١٣ی جوون، ١٩١٩، جەی ئی شـاکبورگ، کۆمیسـیۆنەرێکی مەدەنی، پێشـنیاری کـرد کـە بریتانیـا دەبـوو بەرپرسـیاری ناوچەکانی خـاوەن زۆرینەی حەشـیمەتی کـورد بگرێتـە ئەسـتۆ[٤]، تـا کـوردان بتوانـن «ئاشـتییانە لـە سـەر هێڵـە شارسـتانییەکان گەشـە بکـەن.[٥]» لـە تەلەگرامێکـدا لە لایەن ئەفسـەری

١. نێوان دوواوان، یادداشتی بەڕێز ئێرڵ بۆ لۆرد کارزۆن، جانیواری ١٩١٩، وەک لە بودەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٦٧٥-٦٧٣).

٢. نێوان دوواوان ڕاپۆرتە جیۆلۆجییەکان (١٩١٩)، IO L/P&S/10/815.

٣. لێدوانەکە لە ١ی مای، ١٩٢٠ دراوە، تۆمارەکانی ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی، وەک لە بوزئەرسلان دا ١٩٨٨ ئاماژەی پێکراوە.

٤. وەزارەتی دەرەوە ٨٠٨٠/٩٥، نێردراو لە لایەن جەی ئی شوکبورگ، نووسینگەی هیندوستان، بۆ جێگری وەزیری دەرەوە، وەزارەتی دەرەوە، ١ی ئاگوست، ١٩١٩، ژمارە پ ١٢٨٤، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٤٩٤).

٥. وەزارەتی دەرەوە، ئاگادار کردنەوە لە لایەن بەشی سیاسی، نووسینگەی هیندوستان، لەمەڕ «نێوان دوواوان: پێوەندییەکانی بریتانیا دەگەڵ کوردستان»، ٢٧ی ئاگوست ١٩١٩، وەک لە بوردەتدا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٠٧).

سیاسی لە بەغدا بۆ وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن لە ٢٩ی ئاگوست، ١٩١٩، سیاسەتی دروست کردنی «دەوڵەتانی خۆبەڕێوەبەری کورد» لە ژێر چاودێری بریتانیا دووپات کرایەوە. ئەوە پێشتر لە مای ١٩١٩ لە لایەن دەوڵەتی خاوەن شکۆ پەسەند کرابوو.[١]

## کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس

پرەنسیپی دیاریکردنی چارەنووس لە بڕگەکانی ڕێککەوتنی یەکێتیی نەتەوەکان‌دا نەگونجا. لە جیاتان، بڕگەی ١٠ی ڕێککەوتنەکە جەختی لەسەر ڕێز بۆ یەکگرتوویی خاکی و سەربەخۆیی سیاسیی ئەندامانی یەکێتی کرد، چونکە هێزە ئیمپراتورییەکان دەیانتوانی هاسانتر ئەو پرەنسیپە پەسەند بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمی نوێنەرایەتی «نەتەوە پێشکەوتووەکان» لە بڕگەی ٢٢ی ڕێککەوتنەکەدا وەک «متمانەیەکی پیرۆز بە شارستانییەت» بۆ «ئەو گەلانەی هێشتا توانای سەربەخۆبوونیان نییە» پێشنیار کرا. مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێک بۆ نەتەوە پێشکەوتووەکان پۆلێن کرا. لەو چوارچێوەیە دا، پرەنسیپەکە زۆرتر وەک شێوەیەک لە خۆبەڕێوەبەری بۆ کەڵکی ناخۆیی لەناو دەوڵەتان دا پشتگیری لێ کرا، لە کاتێکدا کە شێوازە دەرەکییەکەی دەوڵەتداریی سەربەخۆ کەم بایەخ کرا. کەوابوو سەربەخۆیی ویلسۆنی بە کردەوە بۆ هاوڕایی، ڕاوێژ و گەشە کردنی خۆ بەرێوەبەریی نزم کرایەوە، ئەگەر چی هێندێک ناوچە، لە ناویاندا کوردستان، بێ هیچ جۆرە ڕاوێژێک دابەش کران.

دەوڵەتێکی عەرەب لە دیمەشق دامەزرێندرا و پارلمانەکەی لە ٧ی مارچ، ١٩٢٠، سەربەخۆیی ڕاگەیاند (تەیەل ٢٠٠٩، ١٤). پێش ئەوە، لەسەر داوای سەرکۆمار ویلسۆن، کۆمیسیۆنی کینگ-کرەین، پێکهاتوو لە ئەمریکاییان،

١. تەلەگرام لە لایەن ئەفسەری سیاسییەوە، بەغدا، بۆ وەزارەتی دەرەوە، لەندەن، ٢٩ی ئاگوست ١٩١٩، ژمارە ١٠٠٨١، [L/PS/10/833]، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥١٥).

لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیی پاریـس (ڤەرسـای، ١٨ی جانیـواری، ١٩١٩، تـا ٢٠ی جانیواری ، ١٩٢٠) بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵوێسـتەکانی دانیشـتووانی شـام دروست کـرا. دوای وتوویـژ دەگـەڵ ڕێبەرانـی ئایینـی و سـەرۆکە ناوچەییـەکان (١٨٦٣ پێشـنیاری نوێنـەران)، پێشـنیار کـرا کـە بەڕێوەبەرایەتـی سـووریە لە ئەسـتۆی هێزێکـی سەرپەرشـتیار بـێ (دوای جەنگـی جیهانیـی یەکەم و لە سـەر بڕیاری یەکێتیـی نەتـەوەکان بڕیـار درا ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئاڵمان و عوسـمانی کـە خەڵکەکانیـان ناتوانـن دەسـبەجێ خـۆ بەڕێـوە بـەرن، لـە ژێـر چاودێـری یەکێـک لـە وڵاتانـی هاوپەیمانـان (هێـزی سەرپەرشـتیار) کاروباریـان بەڕێـوە بچـێ تـا توانایـی خـۆ بەڕێوەبەریـی سـەربەخۆ وەدەسـت دێنـن. و.) بـێ، نـەک وەک هێزێکـی کۆلۆنیالـی خاوەن دەسـەڵاتی قورخـکار، بەڵکو لە ژێـر چاودێری یەکێتیـی نەتـەوەکان بـۆ ماوەیەکـی سـنووردار بـێ تـا «خەڵکـی سـووریە بـۆ خۆبەڕێوەبەریی سـەربەخۆ، بـە دامەزراندنی سـەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتێکی دێموکراتیـک، بـەو خێراییـە کـە هەلومەرج ئیـزن دەدا پـەروەردە بکرێن»؛ ئەوە قـەرار بـوو «بـە زووتریـن کات بـێ تـا بتوانـرێ بە شـێوەیەکی دڵنیـا جێبەجێ بکـرێ» (کۆمیسـیۆنی کینگ-کرەیـن ١٩١٩، بەشـی یـەک، ٤١). ئەو هەروەهـا بە قازانجی یەکگرتوویـی سـووریە بـە گوێرەی پرەنسـیپەکانی داماڵینی دەسـەڵات لە ناوەند دەلیلـی هێنابـۆوە، کـە سـنوورەکانی دەبێ لـە لایـەن کۆمیسـیۆنێکی تایبەتەوە دەسنیشـان بکرێن. کۆمیسیۆنی کینگ-کرەین پێشـنیاری کرد دەوڵەتی تورکیە بێتە ژێر سەرپەرشـتیاری، بە سەرپەرشـتیاریی ئەمریکا وەک سروشـتیترین هێز، تـا بتوانـێ لە دۆخـی ئیمپریالیسـتیی خراپەوە ببێتـە دەوڵەتێکـی دێموکراتیک. خەڵکـی تورکیـە خۆیان بەگشـتی ئەوەیان پەسـەند و داوایان لە کۆمیسـیۆنەکە کردبوو، ئەگەرچی ڕەنگبێ کۆنفرانسـی ئاشـتی دەسـەڵاتێک وەک سەرپەرشتیار بـۆ تورکیـە ڕاسـپێرێ تا دەوڵەتێکی بەڕاسـتی بـاش، بێ سـەرکوتکاری، بەرتیل، یـان گەندەڵـی دامەزرێنـێ، تـا سـەرجەم مافەکانـی کەمینـەکان، ڕەگـەزی یان

ئایینـی زەمانـەت بـکا و ئاسـتێکی بـەرزی ڕێکوپێـک و بناخـەی مودێڕنی مافی یەکسـان لـە بەرانبەر یاسـادا مسـۆگەر بـکا و ئازادیـی ئایینی بە تـەواوی هەبێ. کۆمیسـیۆنەکە هەروەهـا پێشـنیاری کـرد کـە سـووریە و ئەرمەنسـتان لـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕێنوێنیکارانـەی ئەمریـکادا بن.

لەبـارەی «کوردسـتان،» چونکـە دەگـەڵ ئەرمەنـی، تـورک و ئەوانـی دیکـە تێکەڵـن و، بـە هـۆی دابەشـبوون بەسـەر شـیعە و سـوننی دا، کۆمیسـیۆنەکە پێشـنیاری کـرد کـە ئـەو سـنووردار بکـرێ:

[...] بەسـەر ناوچـەی جوگرافیایـی سروشـتی کـە لـە نێوان ئەرمەنسـتان لە باکـوور و نێوان دوواوان لە باشـوور، دەگەڵ دابەشـبوون بەسـەر فـوڕات و دیجلە وەک سنووری ڕۆژاوا و سنووری پارس وەک سنووری ڕۆژهەڵات. ئیزنی ئاستێک لـە خۆبەڕێوەبەرییـان پـێ بـدرێ لە ژێـر بەڕێوەبەرایەتـی سەرپەرشـتیاریی ورد، بـەو مەبەسـتە تـا ئـەوان لە کۆتاییـدا بۆ سـەربەخۆیی یـان فیدراسـیۆن لەگەڵ ناوچـە جیرانـەکان یەکێتییـەک کـە ئاسـتێکی بـەرزی خۆبەڕێوەبـەری هەبـێ پێـک بێنـن. دەکـرێ زۆربەی هـەر دوو حەشـیمەتە تـا ڕادەیـەک بچووکەکانی تـورک و ئەرمەنـی ئـەو شـوێنانە بـە گۆڕینـەوەی ڕەزامەندانـەی حەشـیمەتەکە ڕاگوازرێـن و بـەو شـێوەیە پارێزگایـەک وەدەسـت بـێ کـە میلیـۆن و نیوێـک خەڵکـی تێـدا دەژیـن، کە زۆربـەی هەرە زۆریان کـوردن [...] (کۆمیسـیۆنی کینگ-کرەین ١٩١٩، بەشـی سـێ، ٣٩-٣٨).

هـاوکات و لـە دۆخـی دوورگـەی ئۆلەند، هەر دوو کۆمیتـەی دادپەروەری و کۆمیسـیۆنی نوێنەرانی تایبەتی ڕەتیان کردەوە دان بە پرەنسـیپی سـەربەخۆیی وەک نۆرمێکـی یاسـایی گەردوونـی دابنێـن، چونکـە لـە پەیمانـی یەکێتیـی نەتـەوەکان دا نەهاتبـوو. ئـەو زۆرتـر وەک بیرۆکەیەکـی سیاسـی مودێـڕن بـۆ سـەپاندنی دادپـەروەری و پارێـزگاری لـە ئـازادی سـەیر کـرا. بـە گوێـرەی ئـەو لێکدانەوەیـە، یاسـای نێونەتەوەیـی، لـە بنەڕەتـدا، مافـی یەکـە ئەتنیکـی-

نەتەوەییـەکان بـۆ جیابوونـەوە لـەو وڵاتـەی تێیـدا ئەندامـن ڕەت دەکاتـەوە.

کاتێـک وڵاتـە یەکگرتـووەکان هۆگریـی نەمـا، کوردسـتان زۆرتـر بـوو بـە بابەتێکـی سـتراتێژیک بـۆ بریتانیـا. لـە کۆنفرانسـی ئاشـتیدا بریتانیـا هەوڵی دا بـرەو بە دۆزی کوردسـتان بـدا. ئەوە بوو بـە هۆی وەسەریەکخسـتنی هێزەکانی کـورد و ئەرمەنـی بـۆ بەربەرەکانـی دژی سـەروەریی تورکیە، ئەگەرچـی بریتانیا هەنـگاوی بـۆ پێشـگرتن بـە بەرفـراوان بوونـی ڕوسـیەی بۆلشـەڤیک هەڵگرتن. لـە ٢٠ی نۆڤەمبـەری ١٩١٩، بۆغـۆس نوبـار پاشـا وەک نوێنـەری ئەرمەنییـان، ڕاگەیێنراوێکـی دەگـەڵ ژەنـڕاڵ شـەریف پاشـا، نوێنـەری کـوردان، واژۆ کرد. لە ڕێککەوتنەکەیانـدا ئـەوان ڕەزامەندییـان دەربـڕی کـە بـە یارمەتـی زلهێـزەکان، ئەرمەنسـتان و کوردسـتانی سـەربەخۆ و یەکگرتـوو دامەزرێنـن؛ شـەریف پاشـا لـە نەخشـەکەی دا کـە لـە ١ی مارچـی ١٩٢٠ پێشکەشـی کۆمیسـیۆنی باڵای ئەسـتەمبوڵی کـرد، لەسـەر کوردسـتانێکی یەکپارچـە و دابەش نەکـراو پێداگر بـوو. ڕێککەوتنەکـە بـە هـۆی ناکۆکـی لەنـاو کوردانـی باکـووری کوردسـتان دا کورتمـاوە بـوو، و لەبـەر ئـەو هۆیـە، دژمنایەتـی لەمێژینـە بەرانبـەر ئەرمەنییان لەسـەر ئیدیعـای سـەروەریی بەسـەر بەشـێک لـە خاکـی خـاوەن حەشـیمەتی تێکـەڵ، سـەر لـە نـوێ دەسـتی پـێ کـردەوە. شـەریف پاشـا دەسـتی لـە کار کێشـایەوە (پاشـا ٢٠٠١؛ مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٣٤-١٣١)، و پاریـس بـێ وەفدی کوردی مایـەوە.[1] بـە ڕەتکردنـەوەی مێکانیزمێکـی فیدراڵـی لە نێوان باکوور (فەڕانسـە) و باشـووری (بریتانیـا) کوردسـتان، بـۆ یەکـەم جـار، لـۆرد کارزۆن داوای لـە کـوردان کـرد واز لـە هـەر جـۆرە سـەربەخۆیی سیاسـی بـۆ کوردسـتان بێنـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا بریتانیـا نەیدەتوانـی بژاردەیەکـی بەهێـز بـۆ سـایکس-پیکۆ-سـازۆنۆف پێشـکەش بـکا. تەنیـا پێشـنیاری بژاردەیەکـی بەهێـز کەمالیـزم

١. وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٤١٩٣. فایلی ٤٤/١٥٦٢٧٢ ژمارە ٢٨، ١٩١٩. بریتانیا هیچ بەڵێنییەکی سەرپەرشتیاریی لە لایەن بریتانیاوە نەدابوو بە پاشا. وەزارەتی دەرەوە، ٦٠٨/٩٥، نامە، بەڕێز لویس ماڵەت بۆ بەڕێز بالفور، لەندەن، بۆ لۆرد کارزۆن [جێگری وەزیری دەرەوە]، ٢٧ی مای، ١٩١٩، ژمارە ٨٢١، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٣٥٧).

(مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٣٦-١٣٢) وەک ئایدیۆلۆژییەکی سێکولار بوو کە دەیتوانی لەجیات سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی پشتگیری نەکراو، بمێنێتەوە.

لە ١٧ی نۆڤەمبەر، ١٩١٩، کۆنفرانسێکی نێوان وەزارەتان لەمەڕ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە لە لەندەن پێکهات. مەبەستی سەرەکیی ئەو کۆنفرانسە باس لەسەر داهاتووی کوردستان و سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە پرسی کورد بوو. فەڕانسە بە ڕوونی ڕایگەیاند کە «هیچ بەرپرسیارییەک بۆ بەڕێوەبەریی یان هەر جۆرە تێوەگلان لە داهاتووی سیاسی» کوردستان وە ئەستۆ ناگرێ (بوردەت ٢٠١٥ ئا، ٦٨١-٦٨٠). پێشڕەو ئێدوارد دەبلیو سی نۆێل لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە نەتەوەی کورد «کرچوکاڵە» ئەگەرچی هۆشیاریی نەتەوەیی «بێگومان بوونی هەیە» بەڵام «ڕێکخراو» نییە؛ بەو مانایە کە «هەستی ڕۆژاوایی» نەتەوەیی «هەر لە گۆڕێدا نییە.»[١] بۆیە بۆ ناوبراو، هەر جۆرە بەڵێنییەک بە کوردان «نامومکین» بوو، بەڵام، هێزە هاوپەیمانەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیدا نابێ خولیا نەتەوەییەکانی کوردان لەبیر بکەن. ئێرڵ کارزۆن-ی کێدڵستۆن وەک سەرۆکی کۆنفرانسەکە ڕایگەیاند کە بریتانیا «دەبێ سەرجەم کوردستان چۆل بکا،» و «دەبێ بڕوانێتە داهاتوو» (بوردەت ٢٠١٥ ئا، ٦٨٥).

لە ٢٢ی نۆڤەمبەر، ١٩١٩، وەزیری دەرەوە لە لەندەن کۆمیسیۆنی مەدەنی لە بەغدا ئاگادار کردەوە کە «دەوڵەتی خاوەن شکۆ لە هیچ دۆخێکدا سەرپەرشتیاریی کوردستان وە ئەستۆ ناگرێ،» بەڵام، ئەو ڕوونی کردەوە کە «گەڕاندنەوەی سەروەریی تورک بەسەر کوردستانەوە ڕێگا پێدراو نییە.»[٢]

---

١. کۆنفرانسی نێوانە وەزارەتخانان لەمەڕ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٧ی نۆڤەمبەر، ١٩١٩، (L/PS/10807)، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٦٨٢).

٢. وەزارەتی دەرەوە ٦٠٨/٩٥، تەلەگرام، وەزیری دەرەوە، لەندەن بۆ کۆمیسیۆنەری مەدەنی، بەغدا، ٢٢ی نۆڤەمبەر، ١٩١٩، ژمارە پ.٧٤٩٥، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٥٠).

لـەو تەلەگرامـەدا، نوێل پێشـنیاری کرد کە (١) تورکیە نابێ دەسـەڵاتی بەسـەر کوردسـتانەوە هەبـێ؛ (٢) کوردسـتان نابـێ دابـەش بکـرێ؛ و (٣) سـنوورەکە تـا ئـەو جێیـەی دەکـرێ نزیکـی هێڵـی دابەشـبوونی کـورد و عەرەبان بـێ.»[١] بەڕێـز ئیـرل ریچـاردز، لە یادداشـتێک دا بۆ لـۆرد کارزۆن لە جانیـواری ١٩١٩، ڕەتـی کردبـۆوە لـە هیـچ دۆخێـکدا خەڵکـی نێـوان دوواوان (عێراقـی ئەمـڕۆ) بگەڕێنێتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی تورکیـە، چونکـە ئـەوان لـە ڕادەبـەدەر ئازاریان لە «سـەرکوتکاریی خوێنـاوی تـورکان» چێشـتووە.»[٢] لـە هەمـان کاتدا کـوردەکان «دەسـەڵاتی ڕێنوێنیکارانـەی فەڕانسـەیان لـە هەر شـکڵ و شـێوەیەکدا»[٣] ڕەت کردبـۆوە چونکـە بـە گوێـرەی ڕێبەرانـی کورد کە خۆیان بە موسـڵمانی سـوننی دەزانی، فەڕانسـە تەنیا «کۆمەڵگا کریسـتیانەکان» ـــــی دەپاراست (بوردەت ٢٠١٥ ئا، ٥٥٨).

لە کۆنفرانسـی نێوان وەزارەتخانەکاندا لە ٢٣ی فێبریواری، ١٩٢٠، فەڕانسـە پێشـنیاری «دابـەش کردنـی کوردسـتان لـە نێـوان بریتانیـا و فەڕانسـە [...] و دامەزراندنـی ڕێکخسـتنێکی فیدڕاڵـی» لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەو دوو هێـزە کرد. ئـەوە بێجگـە لـە باشـووری کوردسـتان لـە لایـەن بریتانیـاوە ڕەت کرایـەوە. کوردسـتان دەبوو هاوکات دەگەڵ دروسـتبوونی دەوڵەتی ئەرمەنسـتان لەبەرچاو گیرابـا، دەبـوو ئیـزن بـە کـوردان درابـا تـا بڕیـار لەسـەر ئـەوە بـدەن کـە ئاخۆ دەیانهـەوێ تاقـە دەوڵەتێـک دروسـت بکـەن یـان چەنـد ناوچـەی بچـووک بە پێوەندیـی لاواز لەگـەڵ یەکتـر. سـەرهەنگ ویلسـۆن (هـی وەزارەتـی جەنـگ) لایەنگـری دروسـتکردنی نموونەیەکـی دڵخواز لە باشـووری کوردسـتان لە نێوان دوواوان بـوو، لـە کاتێـکدا نووسـینگەی بەڕێوەبەریـی هیندوسـتان پشـتگیری

١. وەزارەتی دەرەوە ٦٠٨/٩٥، تەلەگرام، وەزیری دەرەوە، لەندەن بۆ مۆمیسیۆنەری مەدەنی، بەغدا، ٢٢ی نۆڤەمبەر، ١٩١٩، ژمارە پ.٧٤٩٥، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٥٠).

٢. نێوان دوواوان، یادداشتی بەڕیز ئیرل ریچاردز بۆ لۆرد کارزۆن، جانیواری ١٩١٩، وەک لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٦٧٠-٦٩٩).

٣. وەزارەتی دەرەوە ٦٠٨/٩٥، «کوردستان،» ١٥ی ئۆکتۆبر، ١٩١٨، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٥٩)

لە «دروستکردنی دەوڵەتێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی [...] بە ڕاوێژکاریی بریتانیا دەکرد [...]، بەڵام [یەکێک کە] لە ڕوانگەی سیاسییەوە لە نێوان دوواوان جیاواز بێ.» لۆرد کارزۆن، وەک سەرۆکی کۆنفرانسەکە، ڕایگەیاند کە هێزەکانی بریتانیا لە کوردستان دەکشێنەوە تا دەرفەت بۆ یەکە نوێیەکە بڕەخسێنن» تا خۆی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ شکڵ بدا،» کە بە چۆل کردنی سەرجەم ناوچەکوردییەکانی کوردستان وەدەست دێت. لە کۆتاییدا، کۆنفرانسەکە بڕیارەکەی دوا خست تا «بڕیاری کۆتایی لەمەڕ داهاتووی کوردستان» لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بڕیاری لەسەر بدرێ.[١]

ئیمپراتوری عوسمانی کوردی لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەش بەش کردبوو و، دروست کردنی شوناسێکی هاوبەشی ئەتنیکی-نەتەوەیی بۆ ئێلیت و ڕۆشنبیرانی کورد کە لەسەرەتای سەدەدا بناخەی هەستی نەتەوایەتییان دادەڕشت کارێکی هاسان نەبوو. جەنگی جیهانیی یەکەم بەربەستێک بوو (ڕەینۆلدس ٢٠١٧، ٤٦)، کە ڕێبەرانی کوردی لە تێگەیشتنیان لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی لێک پەرتەوازە کرد. ئیمپراتوری عوسمانی کە بەرەو نەمان دەچوو و دەسەڵاتە ستەمکارەکەی، وزەی دا بە کوردان تا ناسیۆنالیزمی کوردی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یان گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەری لە ڕێگای خۆ ڕزگار کردن لە دەسەڵاتی تورک، پەرە پێ بدەن. ئەو هۆشیارییە دوای شەڕی ڕوس-تورک، وەدەرنانی تورکان لە هێندێک ناوچە و هەوڵی ئەوان بۆ تێکشکاندنی کورد و شوناسیان بە پەرەپێدانی پان ئیسلامیزم و تورکاندنی سیاسەتیان لەناو سنوورەکانی عوسمانی دا، دەستی پێکرد (سولەیمانی ٢٠١٤، ١٣٨-٩٣). لە کۆتاییدا، شک و گومان لە ناسیۆنالیزمی کەمالیستی-تورکی و مەترسی تووش بوون بە چارەنووسی ئەرمەنییان، ئەوانی لە بواری سیاسییەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی یەک خست.

١. یادداشتەکانی نێوان وەزارەتخانەکان لەمەڕ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزارەتی دەرەوە، ٢٣ی بێبریواری، ١٩٢٠، [L/PS/10/807]، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٦٩٢-٦٨٧).

بەرەی نەتەوەیی (میساقی میللی) دەوڵەتی نوێی تورکیە جیابوونەوەی ناوچەکانی خاوەن زۆرینەی حەشیمەتی موسڵمانی ڕەت کردەوە (بڕگەی ١). ناوچە عەرەبییەکانی داگیرکراو لە لایەن بێگانانەوە، لەو بڕگەیەدا ڕێزپەڕ بوون. لە ١٩٢٠، لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵەی پێشڤەچوونی کوردستان (SAK)، ئەمین عەلی بەدرخان کۆمەڵەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردی دامەزراند کە بە ئاشکرا پشتگیری لە سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکرد. لەناو چوونی دەوڵەت لە ئەستەمبوڵ ڕێبەرانی کوردی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی یەک خست (ئۆزوگلو ٢٠٠١).

## دروست کردنی سووریە

لە ڕێککەوتنێکی جیاوازدا، فەڕانسە ددانی بە سەربەخۆیی سووریە دانا. لە بەرانبەردا سووریە ددانی بە سەرپەرشتیاریی فەڕانسە بە سەر خۆیەوە دانا (سووریە)، کە لە ٢٠ی ئاپریل، ١٩٢٠، لە لایەن ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانانەوە ڕاگەیەنرا. ئەگەرچی سووریە و خەڵکەکەی بە هیچ شێوەیەک ڕاوێژیان دەگەڵ نەکرابوو، یەکێتیی نەتەوەکان دواتر سەرپەرشتیاریی فەڕانسەی بەسەر سووریە و لوبناندا لە ٢٤ی جولای، ١٩٢٢ ڕاگەیاند.[١] بەڵام، پارلمانی سووریە، لە مارچی ١٩٢٠ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، ئەگەرچی بریتانیا و فەڕانسە دەسبەجێ بە فەرمییان نەناسی. سیستەمی سەرپەرشتیاریی جارێکی دیکە لە بڕیارنامەی سانڕێمۆدا لە ١٩٢٠ (خووری ١٩٨٧، ١٢٣-١٢٢) وەک درێژەی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ-سازۆنۆڤ سەپێنرایەوە (تەیەل ٢٠٠٩، ١٤).

١. گۆڤاری نووسینگەی یەکێتی نەتەوەکان ٣ (٨ بەشی ٢)، ١٩٢٢، ١٠١٣. https://biblio-archive.unog.ch/detail.aspx?ID=128234. (سەردانکردن لە ٣٠ مای، ٢٠٢١)

## پەیماننامەی سیڤەر (١٩٢٠):
## دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی خەریکی وەدیهاتن

لە ١٠ی ئاگوست، ١٩٢٠، سوڵتانی تورک پەیماننامەی سیڤەری پاریسی دەگەڵ هاوپەیمانان لە شاری سیڤەر واژۆ کرد و ملکەچی بوو (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٣٧؛ شیلدز ٢٠١١، ٢٠؛ مانگۆ ١٩٩٩ئا، ١٨٢)[١]، لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕوسیە بە هێچ شێوەیەکی چالاکانە بەشداری ئەو هەڵسوکەوتە لەگەڵ پرسی کورد نەبوون (بالۆچ و موریس ١٩٩٢، ٩٠). کۆمیسیۆنێکی نوێنەرانی زلهێزەکان نەخشەیەکیان بۆ خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی کوردان، بە مافی سەربەخۆبوون لە ماوەی ساڵێکدا، پێشکەش کرد. کەوابوو لەمەولا، کوردان چاوەڕوانی سەربەخۆیی تەواو بوون، ئەگەرچی ناوچە کوردییە دەسنیشان کراوەکان دەگەڵ ڕووبەری کوردستانی گەورە یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام زۆرتر وەک «پاشنووسی ئەرمەنستانی سەربەخۆ» دەچوو (ئۆشی ٢٠٠٤، ١٠).

١. زۆربەی ئەو پەیماننامەیە بێ ڕاوێژ دەگەڵ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا ئامادە کرابوو، نوسینگەی بەڵگەنامە گشتییەکان، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ٣٧١/٤٢٣١، ژمارە ١٢١٨٨٤

پەیماننامەکـە ١٣ بەشـی هەبـوون و ئامـاژەی بە ٤٣٣ بڕگـە دەکرد و بە ٢٦ بڕگـەی یەکێتیـی نەتەوەکان دەسـتی پێدەکرد. ئەو بەڕاسـتی لـە لایەن تورکیە لـە لایەکـەوە و هێـزە هاوپەیمانە سـەرەکییەکان (ئیمپراتوری بریتانیا، فەڕانسـە، ئیتالیـا و ژاپـۆن) و هێـزە هاوپەیمانـەکان (ئەرمەنسـتان، بەلژیـک، حیجـاز، لەهسـتان، پۆرتـوگال، ڕومانی، دەوڵەتی سـەرب-کرۆوات و چێکوسـلۆڤاکیا) واژۆ کرابـوو. بڕگـەی ٦٣ (بەشـی ٣، کوردسـتان) گریمانـە دەکا کە: «کۆمیسـیۆنێک [...] دەبـێ لـە ماوەی شـەش مانگ [...] نەخشـەیەکی ناوچـەی خۆبەڕێوەبەر بۆ ناوچەکانـی خـاوەن زۆرینـەی کورد هەڵکەوتـوو لە ڕۆژهەڵاتی فوڕات، باشـووری سـنوورە باشـوورییەکانی ئەرمەنسـتان [...]، و باکووری سـنووری تورکیە دەگەڵ سـووریە و نێوان دوواوان [...] ئامادە بکا، و بەو مەبەسـتە کۆمیسیۆنێک پێکهاتوو لـە نوێنەرانـی بریتانیایـی، فەڕانسـەیی، پارسـی و کوردی دەبـێ [...] بڕیار بدەن کام ئاڵوگـۆڕ، ئەگـەر شـتێک پێویسـت بێ، لە سـنووری تورکیە پێک بـێ [...].» بـە گوێـرەی بڕگـەی ٦٣، تورکیـە دەبـێ ڕەزامەنـدی بـدا «بڕیـارەکان پەسـەند و جێبەجـێ بـکا» هـی هـەر دوو کۆمیسـیۆنی ناوبـراو «لـە مـاوەی سـێ مانـگ لـە ڕاگەیاندنـی کۆمیسـیۆنەکەیان بـە دەوڵەتـی ناوبـراو» (پەیماننامـەی ئاشـتی دەگـەڵ تورکیـە ١٩٢٠). بڕگـەی ٦٤ بەو شـێوەیە:

«بێتـوو لـە ماوەی سـاڵێک دوای کەوتنە کاری ئـەو پەیماننامەیە گەلی کورد [...] دەنگـی خۆیـان بـە ئەنجومەنـی یەکێتیی نەتـەوەکان بە شـیوەک بگەیەنن کـە ئاشـکرای بـکا کە زۆرینەی دانیشـتووانی ئەو ناوچانە سـەربەخۆیی دەخوازن و بێتـوو ئەنجومـەن بێتـە سـەر ئەو بڕوایە کە ئـەو گەلە توانای سـەربەخۆییەکی ئەوتـۆی هەیـە و پێشـنیار بـکا کـە دەبـێ بۆیـان دەسـتەبەر بکرێ، بـە گویرەی ئەو ڕێککەوتنە تورکیە دەبێ پێشـنیارێکی لەو چەشـنە جێبەجێ بکا و دەسـت لـە سـەرجەم مـاف و خاوەندارییەتی ئەو ناوچانـە هەڵگرێ.»

لـە مـاوەی سـاڵێکدا، قـەرار بوو کـورد بـەو مەرجـە زۆرینـەی خەڵکەکەیان

ڕابگەیێنن کە دەخوازن سەربەخۆ بن، سەربەخۆییان بۆ مسۆگەر بێ. دوای دەست هەڵگرتنی تورکیە لەو ناوچانە، کوردانی ویلایەتی موسڵ (هی باشووری کوردستان) دەیانتوانی خۆیان بە دەوڵەتی داهاتوو و سەربەخۆی کوردییەوە بلەکێنن. هەروەها، تورکیە ناچار بوو واز لە «سەرجەم مافی سەروەریی و هەر جۆرە بڕیاری یاسایی بەسەر موسڵمانانی شارۆمەندی هەرکام لە دەوڵەتانی سەربەخۆ یان لە ژێر سەرپەرشتیاریدا» بێنێ.[١]

کوردان چاوەڕوانی سەربەخۆیی تەواو بوون بەڵام پەیماننامەکە کاریگەری لەسەر ناوچە کوردییەکانی سووریە نەبوو و سنوورەکانی دەگەڵ ئەرمەنستان هێشتا دیاری نەکرابوون. بەڕاستی، ئەوە هەموو ئەو ناوچانەشی نەدەگرتەوە کە خرابوونە ژێر بەڕێوەبەرایەتی فەڕانسە و بریتانیا. بۆیە، زۆربەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ ڕەتیان کردەوە (ڕەینۆڵدز ٢٠١٧، ٤٣). لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتێکی لاواز لە ئەستەمبوڵ نەیدەتوانی زەمانەتی جێبەجێ کردنی مەرجەکان بکا. هەوڵەکان بۆ ڕازیکردنی کەمالیستەکان بۆ ملکەچ بوون بە بڕیاراتی سیڤەر، لەبەر پێداگریی مستەفا کەماڵ بۆ ڕاگرتنی زۆرینەی موسڵمانی عوسمانی،  شکستی هێنا (هەپەر ٢٠٠٧، ١٢٤). لەگەڵ ئەوەشدا، ناسیۆنالیستە تورکەکان ڕەزامەندییان دەربڕی «ئەگەر پێویست بێ» سێ سەنجەقی کوردی، بە دەنگدانی جەماوەری، بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن [پێداگرییەکە زیاد کراوە] (ئەیقبوری ١٩٩٤). ترسی دروست بوونی ئەرمەنستان زۆر کوردی ناچار کرد ڕوو بکەنە کەمالیزم کە خاوەنی بیرۆکەی دروست کردنی وڵاتێک لە سەر بناخەی ئایینی هاوبەشی ئیسلامی سوننی بوو. لە لایەکی دیکەوە، کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم لە ١٩٢٠ سەرهەڵدانێکی چەکدارانەیان وەرێخست کە شەش مانگ خۆی گرت (ڕەینۆڵدز ٢٠١٧، ٤٤-٤٣). دوای ئەوە بریتانیا لە نامە گۆڕینەوەکانی دەگەڵ

١. هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١٣٩، ٣٢.

تورکان لە ١٢ی مارچ، ١٩٢١ لە ئەرکدارییەکەی بەرانبەر بە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پاشگەز بۆوە (ئولسۆن ١٩٩٢) و وازی لە کوردان هێنا «تا بە کەیفی خۆیان بکەن»:[١] لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان هاوپەیمانان ئامادەن بە گوێرەی ئەو فاکتەر و دۆخە کە هەیە ئاڵوگۆڕ لە پەیماننامەکە دا پێک بێنن، بە مەرجی ڕێکاری خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی [...] کورد.»[٢]

دوابەدوای کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، هەر دوو کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردی لە قاهیرە و کۆمەڵەی گەشەکردنی کورد لە ئەستەمبوڵ دەوری گرینگیان لە هەوڵەکانی لۆبیگەریی و بڵاو کردنەوەی داوا ناسیۆنالیستییەکانی دوای جەنگ گێڕا. بەڵام، کوردەکان لەبەر «نا دڵنیایی» لە مەبەستی بریتانیا بەرانبەر بە ئەوان و گومانداریی سیاسەتی بریتانیا لەمەڕ بەرنامەی ناسیۆنالیستی کوردی؛[٣] ئامانجی یەکگرتوویان نەبوو؛ هەروەها لەبەر نەبوونی نوێنەرایەتی لە لای ئورووپاییان[٤] و سنووره لێڵەکانی کوردستان بە هۆی ئاڵوگۆڕە دێموگرافییەکان هەموو ئەو فاکتەرانە بوون کە پێشیان بە پەسەندکرانی نێونەتەوەیی سەربەخۆیی کوردستان گرت. بەڵام، نەخشەی کوردستانی پێشڕەو فرانسیس ریچارد ماونسەڵ لە ١٨٩٢ بە وردەکارییەکی نزیکەی تەواوەوە ناوچە کوردییەکانی دەسنیشان کردبوو (هەلمریش ١٩٧٤، ٢٢-١٣؛ ئۆشی ٢٠٠٤، ١١١؛ پاشا ٢٠٠١).[٥]

کوردەکان لە دۆخێکی ناجۆر دابوون و ئەگەر پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ

١. وەزارەتی دەرەوە، ئاگادار کردنەوە لە لایەن بەشی سیاسی، نووسینگەی هیندوستان، لەمەڕ «نێوان دوواوان: پێوەندییەکانی بریتانیا دەگەڵ کوردستان»، ٢٧ی ئاگوست ١٩١٩، وەک لە بوردەتدا ئاماژی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٠٨).

٢. وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٦٤٦٧ ئی ٣٣٥٧.

٣. تەلەگرام لە لایەن کۆمیسیۆنەری بەرزی عێراق (Cox) بۆ بەرپرسی وەزارەتی دەرەوە بۆ پرسی کۆلۆنییەکان، ١٦ی نۆڤەمبەر، ١٩٢٢، ژمارە ٨٠٤، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ١٩٥).

٤. بۆ نوێنەرایەتی کورد، بڕوانە ئۆشی (٢٠٠٤).

٥. شەریف پاشا نەخشەیەکی بۆ کۆنفرانسی پاریس ئامادە کرد کە لە لایەن ئەرمەنییانەوە ڕەت کرایەوە و بریتانیا لەبەر چاوی نەگرت. یادداشتی ئیدیعای گەلی کورد، پاریس، مارچی ١٩١٩ (ئۆشی ٢٠٠٤، ١٤٣). هەروەها، بڕوانە پاشا (٢٠٠١).

کرابا، کوردستان بەسەر چەند لەتی بچووکتر دا دابەش دەبوو، کە بەشە سەربەخۆکەی لە هەمووان هەژارتر دەبوو (کەندال ١٩٩٣، ٣٥). پەیماننامەکە وردەکارییەکانی جێبەجێ کرانەکەی هێندە ڕوون باس نەکردبوون و ناوچەی ڕۆژاوای فوڕات (باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان) دەکەوتە ژێر دەسەلاتی ئەرمەنستانی سۆڤیەت. خاکە بە پیتەکانی لێی جیا کرانەوە و پارس بە گوێرەی داگیرکاریی چەکدارانە، ڕۆژهەلاتی کوردستانی بەرکەوت[1] (فیش ٢٠١٥، ١٥٥)، بەو شێوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆوە هیچ.

## ئاوابوونی خۆری کوردستان

لەو ماوەیەدا، دیاریکردنی چارەنووس وەک پرەنسیپێکی لێڵ و بە شێوەیەکی ناڕوون پێناسەکراوی دادپەروەری و ئازادی سەیر دەکرا و لێک دەدرایەوە. سەروەریی دەوڵەت بەسەر دیاریکردنی چارەنووسدا زاڵ بوو. ئاشکرا بوو کە کەمینە ئەتنیکییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆیان نەبوو، بەلام ئەوان مافی پاراستنی شوناسە ئەتنیکییەکەیان لە ڕێگای خۆبەڕێوەبەریی یان بە مسۆگەر کردنی بەشێک لە مافەکانی زمانی، کولتووری و ئایینیان لە پەیماننامەکانی ئاشتیدا پێ درابوو.

مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێونەتەوەیی بە چ شێوەیەک لە لایەن ویلسۆنەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات؟ بەر لە هەموو شتێک خاڵی ٥ «دژە مانیفێست»ـی بەردەوامی ناوبرا لەسەر هەڵوێستی لینین لەبارەی ئیمپریالیزم بوو (یەرگین ٢٠١١، ١٨٨). ئەوەی ویلسۆن بڕوای پێبوو شێوازێک لە دەسەلاتداری بوو کە دواتر وەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی ناسرا. بەلام، چوار

١. نووسینگەی هەواڵگریی سیاسی وەزارەتی دەرەوە پێش کۆنفرانسی ئاشتی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئیمپراتوری عوسمانی کردبوو کە لەویدا گوتبوویان، لە کاتێکدا کە ئاماژەیان بە بایەخی ستراتیژیکی کوردستان کردبوو، «بۆیە ئێمە ئەرکدارین کوردستان بکەینە سێ بەش، لە دوو بەشە مەزنترەکە ئێمە هێندێک ماف بۆخۆمان، فەڕانسە و عەرەب مسۆگەر دەکەین، بەلام بۆ کوردان هیچ» (دۆکریل ١٩٩١ئا، ٥٧).

نارەزایەتـی بەرانبـەر بە ڕێگاچارە «خۆنەویسـتانەکەی» (ئەیڤبوری ١٩٩٤) ویلسـۆنی لەمـەڕ داواکارییـە نەتەوەییەکان هەن. یەکەم، لە ڕوانگـەی جێبەجێکردنەوە ئەو گەلێـک گشـتی، لێـڵ و نـاڕوون بوو. دووهەم، ویلسـۆن یـان هیـچ زانیارییەکی لەسـەر کاردانەوەکانـی تیئۆرییەکـەی لـە پێوەنـدی لەگەڵ کۆمەڵگـەی جیهانی نەبـوو، یـان ئەوانـی بـە کـەم گرتبـوون. سـێهەم، بیرۆکەکانـی بۆ بـەکار هێنانی دەرەکـی بـوون، واتـە ئـەوان قـەرار نەبـوو لـە وڵاتـە یەکگرتـووەکان جێبەجـێ بکرێـن. ئـەو لەسـەر ئـەو بڕوایە بـوو کە «ئەمریـکا لـە گرووپان پێـک نەهاتووە» (ویلسـۆن، وەک لـە کلاود ئامـاژەی پێکـراوە، ١٩٥٥، ٨١)، بـەو مانایـە کـە، دیاریکردنـی چارەنووسـی ناوخۆیـی پرسـێک نەبـووە بـۆ وڵاتـە یەکگرتـووەکان. هەڵوێسـتی وڵاتـە یەکگرتـووەکان لەمـەڕ جیابوونـەوە لـە ژێـر ڕووناکایـی شـەڕی ناوخـۆ ئاشـکرا بـوو (١٨٦٥-١٨٦١)، کـە توندوتیـژی و هێـزی سـەربازیی تێیـدا بەکار هێنـرا (فیـش ٢٠١٥، ١٣٥-١٣٣). چـوارەم، ویلسـۆن لـە برەودانی سـەرکەوتووانە بە بیرۆکەکانـی لـە نـاو نەتەوەکانی دیکەدا شکسـتی هێنـا. بۆیە، ئـەوان لە دوایین پێشنووسـی پەیماننامـەی ڤەرسـای یـان یەکێتیـی نەتـەوەکاندا لەبـەر تەگەرە خسـتن لـە لایەن سـەناتۆرە کۆمارییەکانی نـاو دەوڵەتی وڵاتـە یەکگرتووەکان و پێشـوازیی فرەچەشـن لـە لایـەن کەسـایەتییە پلەبەرزەکانی بریتانیایـی، ڕەنگی نەدایـەوە (کاسـەز ١٩٩٥، ٢٣). بـەڵام، ویلسـۆن دەیزانـی کـە «پرەنسـیپەکە بـە مانـای لێـک هەڵتەکانـی دەوڵەتـی بەرایـی تا ئاسـتی نەناسـرانەوە دەبـێ» (لینچ ٢٠٠٢). ئەگەرچـی دیاریکردنـی چارەنـووس وەک پرەنسـیپێک ڕاگەیێنرابـوو، جێبەجـێ کردنەکـەی بەسـترابۆوە بـە «سـتانداردی شارسـتانییەت» و خەڵکێک کـە گەیشـبێتە ئاسـتێکی دیاریکـراو لـە پێگەیشـتوویی (گۆنـگ ١٩٨٤، ٢١). هەروەهـا، یاسـای نێونەتەوەیـی تەنیـا دنیای خـاوەن شارسـتانییەتی دەگرتەوە، ئەگەرچـی دەوڵەتانـی خـاوەن شارسـتانییەت لـە دەسـەڵات و مافدا هاوشـانی یەکتـر نەبـوون (بارتـەن ٢٠١٥، ١٨٧). زلهێـزەکان لەسـەر ئەو بڕوایە بـوون کە ئەو

نەتەوانـەی سـپی یـان ئوروپایـی نەبـوون نەگەیشـتوونە توانایـی دیاریکردنـی چارەنـووس و خـۆ بەڕێوەبـەری. بە کـردەوە، ئەوە وەک بیانوویـەک بوو تا ڕەوایی بـە کۆنتـرۆڵـی خۆیـان بەسـەر ئـەو کۆلۆنییانـەدا بدەن کـە داگیریـان کردبوون.

بـەر لـە جەنگی جیهانیـی یەکەم، مافـی دیاریکردنی چارەنـووس بۆ هێندێک خەڵـک لەبـەر چـاو گیرابوو (خاوەن شارسـتانییەت یان پێگەیشـتوو، ئوروپایی بە نـرخ و لێهاتـوو و نەوەکانیـان)، واتـە، مافێکـی ڕەگەز پەرسـتانە بوو. بـە واتایەکی دیکـە، ئـەوە بـوو بـە مافـی بڕیاردانـی بیانیـی (فیش ٢٠١٥، ١٢٢). هاوپەیمانـان پێشـبینییان کـرد کـە لەنـاو ئامانجەکانـی جەنگیـی ئـەوان، یەکیان گەیشـتن بە مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـە، ئەگەرچـی هـەر دوو ئاڵمـان و ئوتریش (نەمسـا) دژی ئـەو بڕیـارە بـوون لەبـەر دۆخـی کەمینەکانـی ئـەو ناوچانـە کـە دەوڵەتانـی هێـزە هاوپەیمانـەکان وەدەسـتییان هێنابـوون. داواکارییەکـە جێـگای خـۆی دا بـە پەسـەند کرانـی بەرژەوەندییـە سیاسـی و ئایدیۆلۆژیکییەکانـی هاوپەیمانـان لـە پەیماننامەکانـی ئاشـتیدا. بۆیـە، بـە گوێـرەی پەیماننامەی ڤەرسـای لە ٢٨ی جـوون، ١٩١٩، چێکۆسـلۆڤاکی و لەهسـتان (پێشـتر ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئاڵمـان و هابسـبورگ) دروسـت کـران. بـەڵام ناوچـەی کیائۆچـۆ (ئێسـتا پێـی دەڵێـن جیائـۆژو) لـە چیـن کە پێشـووتر لە لایـەن ئاڵمان داگیرکرابـوو بێ ئەوی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس بـدرێ بـە دانیشـتووە چینییەکانـی ئەوێنـدەرێ، درا بـە ژاپـۆن. چەنـد گشتپرسـییەک لـە ژێـر چاودێریـی نێونەتەوەیـیدا بەڕێـوە چـوون، بـەڵام چەنـد ناوچـە بێ گشتپرسـی جیـا کرانـەوە، وەک دانـی تیرۆلـی باشـوور بـە ئیتالیـا سـەرەڕای خاڵـی نۆهـەم لـە چـواردە خاڵەکانـی ویلسـۆن کە بڕیـاری دابـوو «ڕێکخسـتنەوەی سـنوورەکانی ئیتالیـا [...] بـە گوێـرەی هێڵـی ئاشـکرای نەتەوەیـی بـێ.»[١] پەیماننامـەی نیویلـی دەگـەڵ بولغارسـتان لە ٢٧ی نۆڤەمبـەر، ١٩١٩ ئاکامـی هاوشـێوەی لێکەوتەوە. چەند گشتپرسـییەک قەرار بوو

١. «پەیامی سەرکۆماروودرۆو ویلسۆن بۆ کۆنگرە ١٩١٨/١/٨،» ئەنجومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکان، شەست و پێنجەمین کۆنگرە، گرووپی تۆماری ٤٦. خاڵی نۆهەم.

لـە بورگەنلەنـد، کلاگەنفورت و تەشـەن بـە گوێرەی پەیماننامـەی ئوتریش بەڕێوە بچـن (کاسـەز ١٩٩٥، ٢٤). دووبـارە کێشـانەوەی نەخشـەی ئورووپـا تـا ڕادەیەکـی زۆر بـە گوێـرەی هێڵـە نەتەوەییـەکان بەڕێوەچـوو ئەگەرچـی لـە ناوچەکانـی فرە ئەتنیکـی دژوار بـوو و هێندێـک پرس بە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان چارەسـەر نەکـران، لـە هەمانکاتـدا، لـە ڕێککەوتنـە نێونەتەوەییـەکاندا لـە لایـەن دەوڵەتی نوێـی سـۆڤیەتەوە، پشـتگیریی لـە شـارۆمەندیی بـە گوێـرەی مافـی دیاریکردنی چارەنـووس، لـە ناویانـدا لە پەیماننامەکان دەگەڵ ئەفغانسـتان، لەهسـتان، ڕۆمانیا و تورکیـە کـرا (براونلی ١٩٧٠، ٩٥-٩٤). بەپێـی هەلومـەرج، دەبـوو هێڵـی نەتەوەیی بکێشـرێنەوە و تاقمێـک وەک گەلێک پێناسـە بکرێن و مافی بـە دەوڵەت بوونیان هەبـێ یـان وەک کەمینەیـەک بـە پەیماننامەیـەک پارێزگارییان لـێ بکرێ (وێلان ١٩٩٤). بـەو شـێوەیە جێبەجـێ کردنـی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس دوای جەنـگ ناتەبایـی هەبـوو. لـە ئۆکتۆبـری ١٩٢٠ بریتانیـا دەسـتی لـە بەرژەوەندی دامەزراندنـی کوردسـتان هەڵگـرت، لـە جیاتـان پشـتگیریی لـە دروسـت کردنی دەوڵەتێکـی عەرەبـی لـە عێـراق کـرد. لـە کۆتایـی ئـەو سـاڵەدا بەڕێوەبەرایەتـی کۆلۆنیال، بە سـەرۆکایەتی وینسـتۆن چرچیل، لەژێر بەڕێوەبەرایەتی هیندوسـتان بەرپرسـیاریی عێراقـی گرتـە ئەسـتۆ. لـە نۆڤەمبـەری ١٩٢٠ دەوڵەتـی کاتیـی نەتەوەیـی عێـراق دامـەزرا بـە سـلێمانی لەژێـر کۆنترۆڵـی بریتانیـا و کەرکـوک و هەولێـر (ئەربیـل) لـە ژێـر بەڕێوەبەرایەتی پارێـزگاری ناوچەیـی (ئێدمۆنـدز ١٩٥٧). لـە کۆنفرانسـی قاهیـرە (مارچی ١٩٢١)، خۆبەڕێوەبەریـی کـوردی جێـگای درا بـە سیسـتەمی بەڕێوەبەرایەتـی سەرپەرشـتیاریی «ئینگلیزی-کـوردی»،[١] کـە لەویدا کـورد قـەرار بـوو وەک کەمینەیـەک لـە عێراقـی نوێ دا سـەیر بکرێن تـا خۆیان لـە نـاو دەوڵەتـە نوێیەکـەدا دەگونجاند (ئەیقبـوری ١٩٩٤). ئـەوە لە کاتێکـدا ڕوویدا کـە چرچیـل و پێشـڕەو نوێل قورس و قایم دەلیلیان بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان

١. وەزارەتی دەرەوە ٣٧١/٦٣٤٦ کۆمیسیۆنی باڵای نێوان دوواوان بۆ وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری کۆلۆنییەکان، ١٢ی جوون، ١٩٢١، وەک لە مەکداواڵ دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠٠٣، ١٦٦).

دێنایـەوە (ئەسکەندەر ٢٠٠١). نوێـل ئـەو ڕوانگەیـەی بـاس کردبـوو کـە «ئامانجـی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ [...] ئێسـتا دەتوانێ بە هاسـانی دەسـتەبەر بێ» (بوردەت ٢٠١٥ ئـا، ٥٢٤). کـوردەکان هەروەهـا بیریـان لـە فیدراڵـی لـە ژێـر پارێزگاریـی بریتانیـا دەکـردەوە ، تـا پێکهاتەیەکـی نوێنـەری بۆچوونـی کـوردان بڕیـاری دەدا ببێتـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی تـازە.[١] بـەڵام، دیاریکردنـی چارەنووس بـە کردەوە مانایەکـی جگـە لـە خۆبەڕێوەبەریـی نەبـوو، بە واتایەکـی دیکە، شـتێک کە قەرار بـوو خەڵکـی بـۆ هـان بـدرێ بـەڵام دانەمەزرێندرێ.

بـۆ لەبەرچاوگرتنـی ئاواتـە ڕاسـتەقینەکانی کـوردان، بەنـاو گشتپرسـییەک لـە سەرانسـەری عێـراق بـە ناوچـە کوردییەکانیشـەوە لـە ١٩١٩، لـە نـاو کەسـایەتییەکان، ڕاوێـژکارە هەڵبژێـراوە ناوچەییـەکان، ئاغـا دان پیانـراوەکان و نوێنەرانـی کۆمەڵگـەکان بەڕێوە چووبـوو. زۆربەیان جیابوونەوە لە موسـڵیان ڕەت کردبـۆوە، لـە کاتێکـدا کـە هێندێـک داوای جیـا بوونـەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکی جیـای کوردانیـان کردبـوو. سـلێمانی نزیکـەی یـەک دەنـگ هەر جـۆرە تێکەڵ بـوون لـە گەڵ عێراقی ڕەت کردبـۆوە. لە ڕوانگەی دەوڵەتی بریتانیاوە، سـلێمانی دەبـوو لـەو گشتپرسـییە دەرهاویشـترێ چونکـە ئەو بـە گوێـرەی بڕگەی ٦٤ی پەیماننامـەی سـیڤەر، بـۆ دروسـت کردنـی دەوڵەتیکـی سـەربەخۆی کـوردی، بەڕێـوە دەچـوو (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥). سـلێمانی لە گشتپرسـییەکە دا بەشـدار نەبـوو. لـە کاتێکـدا کـە چرچیـل لـە سـەر سیاسـەتی سـنووردارکردنی عێـراق (کەیتـرووود ٢٠٠٤، ١١٣؛ ئولسـۆن ١٩٩٢)[٢] کـە تەنیـا ناوچـە بە تەواوەتـی عەڕەبەکان

---

١. یادداشتی بەشی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی هیندوستان، «کوردستان،» ١٤ی دێسەمبەر، ١٩١٨، لە لایەن بەڕێز جەی ئی شاکبورگ. بوردەت، سوپرا ٨٠، لە ٢٢٠. نوێل هەروەها پێشنیاری «هێزێکی سەرپەرشتیار بۆ سەرجەم کوردستان و ئەرمەنستان.»ـــــــی کردبوو، وەزارەتی دەرەوە ٦٠٨/٩٥، ڕاپۆرت لەمەڕ دۆخی کوردستان لە یادداشتەکانی سەرۆکی کۆنفرانسی نێوان وەزارەتخانەیی لەبارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٥ی سێپتەمبەر، ١٩١٩، لە بوردەت دا ئاماژەی پێکراوە (٢٠١٥ ئا، ٥٢٤).

٢. چرچیل قایل کرا کە کوردستانی سەربەخۆ دانەمزرێنێ ئەگەرچی لە سەرەتادا دەیهەویست. لە هەمان کاتدا، بەشی ڕۆژهەڵاتی بریتانیا پشتگیریی لە سەربەخۆیی یان کوردستانی خۆبەڕێوەبەر دەکرد.

بگرێتـەوە پێداگـر بـوو، پەرسـی کۆکـس (ئەسـکەندەر ٢٠٠١؛ ئولسـۆن ١٩٩٢)[١] و گەرتـرود مارگارێـت بێـڵ سـەرەنجیان بـەرەو «سیاسـەتی ناجیاییخـوازی» (یان تێکـەڵ بـوون دەگەڵ عێراق) راکێشـا کە لە بابەتەکانی باسـکراو لە ڕاوێژەکانیان دا دەریـان بڕیـوە (ئولسـۆن ١٩٩٢).

چرچیـل قەناعەتـی هێنـا بـەڵام دواتر ئـەو ڕەزامەندییـەی لە سـەر لکاندنی کوردسـتان بـە عێراقـەوە وەک یەکێـک لە «خراپتریـن هەڵەکان»ـــــی خۆی بـاس کـردووە (ئولسـۆن ١٩٩٢). لـە ١٩٢١ هەڵبژاردنێکـی فەرمـی بەڕێوەچـوو، کـە سـلێمانی بەشـداری تێـدا نەکـرد و کەرکـوک دژی ئـەو لکاندنـە دەنگـی دا (ئێدمۆنـدز ١٩٥٧). دواتـر، کۆمیسـیۆنی ئەنجومەنـی نەتـەوەکان لـە بەرنامـەی ویلایەتـی موسـڵ ئـەو شـێوازەی ڕا دەربڕینـی وەک گشتپرسـی ڕەچـاو نەکرد، چونکـە هیـچ دەنگـی تاکـە کەسـی یـان نهێنـی وەرنەگیـرا و هیـچ زەمانەتێک بـۆ ئـازاد بـوون و سـەربەخۆیی دەنگدان لـە ئارا دا نەبـوو. هەروەها، گشتپرسـی لـە سەرانسـەری ناوچەکـە دا بەڕێـوە نەچـوو. بۆیـە ئـەو ڕا دەربڕینانـە بەڵگـەی حاشـا هەڵنەگـر بـۆ ویسـتی دانیشـتووان لـە دۆخـی ناسـەقامگیری سیاسـی داگیرکارییەکـی سـەربازیی دا نیـن (یەکێتیـی نەتـەوەکان١٩٢٥، ١٨-١٧). بیرۆکـەی دروسـت کردنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ یان تەنانـەت خۆبەڕێوەبەریی کوردی بـەو شـێوەیە لەنـاو چوو.

کەمالیسـتەکان دوای شکسـتی هاوپەیمانـان لـە پێوەنـدی لەگـەڵ دۆخەکە لـە چەنـد بەرەوە، سـەرکەوتن (بێـک ١٩٨١). فەڕانسـە پەیماننامەکەی لـە ئانکارا دەگـەڵ تـورکان واژۆ کـرد و لـەو پرۆسـەیەدا وازیـان لـە کیلیکیا هێنـا (فرامکین ٢٠٠١، ٥٣٧-٥٣٦). سـنووره نوێیـەکان لـە ٢٠ی ئۆکتۆبـر، ١٩٢١، لـە لایـەن مسـتەفا کەمـال و فەڕانسـە دیاریکـران (ڕێککەوتنـی فەڕانسـەیی-تورکی لـە

---

١. کۆمیسیۆنی باڵای بریتانیا لە عێراق کە ئەو کاتی هەوڵی دەدا باشووری کوردستان تێکەڵی عێراق بکا.

١٩٢١ لـە ئانگـۆرا واژۆ کـرا)[١]، کـە بە گوێرەی ئـەو ڕۆژاوای کوردسـتان کەوتە ژێر سەرپەرشـتیاری فەڕانسـە بەسـەر سـووریەوە.

ئەنجومەنـی بـاڵای نەتەوەیی تورکیە لە ١٠ی فێبریـواری، ١٩٢٢، بڕیاری دا «بەڕێوەبەرایەتـی خۆسـەر بۆ نەتەوەی کورد بە گوێـرەی نەریتە نەتەوەییەکانیان» پەسـەند بـکا (ئۆلسۆن ١٩٨٩، ٤٠)، بـەڵام بـەو مەرجانـە کـە بـۆ پارێـزگار و فەرمانـدەی هێـزەکان لـە نـاو خەڵکـی عێـراق دا هەڵبـژاردن بکـرێ و زمانـی فەرمـی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی کـورد تورکـی بـێ. بڕگەی ١٥ هانـدەری کەڵک وەرگرتـن لـە زمانـی کـوردی بـوو، بەڵام نـەوەک بناخەیـەک بۆ پەسـەندکردنی زمانـی فەرمـی دەوڵـەت. بەڵام، پێشـنیارەکە لە لایـەن کوردانـەوە ڕەت کرایەوە و قـەت لـە لایـەن تورکانەوە جێبەجـێ نەکرا (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٨٨). بەڕاسـتی، قـەرار نەبـوو هیـچ ڕێککەوتنێـک دەگـەڵ کـوردان بکـرێ چونکـە ئـەوان دژی سـەروەریی تورکیـەی نـوێ لە سـەر بناخـەی کەمالیسـمی تورکـی بوون.

## دروست کردنی عێراق

لـە ڕێککەتننامـەی هاوپەیمانیـی لـە ١ی ئۆکتۆبـر، ١٩٢٢، کـە قـەرار بـوو بـۆ ماوەی بیسـت سـاڵ کاری پێ بکرێ (بڕگەی ١٨)، بریتانیا ئەمیر فەیسـەڵی وەک شـای عێـراق پەسـەند کـرد و ئەرکدار کـرا یارمەتی سـوپای عێراق بـکا (بڕگەی ٧). هەروەهـا، فەیسـەڵ ئەرکـدار کـرا کـە «هیـچ جـۆرە هەڵاواردنێـک لـە نێوان دانیشـتووانی عێـراق بـە هـۆی ڕەگـەز، ئاییـن یـان زمان ڕەچـاو نـەکا» (بڕگەی ٣).[٢] بـەڵام، کـوردەکان بوونـە ئامانجـی سـەرەکیی هـەڵاواردن. بریتانیـا ئەرکی « مسـۆگەر کردنـی وەرگیرانـی عێـراق وەک ئەندامـی یەکێتیـی نەتـەوەکان بـە زووتریـن کات»ـــی گرتـە ئەسـتۆ (بڕگـەی ٦). هـەر دوو لایـەن، لـە بڕگـەی ٨ دا، بەڵێنییـان دا «بـە هیـچ شـێوەیەک لـە خاکـی عێـراق کـە لـە کۆنتڕۆڵـی

١. ئەو پەیماننامەیە کە بە ڕێککەوتنی ئانکارا، ڕێککەوتنی فرانکلین-بویۆن و ڕێککەوتنی فەڕانسەیی-تورکی ئانکاراش ناسراوە.
٢. ڕێککەوتننامەی هاوپەیمانان (بە پرۆتۆکۆڵەوە) هی ١٠ی ئۆکتۆبە، ١٩٢٢.

دەسـەڵاتی بیانـی دایـە دەسـت هەڵنەگـرن یـان بـە کرێـی نـەدەن.» بریتانیـا ڕێککەوتنێکـی دەگـەڵ تـورکان کـرد، ئەگەرچـی دڵنیـا بوو کـە دەوڵەتی تورک بیـر لـە ڕێژیمێکـی دڵفراوانتـر بـۆ کـوردان ناکاتەوە.

## پەیماننامەی لۆزان (١٩٢٣): بڕیاری بیانی

هاوپەیمانـان، بـە تایبەتـی دەوڵەتـی بریتانیـا، لـە کەڵکوەرگرتـن لـە هێـز بـۆ جێبەجـێ کردنـی پەیماننامـەی سـیڤەر بـە گومان بـوون. بە گوێـرەی ئاگربڕی مودەینـا لـە نێـوان بریتانیا و ناسیۆنالیسـتە تورکەکان لـە ١١ی ئۆکتۆبر، ١٩٢٢، مەرجەکانـی پەیماننامـە ناسـەرکەوتووەکەی سـیڤەر پێویسـتی بـە دانوسـتانی سـەر لەنـوێ بـوو. هاوپەیمانـان و کەمالیسـتەکان، وەک تاکـە نوێنـەری بـێ ڕکابـەری تورکیـە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە ٢٠ی نۆڤەمبـەر لـە لـۆزان بـۆ کۆنفرانسـی ئاشـتی کۆبوونـەوە. (واگنـەر ٢٠٠٤، ٩٠؛ ئولسـۆن ١٩٩٢). مسـتەفا کەمال پەیماننامەی سـیڤەری هەڵوەشـاندبۆوە و سـەرجەم مەرجەکانی پەیماننامەکەی ڕەت کردبوونـەوە. بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە ئەنجومەنـی بـاڵای نەتەوەیـی بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی پلە و سیسـتەمی سـوڵتانی لە ٢٧ی ئۆکتۆبر، کەمالیسـتەکان دەوڵەتیان لە ئەسـتەمبوڵەوە بۆ ئانکارا گواسـتەوە (مانگۆ ١٩٩٩ ئا، ١٩٥) تا سـاڵێک دواتـر کۆمارێکـی نوێیـان لە ژێـر ئایدیۆلۆژی ناسـیۆنالیزمی تورکی-کەمالیسـتی ڕاگەیانـد. کـوردەکان لـە ئۆکتۆبری ١٩٢٢ زەبرێکی قورسـیان وێکـەوت، کاتێک

چرچیل، ڕێبەرێک کە لایەنگری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەک ناوچەیەک لە نێوان تورکیە و عێراق بوو، جێگای خۆی دا بە ویلیام کاوەندیش کە دژی ئەو ڕوانگەیە بوو (ئەپەل ٢٠١٦، ١٢٨-١٢٩).

لە ١٧ی فێبریواری، ، ١٩٢٣، مستەفا کەمال لە کۆنگرەی ئابووریی ئەزمیردا هیچ ئاماژەیەکی بە کوردان نەکرد (مانگۆ ١٩٩٩ ئا، ٢٥٣).[١] پێش ئەو کاتی ناوبراو لە پرۆتۆکۆڵی ئاماسیا دا (١٩١٩) و لە وتووێژێکی فەرمییدا (یەگەن ٢٠١١، ٨٤-٦٧) دانی بە مافە ئەتنیکی و کولتوورییەکانی کوردان دانابوو،[٢] بەڵام زۆر زوو تورکەکان سەرجەم پلەکانی بەڕێوەبەرایەتیی کوردستانیان گرتە دەست. لە نامە گۆڕینەوەکانی فەرمیی تورکیدا باس لە کوردستان لەناو برا و ناوە تورکییەکان جێگایان گرتەوە. مارچی ١٩٢٤ تڕۆپکی پرۆسەیەک بوو کە بە گوێرەی ئەو، زمانی کوردی لە دادگاکان و قوتابخانەکان دا قاچاخ کرا. بە واتایەکی ساکارتر، کۆمەڵکوژیی ئەتنیکی و زمانی بوونە سەرچاوەی «کۆلۆنیالیزمی پێشکەوتنخواز» (بالۆچ و مۆریس ١٩٩٢، ١٧٢). کوردەکان کە وەک «برای ڕاستەقینە» و «برای ڕەگەزیی» فریای تورکان کەوتن، بوونە دوژمنی ڕاستەقینە (مانگۆ ١٩٩٠ ئا، ٣٠٦).[٣]

لە کاتی دانوستانەکانی لۆزان، تورکەکان هێشتا کوردیان وەک ئەتنیکێکی

---

١. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری نوێ، ئەو قەت باسی کوردانی نەکرد.

٢. «بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیمان، شێوەیەک لە خۆسەریی ناوچەیی دەبێ دەستەبەر بێ. بۆیە، پارێزگاکان کە دانیشتووانی کوردن سەربەخۆیانە خۆ دەبەن بەڕێوە. [...] ئەنجومەنی باڵای نەتەوەیی تورکیە لە نوێنەری کورد و تورک پێکهاتووە و ئەو دوو گەلە بەرژەوەندیی و چارەنووسیان یەک خستووە»

٣. ئارشیوەی تاکەکەسی مستەفا کەمال، تەلەگرامەکان لە مستەفا کەمالەوە بۆ دیاربەکر لەمەڕ پرسی کورد (مای ١٩١٩ تا ئاپریلی ١٩٢٠) (بەشی مێژووی سەربازیی هێزی فەرماندەیی تورکیە ١٩٩٦): «کورد و تورک برای ڕاستەقینەن و ناکرێ لێک جیا بکرێنەوە»؛ «بوونی ئێمە دەخوازی کە کورد، تورک و سەرجەم موسڵمانان دەبێ هاوکاریی یەکتر بکەن تا پارێزگاریی لە سەربەخۆیی خۆمان بکەین پێش بە لەتبوونی وڵاتی باوانمان بگرین.»؛ «من لایەنگری مسۆگەر کردنی هەموو شێوە ماف و ئیمتیازم تا لە پەیوەست بوون [بە دەوڵەت] و خۆشبژیویی و گەشە کردنی برا کوردەکان دڵنیا بم، بە مەرجێک کە دەوڵەتی عوسمانی لێک هەڵنەوەشێ» (مانگۆ ١٩٩٩ ب). مستەفا کەماڵ «کایەی» بە خۆبەڕیوەبەریی بۆ کوردان دەکرد (گونتەر، ٢٠١٦، ٢٨). بۆ قەدەخە کردنی زمانی کوردی کە هێشتا کاری پێ دەکرێ، بڕوانە وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بازرگانی ئوسترالیا، زانیاریی وڵاتان ڕاپۆرت لەسەر تورکیە (٩ی ئۆکتۆبر، ٢٠١٨) https://www.dfat.gov.au/sites/default/files/country-information-report-turkey.pdf (سەردانکردن ٣٠ مای، ٢٠٢١).

جیا سەیر دەکرد بەڵام بە تەواوی لەو سیاسەتە پاشگەز بوونەوە، واتە، ئەوان کوردیان وەک بەشێک لە نەتەوەی تورک ناساند (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٨٨).[١] دوای دانوستانەکان کە لەویدا هەرکام لە لایەنەکان هەوڵی دا ئەوی دیکە ماندوو بکا، پەیماننامەی لۆزان (پەیماننامەی ئاشتی دەگەڵ تورکیە ١٩٢٣) و ئامرازی دیکە (کۆنوانسیۆنی کەنداوەکان، کۆنوانسیۆنی بازرگانی، ڕاگەیاندنی پێوەندیدار بە لێبوردنی گشتی، تاد) لە ٢٤ی جولای ١٩٢٣ لە نێوان تورکیە لە لایەکەوە و دەوڵەتانی ئیمپراتۆریی بریتانیا، فەڕانسە، ئیتالیا بە ڕەزامەندیی دەوڵەتانی ژاپۆن، یونان، ڕومانی، دەوڵەتی سەرب-کرۆوات-سلۆڤێن و چێکوسلۆڤاکیا لە لایەکی دیکەوە کۆتایی پێهات. وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەو پەیماننامەیە بانگهێشت کرابوو. پەیماننامەی لۆزان لە پێنج بەش بە ١٤٣ بڕگەوە پێکهاتووە. «تورکیە» بە ناو وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدانراوە. بریتانیا گشتپرسییەکی پێشنیار کراو لە لایەن تورکیەی ڕەت کردەوە، چونکە نێردەی تورک کە پشتیوانی کەمالیستان بوون بۆ سەرانسەری باشووری کوردستان نێردرابوون (ڤان برۆینەسەن ١٩٩٢، ٢٧٥؛ بێک ١٩٨١، ١٤٤). بڕگەی ٢ (١)ی پەیماننامەی لۆزان سنووری نێوان تورکیە و سووریەی، وەک لە بڕگەی ٨ی ڕێککەوتنی نێوان فەڕانسە و تورکیە لە ٢٠ی ئۆکتۆبر، ١٩٢١ لەسەری ڕێککەوتبوون، پەسەند کرد. بە گوێرەی بڕگەی ٣ (٢)ی پەیماننامەکە: «سنووری نێوان تورکیە و عێراق دەبێ لە پێکهاتنێکی دۆستانەدا لە ماوەی نۆ مانگ لە نێوان تورکیە و بریتانیای مەزن دیاری بکرێ. لە ئەگەری ساغ نەبوونەوە لەسەر هیچ ڕێککەوتنێک [...]، کێشەکە دەبێ حەواڵەی ئەنجومەنی یەکێتیی نەتەوەکان بکرێ [...].» تورکیە و دەوڵەتی بریتانیا خۆیان ئەرکدار کرد کە کەڵک لە هێزی سەربازیی یان

---

١. مستەفا عیسمەت ئینونو لە لوزان ئاماژەی بە یەکسانیی کورد و تورک کرد. بەڵام، ئەو دواتر بە پێداچوونەوەی بە بۆچوونەکەی دا کرد بە شێوەیەک کە «نەتەوەی تورک لە سەرووی هەموو نەتەوەکانە. ئەوانی دان بە سەروەریی ئەوان دانانێن، لە دۆخی بەربەرەکانی لەگەڵ ئێمە دان»(سترۆمەیەر ٢٠٠٣، ١٠٦).

ئامـرازی دیکـە بـۆ گۆڕینـی دۆخـی ناوچەکـە وەرنەگرن.

سـەرەڕای هەوڵـی بریتانیـا بـۆ گونجاندنـی خۆبەڕێوەبەریـی کـوردی لـە بڕگەیەکـدا، بـەڵام هیـچ ئاماژەیـەک بە دەسـتەواژەی «کوردسـتان»، «کورد» یان پارێزگاریـی لـە مافەکانیـان نەکرا (دالمـەن ٢٠٠٢؛ گونتەر ١٩٩٧، ؛ پالمـەر ١٩٩٤، ٢٦٤). بـە ڕاسـتی، ئـەوە نیگەرانیـی سـەرەکیی بریتانیا نەبـوو. بڕگـەی ٣٩ ڕێزپەڕ بوو: «هیـچ بەربەسـتێک نابـێ بەسـەر کەڵکوەرگرتـن [...] لـە هیچـکام لـە زمانەکان لـە ئاخاوتنـی تاکەکەسـیدا، لـە بازرگانـی، ئایین، لـە چاپەمەنی، یـان هەر جۆرە بڵاوکراوەیـەک یـان کۆبوونـەوەی گشـتیدا بسـەپێنرێ. سـەرەڕای بوونـی زمانی فەرمـی، دەبـێ دامـەزراوەی شـیاو بـۆ شـارۆمەندانی تورکیـە کـە تـورک زمـان نیـن ئامـادە بکـرێ تـا لـە دادگاکان کەڵک لـە زمانی خۆیـان وەرگـرن» (بڕگەی ٣٩). لەگـەڵ ئەوەشـدا، بڕگـەکان بـۆ مافەکانـی کەمینـە گرینگـن (پەیماننامەی ئاشـتی دەگـەڵ تورکیـە ١٩٢٣، بڕگەکانی ٣٧ تـا ٤٤، ٣٣-٢٩) و بەڵێنییەکانی دیکـە لـە ژێـر «پارێزگاری لـە کەمینەکان» کـە تایبەتـی ناموسـڵمانەکانن (واتە بـە شـێوەی سـەرەکی ئەرمەنییـەکان) و سـەرجەم دانیشـتووانی تورکیـە قـەت جێبەجـێ نەکـران چونکـە تورکیـە دانـی بە هیـچ کەمینەیـەک یـان مافەکانی دانەنـاوە. پەیماننامـەی لـۆزان گوایـە مافەکانـی کەمینـە ئەتنیکـی، زمانـی و ئایینییەکانـی پەسـەند کـردووە. بۆیـە، پەیماننامـەی لـۆزان بە شـێوەی کاریگەر دەوڵەتـی کـوردی هەڵوەشـاندەوە (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٤٢-١٣٧). بە گوێرەی بڕگەی ٣٨، دەوڵەتـی تـازە دامـەزراوی تورکیـە قـەرار بـوو «ژیـان و ئازادیـی تـەواو و بـێ کەموکوڕیـی سـەرجەم دانیشـتووانی بـێ لەبەرچـاو گرتنـی شـوێنی لـە دایکبـوون، سـەر بـە نەتەوەیەک بـوون، زمان، ڕەگـەز یان ئاییـن زەمانەت بکا.» پێشـەکییەکانی ئـەو بەشـە دەبـوو ببنە هـۆی نیگەرانیی نێونەتەوەیـی چونکە بە گوێـرەی بڕگـەی ٤٤، ئەوان بەشـێک بـوون لـە زەمانەتی یەکێتیـی نەتەوەکان. هـەر جـۆرە ئاڵوگۆڕێـک لەو پێشـەکییانەدا دەبوو لە لایەن زۆرینـەی ئەنجومەنی

یەکێتیی نەتەوەکان پەسەند کرابا.

لە یاسای بنەڕەتی ١٩٢٤ دا، تورکبوون بوو بە بناخەی شارۆمەندی. مستەفا کەمال لە ٤ی مارچ، ١٩٢٤، خەلافەتی ڕووخاند وکۆتایی بە پێوەندیی ئایدیۆلۆژیکی نێوان کورد و تورک هێنا (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٩٢-١٩٠؛ ئولسۆن و تاکەر ١٩٧٨؛ ئێدمۆندز ١٩٥٧). بۆ ڕزگاریی کوردستان و «نەتەوەی کورد» لە «چەنگ سەرکوتی بێ بەزییانەی تورکان» (سترۆمەیەر ٢٠٠٣، ٨٩)[١] بە زیندوو کردنەوەی خەلافەت و یاسای ئیسلامی لە سنوورەکانی کوردستان دا (سولەیمانی ٢٠١٤، ٢٤٥)، شێخ سەعیدی پیران، لە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی ئازادی، بە مەبەستی دروست کردنی «دەوڵەتێکی موسڵمانی کوردی» شۆڕشی دەست پێکرد (بۆزەرسلان ٢٠٠٣، ١٨٥)، بەڵام، سەرەڕای پشتگیری بەربڵاوی کوردانی سوننی، کوردە عەلەوییەکان دژی ڕابوون و پشتیوانییان لە دەوڵەتی تورک کرد کە هاندەرەکەی ترس لە سوننیگەری بوو (ڕەینۆلدز ٢٠١٧، ٤٤-٤٣). ئەوە سەرەڕای هەوڵەکانی شێخ بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی کوردە عەلەوییەکان بوو. خێڵگەرایی و ناکۆکی ئایینی بوونە هۆی دژایەتی یەکگرتوویی سیاسیی کوردان، کە لە هەڕەشەی دەوڵەتی ئەرمەنی و «ئەگەری تۆڵەی بریتانیا لەبەر تێوەگلانیان لە کۆمەڵکوژیی ١٩١٥» دەترسان (سولەیمانی ٢٠١٤، ٢٨١). کەمالیستەکان دەستیان بە ڕەتکردنەوەی کوردیزم و وەرسووڕان بەرەو ناسیۆنالیزمی کوردی بە وەپاڵدانی بیرۆکەی هەڵە بە کوردان یان ڕەت کردنەوەی ئەوان وەک تاقمێکی بچووک کە ناتوانن ببنە نەتەوە، کرد (زورشەر ٢٠١٤، ٢٣٤). بێلایەنیی فەڕانسە سیاسەتی کەمالیستانی دژی کوردان بەهێزتر کرد (ستۆمەیەر ٢٠٠٣، ١٠٢). ئەو سیاسەتە لەو کاتییەوە بەو شێوەیە ڕەچاو کراوە و لە یاسای بنەڕەتی تورکیەدا بە حاشا کردن لە دانپێدانان بە هیچ ئەتنیکێک جگە لە تورکان ڕەنگی داوەتەوە.

---

١. هۆی سەرهەڵدانی شێخ سەعید لە مارچی ١٩٢٤.

## ویلایەتی موسڵ

لە ٢٥ی جانیواری، ١٩٢٣، پرسی موسڵ پێشکەشی ئەنجومەنی یەکێتیی نەتەوەکان کرا، بەڵام بۆ دانوستانی زۆرتر لە ٤ی فێبریواری ڕاگیرا. ناکۆکییەکە لە ٦ی ئوکتۆبر، ١٩٢٤ دیسان پێشکەش کرایەوە، بەڵام دانوستانەکان هیچ ئاکامێکیان نەبوو. کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لە ٣٠ سێپتەمبەر بۆ دانی ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی خەڵکەکە پێکهات (گۆڤاری فەرمیی یەکێتیی نەتەوەکان ١٩٢٣).[١] لە ٢٩ی ئوکتۆبر، ١٩٢٣، یاسای بنەڕەتیی نوێ لە تورکیە بڵاو کرایەوە و، لە ١٣ی ئاگوست، ١٩٢٤، سیستەمێکی کۆماریی نوێ بە سەرکۆماریی مستەفا کەمال دامەزرێنرا (مانگۆ ١٩٩٩ ئا، ٢٣٥). خەڵکانی ژێردەسەڵاتی وەک «تورک» پێناسە کران (شیلدز ٢٠١١، ٢٤). عێراقی مودێڕن (نێوان دوواوان) لە ١٩٢٠ دروست کرابوو و، مانەوەی بە داگیرکردنی باشووری کوردستانەوە بەند بوو. بریتانیا بە گوێرەی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئەرکدار بوو مافەکانی عێراقییان بپارێزێ (١٩٢٤). چونکە هیچ نەخشەیەکی فەرمیی نەبوو کە سنوورەکانی موسڵ دەسنیشان بکا، زۆرینەی کورد بەرەوڕووی دووڕێیانێک بوونەوە کە ببووە هۆی پێکدادانی بێ بەزییانە لە نێوان ئاسۆڕی و تورکان. یەکێتیی نەتەوەکان لە ٦ی ئاگوست، ١٩٢٤، لە سەرەتادا هێلە کاتییەکانی بروکسێلی دیاریکردن (یان هێڵی برانتلینگ). لەسەر ڕاوێژی نەخشەکێشان، لیژنەیەکی لاوەکی لە ٢٧ی ئۆکتۆبر، پێشنیاری دانانی سنووری بە گوێرەی هێڵی بروکسێل ـــی بە یەکێتیی نەتەوەکان کرد. (لۆید ١٩٢٦).

لە کۆتاییدا، ڕاپۆرتەکە و پاشکۆکانی (نەخشە، ئامار و دیاگرام) لە جولای ١٩٢٥ دوای ماوەیەکی زۆر وەدوا کەوتن لە بەر تێبینییە «جوگرافیایی، ئەتنیکی، مێژوویی، ئابووری و فاکتەرە ستراتیژیکەکان» و «هیواکانی»

١. گۆڤاری فەرمیی یەکێتی نەتەوەکان، ژمارە ٤، ١٩٢٣، ٢٠٢٠-٢٠١. بۆ زانیاری لەمەڕ هەڵوێستی بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ موسڵ لە یەکێتییەکەدا، بڕوانە بێک (١٩٨١).

دانیشتووانی ئەوێ کە لە گشتپرسییەکەدا بڕیاری لەسەر درابوو، ئامادە کران (بێک ١٩٨١). بەڵام کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی خۆی لە لەبەرچاوگرتنی هێڵە ئەتنیکییەکان بە هۆی بەستراوەیی ناوخۆیی کورد و عەرەب بەیەکەوە لە خودی موسڵ (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٤٤)[1] و بەرژەوەندییە ستراتێژیکییەکانی بریتانیا بوارد: «سنووری پێشنیارکراو لە لایەن دەوڵەتی بریتانیاوە سنوورێکی ناوازەی ستراتێژیکییە،» کۆمیسیۆنەکە ئاکامگیری کردبوو (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٨٧). لەبەر ئەو هۆیە، بڕیارە کۆتاییەکەی «ئەوە دەبێ کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەبێ دروست بکرێ، چونکە کوردەکان پێنج لە سەر هەشتی حەشیمەتەکەی پێکدێنن» (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٤٣). بێتوو یەزیدییان «کە زۆر وەک کوردان دەچن» بە کورد ئەژمار بکەین، کوردەکان حەوت لە سەر دەی سەرجەم دانیشتووانی ویلایەتەکە پێکدێنن کە تێکەڵاوێکە لە کورد، عەرەب، کریستیان، تورک و جوو (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٤٣، ٥٧). بەڵام کوردستانێکی سەربەخۆ نەهاتە دروست کردن.

سەرەڕای لێکدابڕانی کوردان، «شتێکی ماقووڵ بوو» کە هەستی نەتەوەیی ئەوان گەشەی کرد، بە تایبەتی لە سلێمانی بە ١٨٩٩٠٠ کوردەوە (لە ١٩١٥٢٥ کەس حەشیمەت)، کە بەرزترین ئاواتیان «سەربەخۆیی تەواو» بوو لە کاتێکدا کە «جووڵانەوەیەکی بەهێزی ناوچەیی بۆ خۆبەڕێوەبەریی، ڕێگەدان بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە پەروەردە و فێرکردن، بەڕێوەبەرایەتی و دادگا ویاسا دا» هەبوو. کوردانی ئەو پارێزگایە «هیچ هۆگرییەکی تایبەتییان بۆ دەوڵەتی عەرەب نیشان نەدەدا. یەکێتی دەگەڵ تورکیە ڕەت کرابۆوە و، حەزێک بۆ یەکیتیی ئابووری دەگەڵ عێراق ئاشکرا ببوو.»

١. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە حوسێن (١٩٥٥).

کوردەکان «سوودەکانی سەرپەرشتیاریی ڕۆشنبیرانە و ژیرانەیان دەزانی.» لە کەرکوک بە حەشیمەتێکی ١١١٦٥٠ کەسییەوە، کورد (٤٧٥٠٠ کەس) کەمتر هاودەنگ بوون؛ زۆرینەی ڕادەبڕینە کوردییەکان، بێ لێکۆڵینەوە، «لایەنگری بەهێزی تورکیە» بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕادەربڕینەکانی سەرۆکە مەزنەکانی کوردان ئەوەی دەگەیاند کە «زۆرتر سۆزدارییان بۆ عێراق» هەبێ. لە هەولێر، بە ١٩١٧٨٠ کەس حەشیمەتەوە، کوردانی کۆی سنجق زۆربەیان هاوهەڵوێستی سلێمانی بوون. ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردان لە ناوەندی هەولێر لایەنگری تورکیە بوون، هەر وەک زۆرینەی تورک و عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە. بەشێک لە سەرۆکەکان لایەنگری «دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ژێر پارێزگاریی ئورووپایی، بە شێوەی دڵخواز، بریتانیا بوون،» و بەشێک لە کوردە لایەنگرەکانی عێراق «خوازیاری درێژکرانەوەی سەرپەرشتیاریی بریتانیا بوون.» هەولیر بە گشتی «زۆرینەیەکی لایەنگری تورکیە،» بە عەرەب (١١٧٠٠)، کورد (١٧٠٦٥٠)، تورک (٢٧٨٠)، کریستیان (٣٩٠٠) و جوو (٢٧٥٠) بوو. لە ناو دانیشتووانی موسڵ بە ٨٨٠٠٠ کورد لە کۆی ٣٠٦٠٠٠ حەشیمەت، هەستی نەتەوەیی کوردی «زۆر کەمتر گەشەی کردبوو» و لە هێندێک شوێن «هەر نەبوو.» زۆرینەی کوردان لایەنگری تورکیە بوون بە هێندێک کەس کە خوازیاری عێراق بوون کوردە یەزیدییەکان «بە شێوەی سەرەکی لایەنگری عێراق بوون بەو مەرجە لە ژێر سەرپەرشتیاریی ئورووپا بێ» (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٧٨-٧٦).

شێخ مەحمود لە لایەن بریتانیاوە وەک پارێزگاری سلێمانی لە ئۆکتۆبری

١٩١٨ پشتڕاست کرابۆوە (مەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٥٨).[١] ئەو دەوڵەتێکی بە ئاڵا و مۆری خۆیەوە (ئەپەل ٢٠١٦، ١١٩) ڕاگەیاندبوو. لەبەر هەوڵی ڕابردووی بۆ دروست کردنی کوردستانی گەورە لە ڕێگای جیهادەوە (گونتەر ٢٠١٦، ٦٥)، لە لایەن بریتانیاوە لەسەر کار لابرا و بینا دەوڵەتییەکان لە مارچی ١٩٢٣ لە لایەن هێزی ئاسمانییەوە بۆردومان کران. دوای هێنانەوە سەرکاری ناوبراو لە جولای ١٩٢٣، کوردی سلێمانی تووشی دووبەرەکی بوون. ئەو سنوورەکانی داسەپێنراو بەسەر دەسەلاتییەوە لە لایەن بریتانیای ڕەت کردەوە و دەوڵەتەکەی جارێکی دیکە لە لایەن هێزی ئاسمانیی بریتانیاوە لە ئاگوست، دێسەمبەری ١٩٢٣ و مای ١٩٢٤ بۆردومان کرا. لە کۆتاییدا لە ٦ی سێپتەمبەری ١٩٣٠ دەسبەسەر کرا کە بووە هۆی سەرهەڵدان و سەرکوتی بێ بەزەییانە لە لایەن سوپای عێراقەوە و دوورخرانەوەی لە کوردستان تا هەتایە (گۆرگاس ٢٠٠٨). بریتانیا نەیتوانی پشتگیریی لە سەربەخۆیی کوردان بە هیچ شێوازێکی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی و ناوخۆیی بکا. بۆیە دەوری کوردان نەبووە هیچ شتێک جگە لە پاراستنی هاوسەنگی.

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە ئەوەی زیاد کرد: «لە ناو کوردانــدا بۆچوونی جیاواز هەیە؛ تاقمی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری کە داوای [بەو شێوە نووسراوە] خۆبەڕێوەبەریی لەناو عێراقدا دەکەن نزیکەی نیوەی کۆی حەشیمەتی کورد پێک دێنن» (یەکێتیی نەتەوەکان ١٩٢٥، ٨٧). خەڵکی ویلایەتی موسڵ پشتگیریان لە مەیلی تورکیە خوازانەی خۆیان کردبوو و کوردان دەر دەکەن، بۆیە کۆتایی بە دەسەڵاتی خلافەت دێنن کە بۆ کوردستان

---

١. کورتەی دەسەڵاتدارییەکەی نوێنگەی ناسیۆنالیزمی کوردییە. ئەو نێردرایە تاراوگە و سۆن جێگای گرتەوە، کە ئەویش لە مارچی ١٩١٩ لەبەر «ڕوانگەکانی لەمەڕ خۆبەڕیوەبەریی ناتەبایی دەگەڵ سیاسەتەکانی بریتانیا کە زۆرتر خوازیاری یەکگرتوویی [عێراق و.] بوو» لەسەر کار لابرا. مەحمود لە سێپتەمبەری ١٩٢٢ دیسان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ تورکان، هێنرایەوە سەر کار. لە دەورەی دەسەڵاتداریی دووهەمی دا، ئەو لە دروست کردنی «پاشایەتییەکی کوردی» بە خاکی ئێرانەوە بە هاوپەیمانیی سمکۆ، لێبراوانەتر بوو. ئەمریکاییەکان وازیان لە چواردە خاڵەکەی ویلسۆن هێنا. لەمەڕ سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کوردان، بڕوانە ئولسۆن (١٩٨٧)، مەلا (٢٠٠٥، ١٢٧)، بێل (١٩٢٧) و ئەسکەندەر (٢٠٠٠).

پیـرۆز بـوو و یاسـا و ڕێسـای سێکولاریسـتی و کەمالیسـتی لـە تورکیـەی نوێ دا دەگونجێنـن. جێـگای ئاماژەیـە کـە لـە تورکیـە ئاییـن قەت لـە دەوڵەت جیا نەکراوەتـەوە، چونکـە ئاییـن لـە سـەدەی ڕابـردوودا دەوڵەتـی بەدەسـتەوە بووە. بۆیـە، کۆمیسـیۆن، ئەگەرچـی بـە تـەواوی نـا، داوای تورکیەی لـە پەیماننامەی سایکس-پیکۆ-سـازۆنۆف بـۆ جیـا کردنـەوەی ویلایەتـی موسـڵ لـە عێـراق و لکاندنـی بـە ناوچەی فەڕانسـەیی ئانـادۆڵ[١] ڕەت کردەوە و بە ویسـتی زۆرینەی عـەرەب، کـوردی یەزیدی، جوو و کریسـتیانی موسـڵ لەمـەڕ هەڵبژاردنی عێراق لـە جیـات تورکیە و لـە ژێر سەرپەرشـتیاریی کاریگەری ئورووپا، کۆمیسـیۆنەکە کارەکـەی بـە بڕیـاری مەرجـداری لکاندنـی ویلایەتەکـە بـە عێراقـەوە کۆتایـی پێهێنـا: «(١) ناوچەکـە دەبـێ لـە ژێـر سەرپەرشـتیاریی یەکێتیـی نەتەوەکانەوە بـۆ ماوەیـەک کـە ڕەنگبـێ بیسـت و پێنـج سـاڵ بخایەنـێ بمێنێتـەوە؛ (٢) دەبـێ ڕێـز لـە ویسـتی دەربـڕاو لە لایـەن کوردانـەوە بگیـرێ کە کاربەدەسـتی سـەر بـە ڕەگـەزی کـورد بـۆ بەڕێوەبەرایەتیـی وڵاتەکەیـان، جێبەجـێ کردنـی دادپـەروەری و فێـر کـردن لـە قوتابخانـان کەڵکیـان لـێ وەرگیرێـت و زمانـی کـوردی دەبـێ زمانـی فەرمیـی سـەرجەم ئـەو خزمەتگوزارییانـە بـێ.» پێش گەیشـتن بـە سـەرەنجامەکەی، کۆمیسـیۆنەکە لای وابـوو کە پێـوە لکاندنی ئەو ویلایەتـە بـە عێراقـەوە بـە لەبەرچاوگرتنی تەنیا لایەنـە ئابوورییەکانی کێشـەکە «یەکێـک لـە ئەرێنیتریـن ڕێککەوتنەکانـی» بـووە (یەکێتیـی نەتـەوەکان١٩٢٥، ٧٢) لـە کاتێکـدا بـە هۆگەلـی دیکـە بێجگـە لـە ئابـووری، لـەت کردنـی ناوچەکـە دڵخـوازە. بێجگـە لـەوە، ئەو پێشـنیاری کرد کـە «(١) وڵاتەکە لە ژێـر یەکێتیی نەتەوەکانـدا بـۆ مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵ بمێنێتـەوە. (٢) ویسـتی کوردان بـۆ ئـەوە کـە بەڕێوەبـەران، دادوەران و مامۆسـتایانی قوتابخانـە لـە خۆیـان بـن و زمانـی کـوردی وەک زمانـی فەرمیـی لـە سـەرجەم چالاکییەکاندا بـێ، لەبەر

١. کۆمیسیۆنەکە لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە دەلیلی تورکیە «تەنیا بەشێکی دروستە» (یەکێتی نەتەوەکان ١٩٢٥، ٢٤).

چاو بگیرێت» (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٨٩-٨٨). کۆمیسیۆنەکە جەختی لەسەر پاراستنی دۆخی ئێستا یان یەکگرتوویی مێژوویی بەغدا و موسڵ و هەروەها سەرپەرشتیاریی بریتانیا بە سەر عێراقەوە بۆ پاراستنی مانەوەی عێراق، سەرەڕای دۆخی ناسەقامگیری ناوخۆیی و چارەسەر کردنی کێشەی نێوان عەرەبی سوننی و شیعەی کردەوە.

ئەوە بە پێچەوانەی بانگەشەی خودی کۆمیسیۆنەکە بوو کە پشتڕاستی کردبۆوە کە «ئێمە لە ناو کوردان دا هەستی نەتەوەیی پەرەئەستێن دەبینین، کە بێ ئەملا و ئەولا کوردییە نەک عێراقی،» لەو ناوچەیە «هیچ هەستێکی نەتەوەیی عێراقی» یان هاوپشتی بۆ پاشایەتی عەرەب لە گۆڕێدا نییە، بێجگە لە ناو ئەوانەی تا ڕادەیەک خوێندەوارن، و «هەستی لایەنگری لە عێراق تا ڕاددەیەک شلوێیە.» تەنانەت عەرەبە ناسیۆنالیستەکانیش زۆربەیان «تورکیەیان پێ لە عێراقێکی ژێر کۆنترۆڵی بیانیی باشترە» (یەکێتیی نەتەوەکان١٩٢٥، ٧٨). بێجگە لەوە، تێڕامانە ئابوورییەکان دەگەڵ بوونی سەرپەرشتیاریی بیانیی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ لایەنگرانی عێراق گرینگ بوو. بۆ کۆمیسیۆنەکە، لە ناوچەی داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا دامودەزگاکانی عێراق هێشتا سەروەریی یاساییان بە سەر ناوچە داگیرکراوەکان دا نەبوو چونکە تورکیە وازی لە مافەکانی نەهێنابوو ئەگەرچی جاروبار خوازیار بوو «واز لە ناوچە تەواو عەرەبەکان بێنێ.» عێراق هەر ئێستا دامەزرابوو و ، بۆ کۆمیسیۆنەکە، بە شێوەی «ئاسایی» مافی هەبوونی سنوور بۆ مانەوە و گەشە کردنی سیاسی و ئابووری هەبوو (یەکێتیی نەتەوەکان ١٩٢٥، ٨٤).

کۆمیسیۆنەکە گەیشتە ئەنجامگیرییەکی ناڕوون. ئەو هەروەها دەلیل هێنانەوەی تورکیەی لەمەڕ ویستی بێ ئەملا و ئەولای خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ تورکیە و دەلیل هێنانەوەی بریتانیاش لەمەڕ لێک جیا کردنەوەی ناوچەکان بە گوێرەی ڕەگەزی ڕەت کردنەوە. هەستە جیاوازەکانی تاقمە ئەتنیکییەکان

نەبوونـە تاکـە بنەمـای دۆخـی سیاسـیی داهاتـووی عێـراق چونکـە ناوچەکـە فـرە ئەتنیکییـە. مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس تەنیـا لـە ناوخـۆی دەوڵەتانەوە دەسـتەبەر دەکرا، لەو ڕووەوە کەمینەکان مافی پاراسـتنی شوناسـە جیاوازەکانی خۆیـان بـە مسـۆگەر کردنـی مافە زمانـی، کولتـووری و ئایینییەکانیـان پێ درا، بـەڵام سـەربەخۆیی تەواویان پـێ نەدرا. دیاریکردنی چارەنووسـی سـەربەخۆیانە بـۆ ئـەو پاشەکشـەیە کـەم کرایـەوە، کە لـە ڕێککەوتنـی نەتەوەکان بە شـێوەی مافەکانـی کەمینـەکان پەسـەند کـرا. بەڕاسـتی، پرەنسـیپی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە ڕێککەوتنەکـەدا هەر باسـی نەکرا.

## دابەشکردنی کوردستان

بـە گوێـرەی کۆمیسـیۆنەکە، بێتوو عێراق پێش «ئامادە بـوون بۆ خۆبەڕێوەبەریی بـێ پشـتگیریی یەکێتیـی نەتـەوەکان» مـاوەی سەرپەرشـتیاریی کۆتایی پێبێ «بـۆ ناوچەکـە بـە سـوودترە لە ژێر سـەروەریی تورکیـە دا بمێنێتـەوە» (یەکێتیی نەتـەوەکان١٩٢٥، ٨٥). خەڵکـی ویلاتـی موسـڵ تورکیەیـان پـێ لـە عێراق باشـتر بـوو (ئولسـۆن ١٩٨٩، ١٤٨) ئەگـەر مەرجەکانـی ئاماژە پێکراو لەسـەرەوە جێبەجێ نەبـن، ئەگەرچـی کۆمیسـیۆنەکە بـە تەما بـوو یەکـەم مەرجەکە پاشـگوێ بخا کـە داوای ئەندامەتـی عێـراق لـە یەکێتیـی نەتـەوەکان بـۆ مـاوەی ٢٥ سـاڵی کردبـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا، سـەرەڕای بەڵێنـی کۆمیسـیۆنەکە، هیـچ مافێکـی سیاسـی یـان کەلتوری بۆ کوردان دەسـتەبەر نەکـران. داوا کارییەکانی کوردان لـە لایـەن بریتانیـاوە، کە لـە پەیماننامـەی جانیـواری ١٩٢٦ سەرپەرشـتیاریی بەسـەر عێـراق داسـەپاندبوو، بـێ وەڵام مانـەوە. هەوڵەکانـی تورکیـە بـۆ گرتنـەوەی ویلایەتـی موسـڵ بـە بەدەسـتەوەدانی نەوت بـێ ئاکام بوون (ئۆشـی

٢٠٠۴).[١] سەرەڕای زەختی بریتانیا بۆ مافەکانی کوردان بە گوێرەی بڕیاری کۆمیسیۆنەکە، تورکیە سیاسەتێکی نکۆڵی کردن لە مافەکانیانی گرتە بەر: ئەو هەر دوو ڕاپۆرتەکە و دەسەڵاتی یاسایی ئەنجومەن و بڕیارە ئەرکهێنەرەکانی ڕەت کردنەوە، لە کاتێکدا کە بریتانیا دانوستانی ڕاستەوخۆی ڕەت کردەوە. حوکمی ئەنجومەنەکە نێردرایە دادگای هەمیشەیی دادپەروەریی نێونەتەوەیی، لە کاتێکدا کە تورکیە دانی بە دەسەڵاتی یاسایی دادگایەکە دانەنا (بێک ١٩٨١، ١۴۴). لە سەر داوای یەکێتیی نەتەوەکان، دادگای ڕاوێژکاری بۆچوون لە ١۶ی دێسەمبەر، ١٩٢٥ دۆسیەی کێشەکەی بەست (ڕاپۆرتی دادگای هەمیشەیی دادپەروەریی نێونەتەوەیی ١٩٢٥)، کە ڕایگەیاند بڕیاری کۆمیسیۆنەکە و بڕگەی ٣ (بەندی ٢) لە پەیماننامەی لۆزان بۆ گشت لایەک ناچارییە. دەگەڵ ڕەتکرانەوەی پەیماننامەی سیڤەر لە کاتی شەڕی سەربەخۆیی تورکیە و کاتێک کێشەی موسڵ بە قازانجی بریتانیا چارەسەر کرا، بریتانیا تێچوو و قازانجەکانی هاوپەیمانی دەگەڵ کوردانی دەگەڵ هاوپەیمانی دەگەڵ ئێلیتی عەرەبی سوننی هەڵسەنگاند کە لە دەوری بنەماڵەی هاشمی لە عێراق ڕێک خرابوون. کوردەکان تا دەهات ئەو خەباتە سیاسییەیان زۆرتر دەدۆڕاند. بریتانیا تا دەهات پێشترێتی بە بەرژەوەندیی دیکە دەدان و لە بەڵێنییەکانی بە کوردان پاشگەز دەبۆوە. مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردان کەوتە کۆتایی لیستەی نیگەرانییەکانی زلهێزەکانی دیکە.

نە وڵاتە یەکگرتوەکان و نە دەوڵەتانی دیکە بەڵێنی سەرپەرشتیارییەکی کوردییان نەدا ئەگەرچی هێندێک لە سیاسەتوانانی دەوڵەتی بریتانیا بۆ ماوەیەک بە زەوق‌وشەوقەوە بیریان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی یان دەوڵەتێکی پارێزراو دەکردەوە (تەجیریان ٢٠٠۴؛ ئیزەدی ٢٠٠۴، ١٠٠).[٢] بەڵام

١. ئۆشی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە نەوت تا ڕادەیەک بۆ بریتانیا ناگرینگ بوو چونکە لە نامەگۆڕینەوەکانی چرچیل-کۆکس دا جەختی لەسەر نەکراوە، بەڵام پرسە ئابووری و بازگانییەکان گرینگ بوون. بێجگە لەوە، ئەو پێی وایە کە کوردەکان بۆخۆیان ڕێبەرێکی جێگای متمانەیان نەبوو (ئۆشی ٢٠٠۴، ١٢۶-١٢٥). هەر وەها بڕوانە گونتەر (٢٠٠۴) و ئەسکەندەر (٢٠٠٠).

٢. هەروەها بڕوانە تەجیریان (٢٠٠۴، ١٥٩).

ئـەو هەڵوێسـتە لاوەکـی بـوو و دەگـەڵ تێپەڕینـی کات لەنـاو چـوو. لـە ٢٢ و ٢٣ی دێسـەمبەر، ١٩٢٢، کۆنفرانسـی ئینگلیزی-فەڕانسـەیی لەبـارەی تورکیە ڕایگەیانـد کـە «هیـچ سەرپەرشـتیارییەک، چ ئیگلیـزی یـان فەڕانسـەیی یـان ئینگلیزی-فەڕانسـەیی، بـۆ کوردسـتان بـە گشـتی مومکیـن یان دڵخـواز نییە، ڕەنگبـێ بێجگە لە ناوچەی ڕێککەوتن لەسـەرکراوەکەی باشـووری کوردسـتان نەبـێ» (دۆکریـل سـی١٩٩١، ٢٦٧). بریتانیـا، لـە پرۆتۆکۆڵەکـەی (٢٣ی ئاپریـل، ١٩٢٣) لەگـەڵ عێـراق (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٦٨) وازی لـە سیاسـەتی پێشـووی هێنـا و کەمتـر لـە چـوار مانـگ دواتـر دوای پەیماننامـەی لـۆزان (بڕیارنامەی دێسـەمبەری ١٩٢٣)، بـە ئانقەسـت بـۆ هەمیشـە خـۆی لـە پرسـی کـورد دزییەوە.

تورکـەکان کە بـە کاریگەریـی وێرانکارانەی سـەرهەڵدانیان دەزانـی، بەڵێنی لێبوردەیی و دەسـتەبەرکردنی سیسـتەمێکی تایبەتی دەوڵەتداریی بۆ کوردانیان دا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، تـورکان هێرشـی نوێیـان ڕێکخسـت تـا ڕێبەرانـی کـورد دەسبەسـەر بکـەن. بـاری نائاسـایی ڕاگەیێنـرا و لـە ژێـر یاسـای گەڕاندنـەوەی نـەزم «دادگای سـەربەخۆیی» دامـەزران، کـە دەسـەڵاتی دەرکردنـی حوکمـی لەسـێدارەدانیان دژی داواکراوان هەبوو. لە ٢٧ی مای، ١٩٢٥، شـێخ عەبدولقادر حوکمـی ئیعدامـی بۆ دەرچـوو (ئۆزۆگلـو ٢٠٠١).[١]

«ناسـیۆنالیزمی تـەواو لـە بەرگـی ئاییـن دا» بـە ڕێبەریـی شـێخ سـەعید تووشـی نسـکۆ بـوو. (سولەیمانی ٢٠١٤، ٢٧٦-٢٤١). ئـەو لـە ١٥ی ئاپریـل، ١٩٢٥ دەسبەسـەر کـرا (مانگـۆ ١٩٩٩ ئـا، ٢٥١) و دەگـەڵ زۆر کەسـی دیکـە لـە ٢٩ی جـوون لـە دیاربەکـر لـە سـێدارە درا (ئولسـۆن و تاکـەر ١٩٧٨؛ ئولسـۆن ١٩٨٩)،[٢] کە نیشـاندەری سـەرهەڵدانی «کەمالیزمی ئاشـتینەخواز» بوو (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٩٨)

---

١. یاسایەکە لە ١٩٢٩ هەڵوەشێنرا، لە کاتێکدا کە داداگاکان تا ١٩٤٩ درێژەیان هەبوو (کوربان ٢٠٢٠، ٨٧).

٢. داوی شێخ سەعید، هۆزی مەردیسیان لە ١٩٢٦ بە ڕێبەریی شوکری ئاغا سەرهەڵدانیان کرد کە بەهۆی سیخوڕێکی تورکانەوە کە خۆی خزاندبوو ناو کۆبوونەوەکانیانەوە، تێک شکێندرا.

بـە ڕاگەیاندنـی دۆخـی گەمـارۆدراوی، وەدەرنانی کوردان بـەرەو ڕۆژاوای تورکیە و سـووریە و نیشـتەجێ کردنـی تـورکان لە پارێـزگا کوردییەکان. ئەو سیاسـەتە نوێیـە بـوو بـە هـۆی سـڕینەوەی شوناسـی کـوردی. ناسـیۆنالیزمی تورکـی یان «تورکانـدن» لـە پارێـزگا کوردییـەکان بە دروسـت کردنـی ماڵی خەڵـک (کوربان ٢٠٢٠، ٨٩) تەشـەنەی کـرد تـا کـوردان بکاتە «تورکی باش» (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ٢٠٢٠-١٩٤). دوای ئەوە، دەسـتەواژەی جوگرافیایی «کوردسـتان» لە کتێبەکان پـاک کرایـەوە (ڤان برۆینەسـەن ١٩٩٢، ٢٨٢)، ئەوە پرۆسـەیەکە کە هێشـتا درێژەی هە یە.

دوای ١٩٢٣ ئەگـەری گۆڕینـی خاکـی کـوردان کـەم بوو. بـەڵام، بنەماڵەی ناڕازیـی کـورد، بەدرخـان بناخەدانـەری هەسـتی خۆبەڕێوەبەریـی و جیـا کردنـەوەی کوردسـتان؛ بـە بانگەشـەی سـێکولار بـۆ چارەسـەر کردنـی پرسـی کـورد لەنـاو سـنوورەکانی عوسـمانی دا بـوون. بـە ڕێبەرایەتـی جـەلادەت و کامـەران بەدرخـان (کوڕەکانـی ئەمیـن عەلـی)، کۆمەڵـەی خۆییبـوون[١] وەک «هاوپەیمانییەکـی نەتەوەیـی» بـۆ سـەرجەم چیـن و توێـژی کـورد دەورێکـی هەسـتیاری لـە بـرەودان بـە کولتـووری هاوبەشـی کـوردان و دروسـت کردنـی قوتابخانـەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی بـۆ ڕزگاریـی «خاکـی نەتـەوەی کـورد» لـە شـام لـە چنـگ کەمالیـزم دا هەبوو. ئـەو لـە ئۆکتۆبـری ١٩٢٧ دامەزرێندرا، کە

١. لە ئۆکتۆبری ١٩٢٧، کوردانی سەر بە هەموو چین و توێژێژ کە تاراوگەیان هەڵبژاردبوو حیزبی «کۆمەڵەی خۆییبوون» یان لە بامدون، لوبنان، دامەزراند. هێندێک سەرچاوە ئاماژە بە ١٩٢٤ وەک ساڵی دامەزرانی دەکەن. ناهومێد لە بریتانیا و فەڕانسە، ئەوان داوای سەرپەرشتیاریی ئیتالیا و ئەمریکایان دەکرد. بنکەی سەرەکییەکەی لە حەڵەب بوو و نوێنەرایەتی لە لەندەن، پاریس و دیترۆیت هەبوو و لقی نهێنی لە عێراق، سووریە و تورکیە هەبوون (فوکارۆ ٢٠٠٣، ١٩٧). خۆییبوون دەستی بە جووڵانەوەیەکی «پێنووس» (کولتووری و زمانی) بۆ گەشە پێدان بە شوناسی نەتەوەیی کوردان بە فێر کردنی زمانی کوردی (کورمانجی)، وێژە و مێژوو و جوگرافیای کوردستان لە قوتابخانەکان دا کردبوو. گۆڤاری وەرزیی هاوار بە کوردی و فەڕانسەیی لە ١٩٣٢ تا ١٩٤٣ بڵاو دەکرایەوە. پاشان، ڕۆژا نو تا ١٩٤٦ بەرهەم هێنرا. کوردەکان هەروەها لە مارچی ١٩٤١ بەولاوە کەڵکیان لە ڕادیۆ وەردەگرت. هاوکات، کۆمەڵگەی دیکەی کوردی وەک جیوانێن کورد و کلوبی شەرەفەدین بەدلیسی، کلوبی سەلاحەدین لە جزیرا و دیمەشق دامەزران. هەروەها، کوردناسانی فەڕانسەیی و ڕۆژهەڵاتناسان بە دستەبەر کردنی کەرەسە و نەتەوەسازیی یاریدەدەریان بوون. جووڵانەوەی کولتووریی کورد دیاردەیەکی داهێنەرانەیان هەبوو، ژنانی کورد کە بەدرخان وەک «توخمێکی بەرخۆدانی ڕۆژهەڵاتی» ئاماژەی پێدەکردن، دەکرێ وەک بناخەی هێزی چەکداریی تایبەتی ژنان، یەکینەکانی پاراستنی ژنان یان یەکینەکانی پارپاریزگاریی ژنان لە ڕۆژاوا سەیر بکرێ (تەیەل ٢٠٠٩، ٢٨-٢٣).

دواتـر بـوو بە هۆی شۆڕشـی ئاگـری داغی (چیای ئـارارات) لە ژێـر فەرماندەیی ئیحسـان نـوری پاشـا لـە ١٩٣٠یـەکان (ئێدمۆنـدز ١٩٧١).[١] هاوکاریی سـەربازیی لـە نێـوان بریتانیـا، فەڕانسـە و ئیتالیـا لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئابلۆقەکانـی سـەر تورکیـە یەکلاکـەرەوە بـوون. دوای پەسـەند کـران بە گوێرەی بڕیـاری یەکێتیی نەتـەوەکان و ئـەو مەرجانـەی پێـوەی زیـاد کرابـوون، بریتانیا، تورکیـە و عێراق پەیماننامەیەکـی سـێ قۆڵییـان لـە ٥ی جـوون، ١٩٢٦ لە ئانگـۆرا واژۆ کرد، کە سـنوورەکانی «تـا هەتایـی و هەرگیـز نەگـۆڕ»ی نێـوان عێـراق و تورکیـە تێیـدا دەسنیشـان کـران، کـە بـە گوێـرەی ئەو موسـڵ بـە عێراقـەوە لکێنـرا و ١٠ لە سـەتی داهاتـی نەوتەکـەی بۆ ماوەی ٢٥ سـاڵان درا بە تورکیە (مـەکداواڵ ٢٠٠٣، ١٤٦).[٢] بـە کـردەوە، وڵاتـی کـوردان لـە ٥ی جـوون، ١٩٢٦ لـەت لـەت کـرا، بـەڵام بـە پێچەوانەی بێ ئەمـلاو و ئەولای «بەرژەوەندیـی خەڵکەکەی» و «خولیا نەتەوەییـە پێناسـەکراوەکانی» ئـەوان (لینـک ١٩٨٤، ٣٣٣-٣٢٢).[٣]

دواتـر و دەگـەڵ لێکهەڵوەشـانی یەکێتیـی سـۆڤیەت، کەمینـە کوردەکانـی سـۆڤیەت بە سـەر کۆمـارە جیاکانی ئەرمەنسـتان و ئازەربایجـان‌دا دابەش بوون.

## دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕێککەوتنـی هاوپەیمانیـی ئینگلیزی-عێراقـی (٣٠ جـوون، ١٩٣٠)،[٤] کـە جێـگای پەیماننامەکانـی ١٩٢٢ و ١٩٢٦ی گرتـەوە،[٥] عێراقـی وەک دەوڵەتێکـی ئـازاد

---

١. سورەیا بەدرخان ئاماژەی بە خۆیبوون وەک هاوپەیمانییەکی نەتەوەیی کردووە (سترۆمەیەر ٢٠٠٣، ١٠٩).

٢. ڕێککەوتنەکە لە نێوان شانشینی یەکگرتوو، عێراق و تورکیە، پەیماننامەکانی شانشینی یەکگرتوو. http://foto.archivalware.co.uk/data/Library2/pdf/1927-TS0018.pdf (سەردانکردن ٣٠ مای، ٢٠٢١) هەروەها بڕوانە کاتەل (٢٠٠٤، ٢٦٠).

٣. چوار خاڵ، وودرۆو ویلسۆن، «وتارێک بۆ کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆنگرە [٤ خاڵ]» (لینک ١٩٨٤، ٣٣٣-٣٢٢).

٤. لە ٤ی ئاپریل، ١٩٥٥ ڕێککەوتنێکی تایبەتی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی هێزی سەربازیی عێراق و فڕۆکەخانە سەربازییەکانی لە لایەن بریتانیاوە، کە دواتر بووە هۆی درێژەدانی سەرکوتی کوردان و سەرهەڵدانەکانیان، جێگای پەیماننامەی ١٩٣٠ گرتەوە. https://treaties.fco.gov.uk/awweb/pdfopener?md=1&did=65637 (سەردانکردن ٣٠ مای، ٢٠٢١).

٥. پەیماننامەی ئینگلیزی-عێراقی لە ١٣ی جانیواری ١٩٢٦، لەمەڕ لکاندنی ناوچەی موسڵ بە عێراقەوە، ئاماژەی بە مافی کوردان نەکرد.

ڕاگەیاند، ئەگەرچی ئازادییەکەی لە سەرپەرشتیاریی لە لایەن یەکێتیی نەتەوەکان یان کۆمیسیۆنی هەمیشەیی سەرپەرشتیاریی پێشوازیی لێ نەکرا.[١] لە کۆتاییدا بە ڕاپۆرتی ساختەی بریتانیا لەمەڕ جێبەجێ کرانی مەرجەکان و گەیشتن بە گەشەی سیاسیی دیاریکراو بۆ ئەندامەتی یەکێتیی نەتەوەکان، عێراق لە ٣ی ئۆکتۆبر، ١٩٣٢ (بە پێی برگەی ٦ و ١٨ی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی دەگەڵ پرۆتۆکۆلی ١ی ئۆکتۆبر، ١٩٢٢ و پرۆتۆکۆلی ٣٠ ئاپریل، ١٩٢٣)، بوو بە ئەندامی یەکێتیی نەتەوەکان(مەکداواڵ ١٩٩٢، ٢٠).[٢] لە ١٩٣٦ پارس ناوی خۆی گۆڕی و بوو بە «ئێران» بە ڕواڵەت بۆ نیشاندانی فرەنەتەوەیی بوونی دەوڵەت-نەتەوەی مودێرنی ئێرانی. بریتانیا پاشەکشەی کرد یان هاواری کرد کە لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی لە دیاریکردنی چارەنووسی کوردی خیانەتی لەگەڵدا کراوە. لە ڕاستیدا، دەوڵەتی بریتانیا «سووکایەتی» (بولۆک و مۆریس ١٩٩٢، ٩٩) بە سەربەخۆیی کوردان کرد. بۆیە، ئەو تا ڕادەیەکی گەلێک زۆر دەسەڵاتی عەرەبانی بە سەر کورداندا سەپاند. «بە هۆی گەشە نەکردوویی دۆخی وڵاتەکە، نەبوونی پێوەندی و دووبەرەکیی هۆزەکان،» بریتانیا گەیشتە ئەو ئاکامە کە دروست کردنی کوردستان لانیکەم ئەو کاتی مومکین نەبوو، سەرەڕای «جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بەهێز بەرەو خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی.» بەڵام، بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی یان «ئاستێکی بەرزی خۆبەڕێوەبەریی،» بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمیی، وا لێک نەدرایەوە کە «مومکین» بێ (بوردەت ٢٠١٥ب، ١٩٢-١٨٩).[٣] بە واتایەکی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆیانەی کوردی، لە سیاسەتی بریتانیا بەرانبەر بە کوردان دا پێشترییەتی پێ نەدرا. لە باشترین حاڵەت دا

١. بۆ ڕێگای عێراق بەرەو بوون بە دەوڵەت، بڕوانە پێدێرسێن (٢٠١٠). بۆ پاشە کشەی بریتانیا لە عێراق، بڕوانە سلاگلەت (٢٠٠٧).

٢. ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی. http://foto.archivalware.co.uk/data/Library2/pdf/1926-TS0010.pdf (سەردانکردن ٣٠ مای، ٢٠٢١).

٣. بریتانیا لە دێسەمبەری ١٩٢١ وازی لە پشتیوانی لە کوردان هێنا. بڕوانە ئۆلسۆن (١٩٩٢).

دیاریکردنی چارەنووس لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا بە شێوەی نایەکسان جێبەجێ کرا.

شکستی فەڕانسە لە ١٩٤٠ هۆی کۆتاییهێنان بە سەرپەرشتیاریی فەڕانسە لە شام بوو. دەگەڵ سەرکەوتنی ناسیۆنالیستەکانی سووریە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە جولای ١٩٤٣ و دەسپێکی شۆڕشی عەرەب، دەوڵەتی نوێی فەڕانسە دانی بە سەربەخۆیی سووریە و لوبنان دانا. لە ١٩٤٦، سووریە سەربەخۆیی لە سەرپەرشتیاریی فەڕانسە ڕاگەیاند و کۆماری چوارەمی فەڕانسە هێزەکانی بێ هیچ ڕێککەوتنێک دەگەڵ کوردان کشاندەوە (ساڤەلسبەرگ ٢٠١٤، ٩٠). کۆتایی سەرپەرشتیاریی فەڕانسە لە شام و سەربەخۆیی سووریە لە ١٩٤٠ ـــەکان دیسان بێ ئاڵوگۆڕ لە مافەکانی کورداندا ڕوویدا. لەبەر ئەو هۆیە، دیاریکردنی چارەنووس یان تەنانەت دەوڵەتداریی دێموکڕاتیک وەک خەیاڵپڵاو مایەوە.

## ڕەتکردنەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن دەوڵەت-نەتەوە مودێرنەکانەوە

کاتێک دوو ڕێبەر، سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان فرانکلین دەلانۆ روزوێلت و سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وینستۆن چرچیل، لە ١٤ی ئاگوست، ١٩٤١، ڕاگەیەنراوێکی دڵخوازانەی ئامانجەکانی جەنگیان بڵاو کردەوە (جاڕنامەی ئاتلانتیک ١٩٤١) کە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ناو ئامانجەکانی دابوو. ڕاگەیەندراوەکە لەناویاندا «هێندێک پرەنسیپی هاوبەش» هەر شێوە «ئاڵوگۆڕی هەرێمی کە بە گوێرەی داخوازیی ئازادانەی ئەو خەڵکەی دیانگرێتەوە نەبێ» ڕەت کردەوە (جاڕنامەی ئاتلانتیک، پرەنسیپی دووهەم)، کە پێوەری دەروونیی دیاریکردنی چارەنووسی درکاند. دوو ڕێبەرەکە پرەنسیپێکیان ڕاگەیاند تا ئیزن بدەن «هەموو گەلێک شێوەی ئەو دەوڵەتە هەڵبژێرن کە

دەیانهەوێ لە ژێریدا بژین» (جاڕنامەی ئاتلانتیک، پرەنسیپی سێهەم)، کە بە کردەوە لە جیات دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی پێشنیاری دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆییان دەکرد. بە ڕاستی، چرچیل لە ٩ی سێپتەمبەر، ١٩٤١، لە پارلمان، چەمکەکەی بەو شێکارییە ڕوون کردەوە کە دیاریکردنی چارەنووس شوێنە بە تەواوی کۆلۆنیکراوەکانی ئوروپاییان لە دەرەوەی ئورووپا ناگرێتەوە، بەڵام تەنیا «ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی ئورووپا کە ئێستا لە ژێر نیری نازیسم دان» دەگرێتەوە (ئاگادار کردنەوەی پارلمان ١٩٤١).[1] بەڵام، پێویست بە ئاماژەیە، کە جاڕنامەکە بە کردەوە هیچ کەڵکێکی نەبوو یان بەشێک نەبوو لە هەڵوێستی براوەکان بەرانبەر بە دیاریکردنی چارەنووس. ڕاگواستن و دەرکردن زۆر جار بوو بە سیاسەتی ڕاستەقینەیان کە دەگەڵ ویستی ئازادانەی ئەو خەڵکەی کە کاریگەری لەسەریان هەبوو یەکی نەدەگرتەوە، بەو شێوەیە دیاریکردنی چارەنووس لە کردەوەکانی دواییدا ڕەت کرایەوە (فیش ٢٠١٥، ١٨٥-١٨٣). هاوپەیمانان لە ١ی جانیواری، ١٩٤٢ لە «جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان» دا پرەنسیپەکەیان واژۆ کرد تا ئاگربڕێکی جیاواز یان ئاشتی دەگەڵ دوژمنانی ئەندامی وڵاتانی تەوەر [ئاڵمان و هاوپەیمانانی، و.] نەکەن. کۆمارەکانی ئەمریکا لە سێهەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە لە ١٩٤٢، پشتیوانییان لە جاڕنامەی ئاتلانتیک کرد. ئەوە دەکرا وەک یەکەم ڕەچاوکردنی بەربڵاوی پرەنسیپی دیاریکردنی چارەنووس لە لایەن نەتەوەکان سەیر بکرێ. لە ١٩٤٤، لە کۆبوونەوەی دامبارتۆن ئۆکس لە واشینگتۆن دی سی، وڵاتە یەکگرتووەکان، پاشایەتیی یەکگرتوو، یەکێتیی سۆڤیەت و چین بناخەی ڕێکخراوێکی جیهانییان داڕشت، «نەتەوە یەکگرتووەکان.» پرەنسیپەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و سیستەمی

---

١. گەنگەشەی پارلمانی، پارلمان، ٩ی سێپتەمبەر، ١٩٤١، ‹دۆخی جەنگ›، بەرگی ٣٧٤، ٦٩-٦٨، لە https://api.parliament.uk/historic-hansard/commons/1941/sep/09/warsituation#column_94 دەست دەکەوێ. (سەردانکردن ٣٠ مای، ٢٠٢١).

سەرپەرشتیاری لە پێشنووسی جاڕنامەکەدا نەگونجێندران ئەگەرچی گەلێک لێکدانەوەی پێوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دۆخی خەڵکی بەستراوە (پێشنیار کراو لە لایەن ئۆسترالیاوە) و پرەنسیپی جاڕنامەی ئاتلانتیکی تێدا بوون.

لە کۆتاییدا، دوای پێداگریی لێبڕاوانەی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە سانفرانسیسکۆ، چوار زلهێزەکان ئەوانیان وەک «ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان» پێناسە کردن، سەرەڕای هەموو ڕەخنەکانی وەفدەکانی وڵاتانی دیکە، بە تایبەتی بلژیک و میسر لە بارەی مەبەست، ئەندازە و جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکە (کاسەس ١٩٩٥، ٤١-٣٨). تەنانەت «نەتەوە» بە ناوی ڕێکخراوەکەوە زیاد کرا تا خۆی بە «ڕەوانبێژیی» سیاسیی دیاریکردنی چارەنووس وەک ڕێکخراوی پێشوو، واتە یەکێتیی نەتەوەکان، نەبەستێتەوە. پێشەکییەکە بەوە دەست پێدەکا «ئێمە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان [...]». بڕگەی ١(٢) ئاماژە بە دیاریکردنی چارەنووس وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە دەکا. دواتر، مافەکە لە ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافە مەدەنی و سیاسییەکان گونجێندرا. ئەوە پرۆسەیەکی گۆڕانی تەواو لە بانگەشەی مافی گەردوونی بوو، کە بە گوێرەی ئەو (فیش ٢٠١٥، ٩) هەموو خەڵکێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە.

سەرەتاکانی دەیەی دووهەم دوای دروست بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردەمی داوای کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم بوو، کە بوو بە هۆی پەسەندکرانی بڕیاری ئەنجومەنی گشتی بۆ جاڕنامەی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیکراو. گەلێک لە وڵاتانی ئەندامی هەنووکەیی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشتر کۆلۆنی بوون و پاش جەنگی

جیهانیـی دووهەم، داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسـیان وەدەسـتهێنا و، لەبەر ئـەو هۆیـە، بوونـە دەوڵـەت. گرینگتریـن فاکتـەری ئـەو پرۆسـەیە ئەوەیـە کـە سـنووره کۆلۆنیالییـەکان لەبـەر ئوتـی پۆسـیدێتیس (هـەر ئـەوەی ملْکـی تۆیە) ئاڵوگۆڕیـان بەسـەردا نەهـات. دیاریکردنـی چارەنووسـی ناوخۆیـی کۆلۆنییـەکان بـە تـەواوی پاشـگوێ خرا؛ واتـە، شـێوەی دەوڵەتدارییـان بڕیاری لەسـەر نەدرا. هەروەهـا، کەمینـە ئەتنیکی و نەتەوەییەکان لە پرۆسـەی ڕامالْینی کۆلۆنیالیزمی وڵاتـان و ناوچـەکان‌دا لەبـەر چـاو نەگیـران. بۆیـە بیرۆکـەی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە ڕاسـتیدا لـە کاتـی جێبەجێکردندا پێشـی پێ گیرا. کـوردەکان، کـە بەشـە خاکەکەیـان بـە جیا لـە کۆلۆنیالیـزم ڕزگاری بـوو، لەبەر سـەروەریی دەوڵـەت و دیاریکردنـی چارەنووسـی سـنووردارکراو بە هۆی خاکـەوە، دەرفەتی دیاریکردنـی چارەنووسـیان پـێ نـەدرا. ئێسـتا کـوردان بـە سـەر یەکـەی ڕزگار بـوو لـە کۆلۆنیالیزمـەوە دابەش بـوون کە مافـی دیاریکردنی چارەنووسـی ئەوان پێشـتر دەسـتەبەر کراوە. هەوڵەکانی دامەزراندنی کوردسـتانی خۆبەڕێوەبەر یان سـەربەخۆ بـە کۆمەڵکـوژی، هـەڵاواردن و سـەرکوت وەڵام دراونـەوە.

## دەرەنجام

ناسیۆنالیزم (هەستی نەتەوەیی) بناخەی دیاریکردنی چارەنووسە، کە بە هۆی ئەوەوە لە شوێنێک کە پێناسەی ئەتنیکی و سنوورەکانی دەوڵەت یەک ناگرنەوە، شوناسی زمانی، ئایینی و کولتووری دەردەبڕێت. لێنین و ویلسۆن، پێشکەشکاری دیاریکردنی چارەنووس بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەک چەمکێکی دژە کۆلۆنیالیستی و وەک ستانداردێک بۆ ڕزگار کردنی خەڵکانێک بوون کە بە زۆرەملی لە لایەن ئیمپراتۆرەکانەوە ژێر دەستە کرابوون. بۆ شێوازە گشتگرەکەی دیاریکردنی چارەنووسی ڕۆژاوای ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان، بە هۆی پێداگریی لەسەر دەوڵەتی نوێنەر و ئازادیی تاک، ئەتنیک گرینگ نەبوو. بەڵام بۆ جۆرە تایبەتییەکەی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا (سۆسیالیست)، ئەتنیک پرسێکی پێوەندیدار بوو (ماسگرەیف ۲۰۰۰، ۱۴-۵). شێوازە پێشووترەکانی دیاریکردنی چارەنووس پێشبینی دروستبوونی «دەوڵەت-نەتەوەی یەک چەشن لە ڕوانگەی ئەتنیکی-کولتووری» کردبوو (مەکوینی ۲۰۲۰، ۲).

لـە سـەدەی بیسـتەم دا، كـوردەكان وەک گەلێـک لـە ڕوانگـەی سیاسـیی ویلسـۆنییەوە دوای جەنگـی جیهانیی یەكەم سـەیر دەكران، بـەڵام لەو كاتی دا، چەمكـی دیاریكردنـی چارەنـووس لە ژێـر ڕووناكایی یاسـاییەوە جێبەجێ نەكرا. لـە پەیماننامـەی سـیڤەر دا، كـوردەكان ئاسـتێكی بـەرزی خۆبەڕێوەبەرییـان بە مەرجـی سـەربەخۆیی دواتریـان بـۆ دیاریكـرا، بـەڵام پەیماننامەكـە لـە لایـەن دەوڵەتانـی واژۆكار جێبەجـێ نەكـرا. پەیماننامـەی لـۆزان جێـگای پەیماننامـە جێبەجـێ نەكراوەكـەی، بـە بێ ناو بردن لە كوردان، گرتـەوە. لە پەیماننامەكانی ئاشـتی دا، گـەلان هیـچ دەرفەتێكیـان بۆ دركاندنی ویسـتی خۆیان پـێ نەدرا و هیچـكام لە هاوپەیمانانیش پێداگرییان لەسـەر دەوڵەتانـی نوێنەرایەتیكار نەكرد. پێش‌مەرجێـک لـە پەیماننامـەی لـۆزان دا بـۆ گۆڕینـەوەی تـورک و یونانـی لە نێـوان توركیـە و یونـان گونجێنـرا، كە بە بێ ڕاوێژی حەشـیمەتی ئامـاژە پێكراو جێبەجـێ كـرا (ئەڤبوری ١٩٩٤).[1] تەنانەت چاكسـازیی دێموكراتیكـی دەوڵەتیی لـە دەوڵەتـە تـازە دامەزراوەكانیـش‌دا لـە لایـەن هاوپەیمانانـەوە نەسـەپێنرا، ئەگەرچی بەشـێكیان لە پەیماننامەكان دەگەڵ توركیە، یوگۆسـلاڤیا، لەهسـتان، مەجارسـتان، ئوتریـش، ڕۆمانی، چێكوسـلۆڤاكیا و بولغارسـتان، ئەركدار كرابوون پشـتگیریی لـە مافەكانـی تاقمە كەمینـەكان بكـەن و بیانپارێزن.

دوای جەنگـی جیهانیـی یەكـەم، زلهێـزەكان بـە هـۆی گرینگیـی ئابـووری و سـتراتیژیكی كۆلۆنییەكانیـان، حەزێكـی كەمیـان بـۆ دیاریكردنـی چارەنووس هەبـوو؛ ئـەوە تەنیـا دروشـمێكی پڕۆپاگانـدا بۆكـراو بـوو، كـە وەک ئامرازێكـی فراوانخوازیی شـێوێندرا و كەڵكی لێ‌وەرگیرا. لە ڕاسـتیدا پرەنسـیپی دەسـەڵات جێگـرەوە و بڕیـاردەری چارەنووسـی خەڵک و خاک بـوو. ڕەزامەندیی زلهێزەكان بـۆ گۆڕینـی سـنوورەكان یـەكلا كـەرەوە بـوو. لـە سـەردەمی دوای جەنـگ، پاشەكشـە لـە دیاریكردنـی چارەنووسـی نەتەوەیی بـوو بە لەمپەر بۆ پرەنسـیپی

١. له لایەن هەوڵگریی وڵاتە یەكگرتووەكانەوە پێشنیار كرا.

دیاریکردنـی چارەنووسـی کوردان.

سـەروەریی دەوڵـەت و یەکپارچەیـی خـاک بە سـەر پرەنسـیپەکەدا زاڵ بوو و کـرا بـە شـتێکی پیـرۆز. ئەو سیسـتەمە تەنیا بـۆ لایەنە شکسـتخواردووەکان بـوو و بـۆ ناوچەکانـی ژێر دەسـەڵاتی سـەرکەوتووەکان جێبەجێ نەکـرا. چونکە دیاریکردنـی چارەنـووس دروشـمێکی بەتـاڵ بوو، گـۆڕدرا و بۆ گۆڕینـی پەرگالی جیهانـی و دەسـتەبەر کردنـی ئامانجە ئیمپریالیسـتییەکان کەڵکی لـێ وەرگیرا. دیاریکردنـی چارەنـووس زینـدوو مایـەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی لاوازکـراوی ناوخۆیـی لـە کەشـوهەوایەکی ناسیۆنالیسـتی دا (براونلی ۱۹۷۰، ۹۷). لـە کۆتاییدا، پرەنسـیپی دیاریکردنـی چارەنـووس سـەقەت کـرا و لـە بڕیارەکانـی یەکێتیـی نەتەوەکانـدا جێگیـر نەکـرا. بڕگـەی ١ی یەکێتییەکـە، لەبـەر ئـەوە کـە زۆر دەوڵـەت، بـە تایبەتـی زلهێـزە ئیمپراتورییەکانـی ئورووپـا، لـە مەڕ پێشـنیارەکە نادڵنیـا بـوون، جەختی لەسـەر ڕێز بـۆ یەکپارچەیی خاک کـردەوە (مانەلا ۲۰۰۷، ۶۱۰۶۰) ئەگەرچـی سیسـتەمی سەرپەرشـتیاریی نەتـەوە پێشـکەوتووەکان وەک متمانەیەکـی پیـرۆزی شارسـتانییەت لـە بڕگـەی ۲۲ بـۆ ئەو خەڵکانەی هێشـتا توانـای بەڕێوەبەریی خۆیان نییە، ڕاگەیەنرا. لـە کۆتاییدا، دیاریکردنی چارەنووس وەک یەکێـک لـە ئامانجەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکان، بێ ناچار کردنی یاسـایی ئەندامانـی بـۆ ڕەچاو کردنی پێشـەکییە هاندەرەکانی، پێناسـە کـرد. دیاریکردنی چارەنـووس بـوو بـە شـێوەیەک لـە خۆبەڕێوەبەریـی. بە پەسـەند کرانـی بڕگەی گشـتی ١ لـە بڕیارنامەکانـی مافەکانـی مـرۆڤ لـە ۱۹۶۶، پلـە و چوارچێـوەی دیاریکردنـی چارەنـووس بە شـێوەیەکی بەرچاو، لـە پرەنسـیپێکی کۆلۆنیالییەوە بۆ مافێکی پاشـکۆلۆنیال گۆڕا. بڕیارنامەکان مافەکەیان دا بە سـەرجەم خەڵکانی وڵاتانـی ئەنـدام. ئەو بڕیارەکانی جاڕنامەی نەتـەوە یەکگرتووەکانی ڕوون کردنەوە کـە بـە قازانجـی گەلانی ناسـەربەخۆ تەواو بـوو. گرووپـە نەتەوەییـەکان هیوادار بـوون بـە کەڵکوەرگرتن لـە دیاریکردنی چارەنووسـی دەرەکی بـە ئامانجەکانیان

بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە بە کردەوە بە واتای دیاریکردنی چارەنووسی ناوخۆیی لە جیات مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی بوو؛ لە تێئوریدا خەڵک ئیزنیان پێدرا شێوەی ئەو دەوڵەتە هەڵبژێرن کە ئەوان قەرار بوو لە ژێر دەسەڵاتی دا بژین. بۆ تاقمە نەتەوەییەکانی دیکە لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، چەمکی یاسایی-سیاسی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای بەرۆک گرتن بە داگیرکارانی ئیمپریالیستی لە وەڵاتی خۆیان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی هێزی بیانیی بوو. هەروەها دیاریکردنی چارەنووس بۆ خەڵکانی ناوچە کۆلنیکراوەکان و بە کردەوە کۆتایی هێنان بە کۆلۆنیالیزم بوو. کوردان نەکەوتنە چوارچێوەی کۆتایی هێنان بە کۆلۆنیالیزمیش، چونکە ئەوان لە ناوچەی جیاوازی کۆلۆنیکراو دا نەدەژیان؛ دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بە سەر ئەواندا بۆخۆیان دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکییان لەجیات ئەوان جێبەجێ کردبوو.

لە ژێر ئاڵوگۆڕە سیاسەکانەوە، کوردان لە ڕوانگەی ڕێژەوە لە ئەرمەنستان، ئێران، عێراق، سووریە و تورکیە کرانە کەمینە و هەنووکە مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهانن. بەو شێوەیە کوردستان بە شێوەیەکی کاریگەر دابەش کرا و، بێ بەشداریی کوردان سەروەریی دەوڵەت-نەتەوە تازەکان بە سەریاندا سەپێنرا. کورد، وەک کەمینە-خەڵک دانیان پێدا نەنراوە و لە زۆر دەوڵەتان دا نوێنەریان نییە. ئەو دەوڵەتانەی کوردان تیایاندا دەژین دەوڵەت-نەتەوەیان دروست کردن کە لەواندا فارس، عەرەب و تورک زاڵن و خۆیان وەک فارس، عەرەب و تورک پێناسە دەکەن. دوای هەشت دەیە لە سەرکوت لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، لە ٢٠٠٥ یاسای بنەڕەتیی عێراق تەنیا ناوچەی خۆبەڕێوەبەر بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی بۆ کوردان مسۆگەر کرد کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەچێ. کوردانی ڕۆژاوا (ڕۆژاوای کوردستان) هەنووکە شێوەیەک لە فیدراڵیزمی دێموکراتیکیان

ڕاگەیانـدووە کـە لـە دەرەوەی کۆنتڕۆڵـی دەوڵەتی سـووریە دایە. بـەڵام، تورکیە لـە ٢٠١٨ بـەولاوە لـە ئاکامی ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی، بەشـێک لـە ڕۆژاوای داگیـر کـردووە و، ناوچەکـە هێشـتا لـە ژێـر کۆنتڕۆڵی تورکیـە دایـە. دەوڵەتانی دیکـە شـێوازی دان پێدانەنـان بە جیاوازییـە ئەتنیکییەکانی دەوڵەتـی بەڕواڵەت یـەک چەشـنیان ڕەچـاو کردووە. بـەو ئامرازانە، کوردان لە مافی بەشـداریکردنی کاریگـەر لـە کاروبـارە گشـتییەکان و بڕیـار دان لەسـەر پرسـە پێوەندیـدارەکان بەوانـەوە بێبـەش کراون.

بوونـی ئـەو یاسـایە بـەو شـێوەی کە هەیـە، یان شـێوەی بـاوی کارپێکردن بـە دیاریکردنـی چارەنـووس بـۆ «هەمـوو خەڵکێـک»، مەتەڵێکـە بۆخـۆی. کورد دەبـێ بـە شـێوەیەکی ئایدیـال ببێتـە نموونەیەکـی گەلێکـی جیـاواز کە سـوود لـە دیاریکردنـی چارەنـووس بـە هـۆی نەتەوەبوونی باش پێناسـە کـراوی خۆی ببینـێ. دیاریکردنی چارەنووسـی ناوخۆیـی کوردان لە ڕوانگـەی خۆبەڕێوەبەریی سیاسـی یـان تەنانـەت یەکێتـی وەک نەتەوەیـەک، سـنووردار دەکا. تەواوێتیـی هەرێمـی و یاسـای پاراسـتنی سـنوورەکانی وڵاتێـک کـە لـە کۆلۆنیالیـزم ڕزگار دەبـێ، یـان پێداگریـی هەرێمـی لەسـەر دیاریکردنـی چارەنـووس، وەک بەربەسـتی جێبەجێکردنـی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـی ئـەوان سـەیر دەکرێـن. پاشەکشـەی دیاریکردنـی چارەنووس لە ١٩٢٠ـــەکان لە بڕیاری وڵاتە یەکگرتـووەکان بـۆ پشـت تێکـردن لـە کۆنفیدڕالیزمـی دێموکڕاتیکـی ڕۆژاوا، لە کاتـی دەسـدرێژیی تورکیـە لـە سـەدەمین سـاڵوەگەڕی پەیماننامەی سـیڤەردا دەنگـی دایـەوە. پشـت تێکردنـی ڕۆژاوا لـە گەلـی کـورد، عادەتێکـی دوور و درێـژی جیئۆپۆلیتیکییـە و تـا ئەمـڕۆ، کـورد کۆمەڵێکی وڵات لێ ئەسـتێندراون کـە لە چوارچێـوەی دەقاودەقـی دیاریکردنی چارەنووس دا، هێشـتا دۆخەکەیان دانـی پێـدا نەنـراوە و هێشـتا حاشـا لە بوونـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی خۆیان دەکرێـت. پرەنسـیپی یاسـایی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە بنەڕەتـدا هەڵەیە و،

بـە کـردەوە، لـە باشـترین دۆخدا پڕ کێشـەیە. بە ڕاسـتی، مـەودای هەنووکەیی دیاریکردنـی چارەنـووس لە تێگەیشـتن لە چۆنییەتیی هەڵسـوکەوتی بە کردەوە لەگـەڵ کـوردان بـێ توانایە.

# سەرچاوەکان

Ateş, Sabri. 2019. "Treaty of Zohab, 1639: Foundational Myth or Foundational Document?" Iranian Studies 52 (3–4): 397–423.

Avebury, Lord. 1994. "Self-Determination and International Law: The Kurdish Case." International Journal of Kurdish Studies 7 (1–2): 7–16.

Barfield, Thomas J. 2011. "Turk, Persian and Arab: Changing Relationships between Tribes and State in Iran and along its Frontiers." In Iran and the Surrounding World: Interactions in Culture and Cultural Politics, edited by Rudi Matthee and Nikki R. Keddie, 61–88. London: University of Washington Press.

Barten, Ulrike. 2015. Minorities, Minority Rights and Internal Self-Determination. London: Springer.

Beck, Peter J. 1981. "'A Tedious and Perilous Controversy': Britain and the Settlement of the Mosul Dispute, 1918-1926." Middle Eastern Studies

17 (2): 256–276.

Bell, Gertrude. 1927. The Letters of Gertrude Bell, vol 2. New York: Boni and Liveright, selected and edited by Lady Bell.

Bozarslan, Hamit. 1988. “Les Révoltes Kurdes en Turquie Kémaliste (Quelques Aspects).” Guerres Mondiales Et Conflits Contemporains 151 (6): 107–128.

Bozarslan, Hamit. 2003. “Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion (1919–1925).” In Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, edited by Abbas Vali, 163–190. Costa Mesa, CA: Mazda Publishers.

Brownlie, Ian. 1970. “An Essay in the History of the Principle of Self-Determination.” In Grotian Society Papers 1968, Studies in the History of the Law of Nations, edited by Charles H Alexandrowicz, 90–99. The Hague: Martinus Nijhoff.

Bulloch, John, and Harvey Morris. 1992. No Friends but the Mountains: The Tragic History of the Kurds. New York: Oxford University Press.

Burdett, Anita. 2015a. Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 1831-1979: British Documentary Sources, vol 5. Cambridge: Cambridge University Press.

Burdett, Anita. 2015b. Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 1831-1979: British Documentary Sources, vol 6. Cambridge: Cambridge University Press.

Burgis, Michelle. 2009. “Faith in the State - Traditions of Territoriality, International Law and the Emergence of Modern Arab Statehood.” Journal

of the History of International Law 11 (1): 37–79.

Cassese, Antonio. 1995. Self-Determination of Peoples: A Legal Reappraisal. Cambridge: Antonio University Press.

Castellino, Joshua. 2014. "International Law and Self-Determination Peoples, Indigenous Peoples, and Minorities." In Self-Determination and Secession in International Law, edited by Christian Walter, Antje V Ungern-Sternberg, and Kavus Abushov, 27–44. Oxford: Oxford University Press.

Catherwood, Christopher. 2004. Churchill's Folly: How Winston Churchill Created Modern Iraq. New York: Carroll and Graf Publishers.

Claude, Inis Lothair. 1955. National Minorities: An International Problem. Cambridge: Harvard University Press.

Cuthell, David. 2004. "A Kemalist Gambit: A View of the Political Negotiations in the Determination of the Turkish-Iraqi Border." In The Creation of Iraq, 1914-1921, edited by Reeva Spector Simon and Eleanor H Tejirian, 80–94. New York: Columbia University Press.

Dahlman, Carl. 2002. "The Political Geography of Kurdistan." Eurasian Geography and Economics 43 (4): 271–299.

Dockrill, Michael, ed. 1991a. Doc 34 11435 Memorandum British Delegation. Paris: 18 February 1919 British Policy in the Middle East, British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print, vol 11: The Turkish Settlement and the Middle East; the Far East, Part II: From the First to the Second World War Series I: The Paris Peace Conference of 1919. Frederick, Maryland: University Publications of America.

Dockrill, Michael, ed. 1991b. Doc. 50 11760(i) Minutes [Earl Curzon] 23 December 1919 Anglo-French Conference on Turkish Settlement: Third Meeting, 11.30 a.m. British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print. Vol. 11: The Turkish Settlement and the Middle East; the Far East, Part II: From the First to the Second World War Series I: The Paris Peace Conference of 1919. Frederick, Maryland: University Publications of America.

Dockrill, Michael, ed. 1991c. Doc. 18 11908 Memorandum Political Intelligence Department 21 November 1918 Settlement of Turkey and the Arabian Peninsula, British Documents on Foreign Affairs: Reports and Papers from the Foreign Office Confidential Print. Vol. 11: The Turkish Settlement and the Middle East; the Far East, Part II: From the First to the Second World War Series I: The Paris Peace Conference of 1919. Frederick, Maryland: University Publications of America.

Edmonds, Cecil John. 1957. "The Kurds of Iraq." Middle Eastern Studies 11 (1): 52–62.

Edmonds, Cecil John. 1971. "Kurdish Nationalism." Journal of Contemporary History 6 (1): 87–107.

Woodward, E. L., and Rohan Butler, ed. 1949. Documents on British Foreign Policy, 1919-1939, Series I, vol III, 1919. London: His Majesty's Stationery Office.

Eppel, Michael. 2016. A People Without a State: the Kurds from the Rise of Islam to the Dawn of Nationalism. Austin: University of Texas Press.

Eskander, Saad. 2000. “Britain’s Policy in Southern Kurdistan: The Formation and the Termination of the First Kurdish Government, 1918-1919.” British Journal of Middle Eastern Studies 27 (2): 139–163.

Eskander, Saad. 2001. “Southern Kurdistan under Britain’s Mesopotamian Mandate: From Separation to Incorporation, 1920-23.” Middle Eastern Studies 37 (2): 153–180.

Fisch, Jörg. 2015. The Right of Self-Determination of Peoples: the Domestication of an Illusion. Cambridge: Cambridge University Press.

Franco-Turkish Agreement Signed at Angora. Fr. and Tr., Oct. 20, 1921. http://www.hri.org/docs/FT1921/. (Accessed May 30, 2021.)

Fromkin, David. 2001. A Peace to End All Peace: The Fall of the Ottoman Empire and the Creation of the Modern Middle East. New York: Owl Books.

Fuccaro, Nelida. 2003. “Kurds and Kurdish Nationalism in Mandatory Syria: Politics, Culture and Identity.” In Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, edited by Abbas Vali, 191–217. Costa Mesa, CA: Mazda Publishers.

George, David L. 1918. British War Aims. New York: George H. Doran company.

Gong, Gerrit W., 1984. The Standard of ‘Civilization’ in International Society. Oxford: Clarendon Press.

Gorgas, Jordi Tejel. 2008. “Urban Mobilization in Iraqi Kurdistan during the British Mandate: Sulaimaniya 1918-30.” Middle Eastern Studies 44 (4): 537–552.

Gruen, George E. 2004. “The Oil Resources of Iraq: Their Role in the Policies of the Great Powers.” In The Creation of Iraq, 1914-1921, edited by Reeva Spector Simon and Eleanor H Tejirian, 110–124. New York: Columbia University Press.

Gunter, Michael M. 1990. The Kurds in Turkey: A Political Dilemma. New York: Westview Press.

Gunter, Michael. 1997. The Kurds and the Future of Turkey. New York: St. Martin’s Press.

Habibollah, Atarodi. 2003. Great Powers, Oil and the Kurds in Mosul: (Southern Kurdistan/Northern Iraq) 1910-1925. Lanham, Maryland: University Press of America.

Hannum, Hurst. 2011. Autonomy, Sovereignty, and Self-Determination: The Accommodation of Conflicting Rights, rev. ed. Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Helmreich, Paul C. From Paris to Sѐvres: The Partition of the Ottoman Empire at the Peace Conference of 1919-1920. Columbus: Ohio State University Press.

Heper, Metin. 2007. The State and Kurds in Turkey: The Question of Assimilation. London: Palgrave Macmillan.

Hussain, Fadhil. 1955. The Mosul Problem: A Study in Anglo-Iraqi-Turkish Diplomacy and Public Opinion. Indiana: Privately Printed.

Izady, Mehrdad. 1992. The Kurds: A Concise Handbook. New York: Taylor & Francis Inc.

Izady, Mehrdad. 2004. “Kurds and the Formation of the State of Iraq,

1917-1932." In The Creation of Iraq, 1914-1921, edited by Reeva Spector Simon and Eleanor H Tejirian, New York: Columbia University Press.

Jwaideh, Wadie. 2006, The Kurdish National Movement: Its Origins and Development. New York: Syracuse University Press 2006.

Kendal, Nezan. (1980) 1993. "The Kurds under the Ottoman Empire." In A People without a Country: The Kurds and Kurdistan, edited by Gerard Chaliand, 11–37. London: Zed Books Ltd.

King-Crane Commission. 1919., 28 August 1919, Submitted by Charles R Crane and Henry Churchill King, 28 August 1919. http://dcollections.oberlin.edu/digital/collection/kingcrane/id/578. (Accessed May 30, 2021.)

Khoury, Philip Shukry. 1987. Syria and the French Mandate: The Politics of Arab Nationalism, 1920-1945. Princeton: Princeton University Press.

Klein, Janet. 1996. "Claiming the Nation: the Origins and the Nature of Kurdish Nationalist Discourse." MA diss., Princeton University.

Koohi-Kamali, Farideh. 2003. The Political Development of the Kurds in Iran: Pastoral Nationalism. New York: Palgrave Macmillan.

Kurban, Dilek. 2020. Limits of Supranational Justice; The European Court of Human Rights and Turkey's Kurdish Conflict. Cambridge: Cambridge University Press.

League of Nations. 1925. Question of the Frontier between Turkey and Iraq, Report Submitted to the Council by the Commission instituted by the Council Resolution of September 30th, 1924. August 20. https://biblio-archive.unog.ch/Dateien/CouncilMSD/C-400-M-147-1925-VII_BI.pdf.

(Accessed May 30, 2021.)

Link, Arthur S., ed. 1984. The Papers of Woodrow Wilson, Volume 45, November 11, 1917-January 15, 1918. Princeton: Princeton University Press.

Lynch, Allen. 2002. "Woodrow Wilson and the Principle of "National Self-Determination: A Reconsideration." Review of International Studies 28 (2): 419–436.

Major Lloyd, H. I. 1926. "The Geography of the Mosul Boundary." Geographical Journal 68 (2): 104–113.

Manela, Erez. 2007. The Wilsonian Moment: Self-Determination and the International Origins of Anticolonial Nationalism. New York: Oxford University Press.

Mango, Andrew. 1999a. Ataturk: The Biography of the Founder of Modern Turkey, 1st ed. London: John Murray.

Mango, Andrew. 1999b. "Atatürk and the Kurds." Middle Eastern Studies 35 (4): 1–25.

McDowall, David. "The Kurdish Question: A Historical Review." In The Kurds: A Contemporary Overview, edited by Philip G Kreyenbroek and Stefan Sperl, 8–25. New York: Routledge.

McDowall, David. 2003. Modern History of the Kurds. New York: IB Tauris.

McWhinney, Edward. 2002. Self-Determination of Peoples and Plural-Ethnic States: Secession and State Succession and the Alternative, Federal Option. Leiden Martinus Nijhoff.

Mella, Jawad. 2005. Kurdistan and the Kurds: A Divided Homeland and a Nation without State. London: Western Kurdistan Association Publications.

Michael. 2016. The Kurds: A Modern History. Princeton: Markus Wiener Publishers.

Musgrave, Thomas D. 2000. Self-Determination and National Minorities. Oxford: Oxford University Press.

O'Ballance, Edgar. 1996. The Kurdish Struggle. London: Palgrave Macmillan.

O'Shea, Maria Theresa, ed. 1992. Kurdistan, Economic and Political Potential. London: School of Oriental and African Studies.

O'Shea, Maria Theresa. 2004. Trapped between the Map and Reality: Geography and Perceptions of Kurdistan. London: Routledge.

Olson, Robert W, and William F. Tucker. 1978. "The Sheikh Sait Rebellion in Turkey (1925): A Study in the Consolidation of a Developed Uninstitutionalized Nationalism and the Rise of Incipient (Kurdish) Nationalism." Die Welt des Islams 18 (3/4): 195–211.

Olson, Robert. 1987. "The Second Time around: British Policy toward the Kurds (1921–22)" Die Welt des Islams 27 (1): 91–102.

Olson, Robert. 1989. The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925. Austin: University of Texas Press.

Olson, Robert. 1992. "Battle for Kurdistan: The Churchill-Cox Correspondence Regarding the Creation of the State of Iraq, 1921-1923." Kurdish Studies 5 (1–2): 29–44.

Özoğlu, Hakan. 2001. "'Nationalism' and Kurdish Notables in the Late Ottoman–Early Republican Era." International Journal of Middle East Studies 33 (3): 383–409.

Palmer, Alan. 1994. The Decline and Fall of the Ottoman Empire. New York: Barnes and Noble.

Pasha, Sherif, 2001. "Memorandum on the Claims of the Kurd People." International Journal of Kurdish Studies 15 (1/2): 131–136.

PCIJ Report, 1925. Article 3, Paragraph 2, of the Treaty of Lausanne (Frontier between Turkey and Iraq) (Advisory Opinion), Series B: Collection of Advisory Opinions (1923-1930). https://www.icj-cij.org/public/files/permanent-court-of-international-justice/serie_B/B_12/01_Article_3_du_traite_de_Lausanne_Avis_consultatif.pdf. (Accessed June 26, 2021.)

Reynolds, Michael A. 2017. "The Ends of Empire Imperial Collapse and the Trajectory of Kurdish Nationalism." In Regional Routes, Regional Roots? Cross-Border. Patterns of Human Mobility in Eurasia, edited by So Yamane and Norihiro Naganawa, 31–48. Sapporo: Hokkaido Slavic-Eurasian Research Center.

Romano, David. 2006. The Kurdish Nationalist Movement: Opportunity, Mobilization and Identity. Cambridge: Cambridge University Press.

Savelsberg, Eva. 2014. "The Syrian-Kurdish Movements: Obstacles rather than Driving Forces for Democratization." In Conflict, Democratization, and the Kurds in the Middle East: Turkey, Iran, Iraq, and Syria, edited by David Romano and Mehmet Gurses, 85–107. New York:

Palgrave Macmillan.

Shields, Sarah D., 2011. Fezzes in the River: Identity Politics and European Diplomacy in the Middle East on the Eve of World War II. Oxford: Oxford University Press.

Sluglett, Peter. 2007. Britain in Iraq: Contriving King and Country. London: IB Tauris.

Soleimani, Kamal. 2014. Islam and Competing Nationalisms in the Middle East, 1876-1926. New York: Palgrave Macmillan.

Sterio, Milena. 2013. The Right to Self-Determination under International Law: "Selfistans", Secession and the Rule of the Great Powers. London: Routledge.

Strohmeier, Martin. 2003. Crucial Images in the Presentation of a Kurdish National Identity: Heroes and Patriots, Traitors and Foes. Leiden: Brill.

Susan Pedersen, "Getting out of Iraq—in 1932: The League of Nations and the Road to Normative Statehood." American Historical Review 115 (4): 975–1000.

Tejel, Jordi. 2009. Syria's Kurds: History, Politics and Society. New York: Routledge.

Tejirian, Eleanor H. 2004. "The United States, the Ottoman Empire, and the Postwar Settlement." In The Creation of Iraq, 1914-1921, edited by Reeva Spector Simon and Eleanor H Tejirian, 146–161. New York: Columbia University Press.

"The Atlantic Charter," August 14, 1941, Declaration of Principles

issued by the President of the United States and the Prime Minister of the United Kingdom, https://www.loc.gov/law/help/us-treaties/bevans/m-ust000003-0686.pdf.

Treaty of Peace with Turkey, B.E. -Fr.-It.-Jp.-Am.-Bel.- Gr.-The Hed.-Pol.-Por., Rom., the Serb-Croat-Slovene State, Czecho-Slovakia and Tr., Aug. 10, 1920, Treaty Series 11. H.M.S.O. https://treaties.fco.gov.uk/awweb/pdfopener?md=1&did=63986.

Treaty of Peace with Turkey, B.E., Fr., It., Jp., Gr., Rom., the Serb-Croat-Slovene State and Tr., Jul. 24, 1923, Treaty Series 16. H.M.S.O. http://foto.archivalware.co.uk/data/Library2/pdf/TS0016.1923.pdf.

Üngör, Ugur Ümit. 2012. The Making of Modern Turkey: Nation and State in Eastern Anatolia, 1913-1950. UK: Oxford University Press.

Van Bruinessen, Martin. 1992. Agha, Shaikh, and State: The Social and Political Structures of Kurdistan. London: Zed books.

Wagner, Heather Lehr. 2004. The Division of the Middle East: The Treaty of Sèvres. New York: Chelsea House Publishers.

Wagner, Heather Lehr. 2009. Iran; Creation of the Modern Middle East, 2nd ed. New York: Chelsea House Publishers.

Whelan, Anthony. 1994. "Wilsonian Self-Determination and the Versailles Settlement." International and Comparative Law Quarterly 43 (1): 99–115.

Whitehall, Deborah. 2016. "A Rival History of Self-Determination." European Journal of International Law 27 (3): 719–743.

Wilson, Arnold T. 1931. Mesopotamia, 1917-20: A Clash of Loyalties:

A Personal and Historical Record. London: Oxford University Press.

Wilson, Woodrow. 1916. "Address delivered at the First Annual Assemblage of the League to Enforce Peace: 'American Principles.'" The American Presidency Project. https://www.presidency.ucsb.edu/node/206570. (Accessed June 8, 2021.)

Wilson, Woodrow. 1966. The Papers of Woodrow Wilson. Princeton: Princeton University Press.

Yadirgi, Veli. 2017. The Political Economy of the Kurds of Turkey: from the Ottoman Empire to the Turkish Republic. Cambridge: Cambridge University Press.

Yeğen, Mesut. 2011. "The Kurdish Issue in Turkey: Denial to Recognition." In Nationalisms and Politics in Turkey: Political Islam, Kemalism, and the Kurdish Issue, edited by Marlies Casier and Joost Jongerden, 67–84. London: Routledge.

Yergin, Daniel. 2011. The Prize: The Epic Quest for Oil, Money and Power. , New York: Free Press.

Zürcher, Erik J. 2014. The Young Turk Legacy and Nation Building: from the Ottoman Empire to Ata*tü*rk's Turkey. New York: IB Tauris.

Archival Sources

Foreign Office and Foreign and Commonwealth Office Records from 1782 (FO).

له ئاگوستی ۱۹۲۰، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم و پشتڕاستکردنەوەی حەزی هاوپەیمانان لەمەڕ مافە نەتەوەییەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس، چارەنووسی سیاسیی نەتەوەی کورد، دەگەڵ خاکەکەی، کوردستان، لە مەترسیدا بوون. بە گوێرەی پەیماننامەی سیڤەر، کورد وەک یەکەیەکی ئەتنیکی-سیاسی لە ڕوانگەی ویلسۆنییەوە ددانیان پێدانرا، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی دیاریکردنی چارەنووس، لە جێبەجێکردن وەک مافی تەواو یاسایی بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی شکستی هێنا. لەبەر ئەو هۆیە، بە دەوڵەت بوونی کورد هەڵوەشێنرایەوە. بە پێچەوانە، دیاریکردنی سنوورەکانی دەوڵەتان لە ئورووپا زۆربەیان بە لەبەرچاو گرتنی هێڵە نەتەوەییەکان جێبەجێ کرا.

ئاکامەکەی بۆتە فرەچەشنییەکی لەرزۆک لە سەرانسەری ئەو ناوچانەی کە جەنگ کاریگەریی لەسەریان هەبوو، بە چەند شێوازی دیاریکردنی چارەنووس، کە دەیسەلمێنێ بە دەوڵەتبوونی هێندێک نەتەوە لە ئەوانی دیکە کەمتر ڕەوایی پێدراوە. کشانەوەی هێزە ئیمپراتورییەکان و بە دوایدا یەکێتیی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی هەرێمی، ئاکامی سیاسەتی ئیمپریالیستی بوو بۆ داڕشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی. بە پەسەند کردنی دیاریکردنی چارەنووس وەک یەکێک لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ۱۹٤٥ و، بە چەسپاندنی دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی یاسایی لە ۱۹٦٦ و بەدوای ئەودا هەڵمەتی هەڵوەشاندنی کۆلۆنیالیزم، دەبێ بڵێین دۆخی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهات و بە جۆرێک لە لایەن یاسای مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەو شێوەیە کە جێبەجێ کرا، لەبەرچاو نەگیرا.

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
www.govartishk.com